کتێبی "شەوانی بۆن و سەفەر" نووسینی نووسەری خۆشقەڵەم، "فەڕۆخ نێعمەتپوور" ە کە کۆی ١٣ کورتە چیرۆکی لە خۆ گرتووە. فەڕۆخ ئەزمونی ئەم چیرۆکانەی بەدەم ڕێگای ژیانەوە کۆکردوەتەوە و، پاشان کراونەتە تابلۆی چیرۆک و پێشکەشی هۆگرانی چیرۆک و ئەدەب کراوە .

---

# شەوانی بۆن و سەفەر

## (کۆمەڵە چیرۆک)

## فەڕۆخ نێعمەتپوور

**2010**

**بابەت: کتێب**

**ناوی بابەت: شەوانی بۆن و سەفەر**

**تیراژ: 500**

**ژمارەی سپاردن:**

**چاپخانە:**

**ناوەڕۆک:**

**ـ مێشولە تەنیاکان .................... 5**

**ـ شەوانی بۆن و سەفەر ............11**

**ـ ساڵی دووانی پەڕەسێلکە ........ 20**

**ـ پەیکەرەکەی ناو بەفر و باران...30**

**ـ رۆژژمێری تێکۆشەرێک ........ 36**

**ـ شار لە کوێیە؟ ......................40**

**ـ ئازاری نینۆک ..................... 45**

- رزگارم دەبێ! .................... 51.

- دڵتەنگی ............................59

- دەفتەرە زستانییەکە ............ 66

- ئەو نەیدەزانی ................... 73

- هەر لەوێیە .........................79

- کۆڵانی تۆزاوی .................. 84

**مێشولە تەنیاکان**

بۆنی ئێرە جۆرێکی ترە. بۆنێکی تیژ و بەردەوام کە دەڵێی لە هەموو شتێک ئاڵاوە. نا! یان دەڵێی ئەوە شتەکانن ئەم بۆنەیان لێ دەبێتەوە. شتەکانی تێک ئاڵاوی بۆن. ئەگەر تەنانەت دەرگا و پەنجەرەکان چوارتاقیش بکەیتەوە، ئەم بۆنە هەر ناڕوات. رەنگە کاتی خۆی لە گەڵ مەلات و قوڕی ئەم بینایە تێکەڵ کرابن. ئەم نازانێ بۆنەکەی داخۆ پێ خۆشە یان ناخۆش. گرنگ نیە. ئەمیش هەر وەک هەموو بۆنەکانی تری ئەم دونیایە. پێی وانیە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ یەکتر هەبێت. بۆن، تەنیا بۆنە. وەک دونیا کە تەنیا دونیایە. یان وەک خۆی کە تەنیا خۆیەکە لە ناو بەتاڵایی رێگاکان و ژوورەکاندا.

بەڵام بیری ئەم بۆنە وازی لێ ناهێنێ. جارجارە لووتی بۆ بەرز دەکاتەوە، یان دەیکێشێ و بە پرسیارەوە هەڵیدەمژێ. شتێکی تازەی تێدا نیە. هەر وەک تاوێک یان چەند رۆژ لەوە پێشە. جارجارە لە

بۆنی قەحبەخانەکانی تورکیا دەکا. بۆنێک وەک تێکەڵێک لە دووکەڵی جگەرە و ئارەقی لەش و ئاوی رژاو و ئەو ژوورانەی کە کەمتر هەتاویان تێ دەکەوێت. ژوورەکانی کۆڵانەکانی تەنگ و بەرزایی.

نازانێ ئەمشەو خەوی لێ کەوتووە یان نا. لە بیری نایەت. لە پەنجەرە چڵکنەکەوە سەیری دەرەوە دەکات. ئاسمان و نووکی درەختەکان خەریکی بۆن کردن بە یەکترەوەن. هەوا مەندە.

لە دەرگا دەدرێ.

ـ بریک فەست! بریک فەست!

دیسان کاتی نان خواردنە. ناشتایە. هەستێ یان هەڵنەستێ. نازانێ. ئەوەندەی پێ ناچی کە دەنگی پێی پەنابەرەکان لە داڵان دەئاڵێ. خەریکن دەچن بۆ ئاودەست. دەم و چاو دەشۆن و دەیانەوێ بچن بۆ ناشتا. ئا! ئاودەست. رەنگە ئەم بۆنە بۆنی ئاودەست بێت. بەڵام نا تەنیا ئاودەست نیە. رەنگە بۆنی ئاوی دەستپەڕی ناو حەمام و ئەو ژوورانەی کە کەمتر هەتاویان تێ دەکەوێ.

لەوەتەی هاتووە بۆ ئێرە خۆی نەشۆردووە. رەنگە سێ یان چوار رۆژ دەبێت. تاقەتی نیە. سەر بە ژێر لێفەکەیەوە دەکا. بۆنەکە لە ژێر پەتووەکەدا خەستترە. لووتی بە قێزەوە، بە لەززەتەوە هەڵیدەمژێ!

چی بکا چی نەکا؟ دیسان سەیرێکی پەنجەرەکە دەکاتەوە. کتوپڕ شتێکی بچوک سەرنجی رادەکێشت. لێی ورد دەبێتەوە. شتێکە وەک مێشولە. ئا، مێشولەیە. دێتەوە بیری کە دوێنێکە هەندێک لە پەنابەرەکان لە ژێر دارەگەورە و جوانەکەی حەوشێ باسی مێشولە و مێشیان دەکرد. دەیانگوت سەیرە لەم وڵاتە مێش و مێشولە نابینرێ، ئەگەرچی هەوا گەرمیش بووە. قەدەرێک لە مێشولەکە رادەمێنێ. رەنگە ئەم بۆنە بۆنی مێشولەش بێت. کێ چوزانێ. گەر ئەمجارە مێشولەی کوشت حەتمەن بۆن بە لاشەکەیەوە دەکا.

دیسان گوێی لە دەنگی پێیە. پەنابەرەکان پەلەیانە. ئەم تاقەتی نان خواردنی نیە. دەست بۆ مێزە کۆنەکەی تەنیشتی دەبا. جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. دڵنیا لەوەی کە تاگۆرەوییە پێچراوەکەی دەوری ئالارمەکە ناهێڵێ ئالارمەکە بکەوێتە هات و هاوار و زیقە زیق، مژێکی قوڵ لە جگەرەکەی دەدا. ناکرێ دونیا هەر ئاوا بڕوات. مەگەر مرۆڤ چەندە دەژی؟ دەبێ بیرێک بکاتەوە. دەبێ چارەیەک بدۆزێتەوە. وەرگرتن هەتا دێت زەحمەتتر دەبێت. تەمەنی لە سییەکاندایە و تا ئێستاش دوو ساڵی هەروا لەم وڵاتەو وڵات بە بێ هیچ ئاکامێک تێپەڕ کردووە. دەکەوێتە سەر تەنیشت. ئێستا باشتر هەست بە قورسایی ژمارەکان دەکا. سی، ئەگەرچی زۆر نیە، بەڵام نیوەی ڕێگایە. کتوپڕ رادەچەنێت. لە سەر جێگاکەی دادەنیشێت. چار نیە، دەبێ رێگایەک بدۆزێتەوە. گوتوبوویان گەر زیرەک بیت ژنێک دەدۆزیتەوە! ژنە پیرەکانی ئەم وڵاتە تەنیان. وەک داربەڕوەکانن، لە دوورەوە وادەردەکەوێ کە پێکەوەن، بەڵام لە راستیدا لە یەکتر دوورن، جاری وایە زۆر دوور. تەنانەت لکەکانیشیان لە یەک نائاڵێ. ئەمەی لە پەنابەرێکی کۆن بیستبوو. ئا ژنێکی پیری بە تەمەن. جگە لەوە وەردەگیرێی، نانیشت دەکەوێتە رۆن. دەولەمەندن. ئیدی هەم نانە و هەم .... بزەیەک دەیگرێ. دەچێتە بەر ئاوێنەکە. هێشتا زۆر خراپ نیە. دەبێ! ئەگەرچی تاڵە سپیەکانی لاسەرووی لاجانگی سەرنجی رادەکێشن و چاو خەریکی خۆدزینەوەیە لێیان.

بە ئارامی دەچێ بۆ ئاودەست و حەمام. ئیدی بیری بۆن و مێشولەی نیە. جوان جوان ریش دەتاشێ. جل و بەرگە هەرە باشەکەی لە بەر دەکا و دێتە خوار. دەمێکەیە ناشتا تەواو بووە. پەنابەرەکان لێرە و لەوێ بە تەنیا یان کۆ راوەستاون و بە شتێکەوە یاخود بە هیچەوە سەرقاڵن. چاوی بە دوو کچی پەنابەر دەکەوێ. دەڵێن ئەمانە باشتر وەردەگیرێن. چ دەبێ کە یەکێک لەمانە ساز کا. نابێ! لە ژێر تەمەنی هەژدەوەن و پارەشیان نیە. جگەرەیەکی دی دادەگیرسێنێ. لێرەوە تا دەریا چارەکە سەعاتێک رێیە. ئەمەی لە یەکێک لە پەنابەرەکان بیستبوو. گوتوبوویان گەر هەتاو بێت، ژنە بە تەمەنە تەنیاکان لەوێن. دێن. بە ریز. تەنیا. بە راخەرێک یان کورسییەک و بتڵیک ئاوەوە. رووت رووت رادەکشێن و تەنیا چاوەڕوانن. بزەیەک دەیگرێ. قەراغ ئاو و دەریا ئەو شوێنەن کە سی ساڵی دواتری تەمەنی لەوێیە.

داگەڕا، ئەوەندەی نەخایاند کە دەریا لە دوورەوە خۆی نیشان دا. سکی کەوتە قۆڕە قۆڕ. جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند.

ڕێک وابوو کە بۆی باس کرابوو. ڕۆژێکی هەتاویی و ئەو ژنە تەنیایانەی کە بە ڕاخەرێک و بتڵێک ئاو و چاویلکەیەکی ڕەشەوە خەریکی ڕۆژنامە خوێندنەوە بوون! بزەیەکی هاتێ. ڕەنگە ئەم چاویلکانە جیاواز بن. چاوی جوان گێڕا. دوو کچی جوان گێڕا. دوو کچی یەکجار جوان، بە پێستێکی چەشنی تیشک، تەنیا بە شۆرتەوە، ڕێک لە قەراغ ئاوەکەدا ڕاکشابوون. چەند تەزوویەکی سەیر بە لەشیدا گەڕا. هێشتا دوو هەنگاو نەڕۆیشتبوو کە بیری کەوتەوە "پیر و بە تەمەنەکان!". ڕاوەستا. بینینەوەی چەند ئاسان بوو. لەولاترەوە ڕێک لەو جێگایەدا کە دوو باڵندەی دەریایی خەریکی چنینەوەی بەرماوە بوون، ژنێکی پیر لە سەر کورسیەک بە چاویلکەی ڕەشەوە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوو. بەرەوڕووی چوو. کەمێک لەولاترەوە بە ئارامی دانیشت. ئەم نە ڕاخەری پێ بوو و نە بتڵی ئاو و نە ڕۆژنامە و چاویلکەیەکی ڕەش. دڵەراوکەیەک دایگرت. ترسێکی نەرم. بەڵام جگەرەی پێ بوو. پاکەتەکەی کە لە جگەرە هەرزانەکانی کەبابیەکانی ناو شار بوو و بە قاچاغ و بە ڕەش دەفرۆشرا، دەرهێنا و بە فیزێکەوە وەها کە سەرنج ڕاکێش بێت جگەرەیەکی بە گۆشەی لێویەوە ناو و دایگیرساند. بای دەریا دووکەڵی شینی جگەرکەی خێرا برد و ونی کرد. بیری کردەوە بریا دووکەڵەکە پێش ون بوون بۆ چەند ساتێک لە ڕوخسار و قژی ئاڵابا، ئەوکات ون بایە. دانیشت. دیسان هەر دانیشت. جارجارە لایەکی دەکردەوە. چاویلکە پیرەکە هەر خەریکی خوێندنەوە بوو. کە زانی زۆر ئاگای لەم نیە، ئەوجار بە وردی لێی ڕووانی. پێستێکی قاوەیی و سووتاوی بەر هەتاو کە شل و گنج گنج سەرتاپای جەستەی داپۆشیبوو. بیری کردەوە کە گرنگ نیە. خۆ قەرار نیە تا ئەبەد لە گەڵی بژی. جگە لەمە شەوانە دەتوانێ گڵۆپەکە بکوژێنێتەوە. تەنیا هەست بە گەرمایی لەشی بکا بەسیەتی!

جگەرەیەکی تری داگیرساند. دەبێ کارێک بکا، بەڵام چی؟ ... چی بکا؟ نە زمان دەزانێ و نە ... هاتەوە بیری کە چەند کەلیمەیەک و چەند ڕستەیەک ئینگلیزی دەزانێ. جگەرەکەی بە پەلە کوژاندەوە و دوای ئەوەی لە زەینی خۆیدا چەند جارێک ڕستەکەی هێنا و برد، هەستایە سەر پێ و بەرەوڕووی پیرەژنەکە چوو. لە کاتێکدا پاکەتەکەی لە بەر دەمی ژنەکەدا ڕاگرتبوو، گوتی:

ـ هاو ئار یو؟ لایک یو سیغار؟

ژنەکە سەری بەرز کردەوە. ئەم چاوی نەدەدیت.

ـ نەو، سەنک یو!

درێژەی بە خوێندنەوە دایەوە.

ـ لایک، ... لایک، ... هین!

ژنەکە جارێکی دی سەری بەرز کردەوە. ئەم پاکەتەکەی ئارام خستە گیرفانی و گەڕایەوە.

لە سەر جێگاکەی دانەنیشت، بەڵکو راوەستا. قەت ئەوەندە هەستی بە داماوی خۆی نەکردبوو. دەستی بە دەم مژ لێدانەوە دەلەرزی. سەیرێکی دەریای کردەوە. لەو بەرەوە کەشتییەک تازە وەڕێ دەکەوت. ئارام رێگای کەمپی گرتەوە بەر. بیری بۆنی ناو ژوور و بیناکە و تاقە مێشولەی سەر پەنجەرەکە بزەیەکی خستە سەر لێو. گەر بگاتەوە، بێ گومان لە مێشولەکە دەپرسێ نارەحەت نیە لەوەی کە کەم دەژی.

**شەوانی بۆن و سەفەر**

لەو کاتەوە ئەو رۆیشت و دایکی، نەمامی پرسیارێکی ئەبەدی لە کۆنە باغی مێشکیا چێندرا، ئەم هەموو شەوێ تا دوو جار بۆنی بە ئاسمانەوە نەکردایە، خەوی لێ نەدەکەوت. پرسیارەکە ئێستا ئیتر بووەتە بەشێکی ژیانی رۆژانە، ئەندامێکی بنەماڵەیە، لە گەڵیاندایە: "هەواڵێکت لێ نەزانی؟" باوکیشی بە دەم و چاوێکی گرژەوە چەند داماوانە سەیری دایکی دەکرد. لە گەڵ ئەم پرسیارە بوو کە ئیدی زانی باوکیشی دەتوانێ چەند دۆش داماو و بێ هێز بێت. ئەم پرسیارە هەیمەنەی باوکی شکاند، بەڵام رێزی نەشکاند. باوکی لەمە بەدوا بۆ ئەو تەنیا پەیکەرێکی تووڕەیی بوو کە بە گژ وشەدا دەچووەوە. پەیکەرێک، کە جاری وابوو بە نهێنیش دەگریا. ئەم دیتبووی.

ئەرێ! تا دوو جار بۆنی بە ئاسمانەوە نەکردایە خەوی لێنەدەکەوت: جاری یەکەم پێش نانخواردن و جاری دووهەم دوای نانخواردن کاتێک لە ناو جێگاکەیدا بوو لە سەر بان. ئەو دەڵێ ئاسمان بۆنی هەیە، بۆنێک وەک غوربەت و کۆچ. بۆنێکی بێ کۆتایی کە بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوەو بەردەوامیش خۆی لە کۆتاییەکاندا بزر دەکا. ئەو پێی وایە کە ئەم بۆنە وەک خۆشەویستیە، تا تێی نەکەوی نازانی چیە. نە تێی دەگەیت و نە هەستی پێ دەکەیت. بەڵام بەو جیاوازییەوە کە ئەم بۆنە بەردەوام تۆ بۆ خۆت دەگەڕێنێتەوە، خۆتێک لە تەنیایدا.

کاتێک ئێوارە دادێ و بەرەوماڵ دەبێتەوە، بیر لەو بۆنە دەکاتەوە. چونکە لە داڵغەدایە، هەموو شتێ دەبینێ و هیچ شتێکیش نابینێ. هەموو شتێک خێرا تێپەڕ دەبێ و ئەو دیسان وەک سەدان و رەنگە هەزاران شەوی لەوە پێش، خۆی لە ماڵەوە لە سەربان دەبینێتەوە. لە رێوە دەچێتە سەر بانی و پاش ماوەیەک دێتە خوار. دایکی پێی وایە عاشقی کچێکی جیرانە، بۆیە بە بزەوە دەڵێ: "بە قوربانت بم بۆ پێم ناڵێی؟" شوانە بە سەرسوڕمانەوە سەیری دایکی دەکا و خێرا داوای نانی شێو دەکا. دایکی چاو لە کچەکانی دەقرتێنێ و دەڵێ: "بەردەوام برسیەتی و کەچی هیچی واش ناخوا!". خوشکەکانیشی بۆ چەند ساتێک بیر لە عەشقی براکەیان دەکەنەوە و بۆ ماوەیەک لێی رادەمێنن. هەستی پێ دەکەن و هەستی پێ ناکەن. هەست بە هیچ دیاردەیەکی سیحراوی ناکەن. هەموو شتێک لە بەر چاویاندا وەک رۆژانی پێشوە. براکەیان خێرا دەچێتە ژوورەوەو رادیۆکە هەڵدەکا و پاش جیق و فیقیکی هەندێک درێژ خایەن گوێی پێوە شەتڵ دەدا. دەنگێکی نێرینە بە ئاستەم ژوورەکە لە خۆدەگرێ. دوای ماوەیەک رادیۆ تەواو دەبێ و سفرە رادەخرێ. شوانە ئەوسا لەو دیو پەنجەرەکان دەڕوانێ. باوکی بە دەم هەڵقوڕانی چایەکەوە باسی کاسبی و بازاڕ دەکا. گلەیی و گازندە بێ کۆتاییە. شوانە لە بەر خۆیەوە دەڵێ: "وەک ئاسمان". ئەو هەموو ئەستێرەیە چەند سادە و ساکار و بچکۆلەن! ئەوسا دەچێتە دەرەوە. باوکی روو لە دایکی شوانە دەکا و دەڵێ خەریکە وەڕەزم دەکا. دایکی دەڵێ گەنجە و لێی گەڕێ، بەس نیە لە سەر بانی زیاتر بۆ هیچ شوێنێکی دیکە ناچێ! باوکی سەر با دەدا و دەڵێ گەنجیەتی قەت فلسێکی نەهێناوەو تەنیا دڵی خۆ خۆشکردنەو بەس. شوانە دەچێتەوە سەربان. ئێواران چونکە ماندووە زۆر هەست بە بۆنی ئاسمان ناکا. رۆژ دادەچێ و ئاسمان رەنگی هەڵدەبزرکێ. هەوا فێنک دەبێ و گەردو تۆزی هەوا لە دووردەستەکاندا دەنیشێتە سەر زەوی. هەراوهوریای باڵندەکان روو لە کزییە. لێرەو لەوێ شوانە هەست بە بۆنی ئاسمان دەکا. سەرەتا زۆر خێرا سەر هەڵنابڕێ. ئارام ئارام و بە شێنەیی، شینایی بەرینی ئاسمان کە لە قەراغەکاندا سپییە نیگای هەڵدەلووشێ. بۆن ئەو کاتەیە دەنگ نامێنێ. بۆن ئەو کاتەیە هەموو دەنگەکان بە کۆتایی خۆیان گەیشتوون. دەنگ لە دەرەوەیە و بۆن لێرە لە دەروون. دەنگ لە ئاسمانەوە دێت و بۆن لە دەروونەوە بەرەو ئاسمان. هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ. جەستەی دەکێشێ. هەموو

شتێک ئاسمان و ئاسمان هەموو شتێک. "لەو دوورەدەستانە چ خەبەرە؟" بۆن دەڵێ بۆن. دوا قریوەکانی دەنگی منداڵانی گەڕەک لە گەڵ جریوە جریوی چۆلەکە پاسارییەکان جاروبار هەوا دڕدەدەن. دەنگی تەقەی پیاڵە و ژێر پیاڵە و کاسە و کەوچک، زەرباهەنگی ئەم دیمەنەن. چەند گریە هێنەرن! شوانە جاری وایە حەز دەکا سەر داخاو چۆک دابدات!

چۆک دادەدات. گوێی لێیە. پشیلەکانی ناو زبڵ و کۆڵانە خۆڵاوییەکان خۆیان دەکێشنەوە و لە بیری راوی شەودان. رەنگە ئاسمانی بێ کۆتایی داڵدەیەکی باش بێت. بێ کۆتاییەکان پڕن لە بیانوو، پڕن لە هۆ. بیانوو بۆ هەموو شتێک و هۆ بۆ هەموو شتێک. پشیلە لە ئاسمانی سەر سەری بە شەو دڵنیایە. زەوی بەردەم رەق و ئاسمان دەستەمۆ. شوانە بیر لە هەنگاوی نەرمیان دەکاتەوە. چ ئارام بڕۆن چ بە هەڵاتن، دەنگ چییە نایبیستی. شوانە ئاسمانێک پڕ لە پشیلە دەبینێ. پشیلەکانی هەڵاتن و راوە بێ کۆتاییەکان. کە لە بۆن کردنی دەوری یەکەم و چۆک دادان دەبێتەوە، ئیدی نە دەنگی منداڵ ماوەو نە دەنگی چۆلەکە و نە کرتەی ئێسکی پشیلە سرکەکان. دایکی لە بەر پێ پلیکانەکانەو هاواری لێدەکا: "رۆڵە ئیتر چاو بڕناکا، وەرە خوار!" شوانە دێتە خوار. نەک لەبەر ئەوەی دایکی بانگی لێدەکا، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاسمان جارێکە بە تەواوی نەچووەتە ناو قۆناغی دوای نان خواردنەوە. بۆنی یەکەم تەواو بووبوو و بۆ بۆنی دووهەم ماوەی زۆری بە دەستەوە بوو.

ئیستا لە خوارەوەیە، بەڵام ئاسمان بەجێی نەهێشتووە. باوکی نوێژ دەکا و دەست بەرەو ئاسمان هەڵدێنێ. دەیەوێ هەستێ و بە باوکی بڵێ: "نە، راوەستە ئاسمان ئەوەندە پان و بەرینە کە لە دۆعا و نزا هیچ حاڵی نیە. نزای تۆ تەنیا دەڕوا و دەڕوا." کەچی هیچ ناڵێ و تەنیا لێی دەڕوانێ. نوێژ تەواو دەبێ. خەریکی نان خواردنن. دوو خوشکەکەی سفرەکە کۆ دەکەنەوە. دایکی چا تێدەکا. باوکی وەک پشیلە خۆی دەکێشێتەوە. خوشکەکانی بەردەوام بە گۆشەی لەچکەکانیان سەرسنگیان دادەپۆشن و بە لاچاو سەیری باوکیان دەکەن. چایەکەی دەخواتەوە و دەچێتەوە سەر بان. دایکی روو لە باوکی دەکا و دەڵێ: "هەواڵێکت لێ نەزانی؟" باوکی دەکۆکێ. کۆکەیەکی قورس. شوانە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێ. پلیکانەکان بە قوڕ سواخ دراون و لەو سەر بەرەو بان لە ناو تاریکاییدا نوقم دەبن. باوکی جارێکیان گوتبووی کە باوکی ئەم پێ پلیکانانەی دانابوو. ئەوسا ئەم منداڵ بووە. دوای ئەو هەموو ساڵانە تەنیا جار نەجار سواخیان دابووەوە، ئەگینا هەر هەمان پلیکانە بوون. شوانە پێی وایە کە هەم ئەون و هەم ئەویش نین. باوکی دەیگوت جاری وایە هەست دەکەم کە باوکم وەک ساڵی ساڵان لە دوا پلیکانەوە بانگم دەکا و داوادەکا بەرد و کاسە قوڕی بۆ بەرم. شوانە بەم قسە دڵی دانەدەچڵەکا. لە بەرچاوی، تەمەن رەوتێکی زۆر سادە بوو، رەوتێکی بێ پێچ و پەنا کە هەموو

کەس ئەگەر درۆیان لە خۆیان نەکردبا، ئەم سەر تا ئەو سەریان زۆر بە روونی بۆ دەخوێندرایەوە. لە سادەیی تەمەندایە کە مرۆڤ لێی بە پێچ و پەنا دەبێتەوە. شوانە ئەگەرچی قسەکانی باوکی سەرنجیان رانەدەکێشا، بەڵام رێزێکی سەیری بۆ ئەم پلیکانانە هەبوو. هەر لە سەردەمی منداڵییەوە خۆشی دەویستن. یەکەم جار کە هەڵات و خۆی حەشار دا لە دوا پلەی ئەم پلیکانانەدا بوو. هەم دەترسا و هەم هەستی بە متمانەیی و سەرکەوتن دەکرد. دواتر راهات. تاریکیەکی بڕدراو، دەکرێ پێی رابێی. بۆنی قادرمەکان بە ئاستەم لە بۆنی ئاسمانیان دەکرد.

شوانە گەیشتەوە سەربانی. دنیا تاریک. ئاسمان وەک رابرووی خۆی، کاتێک ساماڵە. جارێکی دیکە دەنگی مندالان لێرەو لەوێ لە گەڕەک و دەنگی گریانی ساوایان پێش خەوتن. تا بێ دەنگییەکی تەواو، مابووی. بیری قسەکەی دایکی دەکاتەوە "هەواڵێکت لێ نەزانی؟" تەزوویەک بە جەستەی دا دەگەڕێ. ئەم بە حاڵ لە بیری دێت. کە ئەو دەهاتەوە، یەکەم جار، ئەمی لە حەوشەکەدا باوەش دەگرت. جۆرەیەک بوو. چەند خۆشیان دەویست. نەرمە ئارەقێک هەمیشە، قژە لوولەکانی تەڕ دەکرد و بە گەردنیەوە دەلکاند. شوانە لە بیری نایەت، کەی و چۆن. تەنیا ئەوەندە دەزانێ کە لە یەکێک لەو رۆژانەدا کتوپڕ ئەو ون بوو. بە قژە لولە لکاوەکانی پشت گەردنییەوە ون بوو. کە لە دایکی دەپرسی لە کوێیە، دایکی باسی ئاسمانی بۆ دەکرد. "رۆڵە! دنیا زۆر گەورەیە. لە شوێنێک لە زەوی یاخود لە ئاسمان" ئەمیش چەند حەزی دەکرد کە ئەو نەک لە زەوی بەڵکو لە ئاسمان بایە. لە گەڵ خۆی بڕیاری دابوو کە بۆ دایکی بدۆزێتەوە. ئیدی لەمە بەدوا هەستی بە بۆنێک کرد. بۆنێک کە بانگی لێدەکرد. بۆنی دۆزینەوە.

جاری دووهەم پێویست نەبوو وەک جاری یەکەم، ئێوارە، بەرە بەرە سەر هەڵبێنێ. بۆ؟ نازانێ. رەنگە چونکە لە بەر ئەوەی کە روانینی ئێوارە و شەو دەبا فەرقیان هەبایە. یەکسەر و بە پەلە رێک لە قوڵایی ئاسمان دەڕوانی. ئەوەندە خێرا کە رێک نیگای لە قوڵاییەکان دەچەقێ.  با، فێنکترە. ئەوەندە فێنک کە سەرمایەتی. وە چەند کتوپڕ و خێرا ئاسمان لە خۆیدا ونی دەکا. وەک گوشیەک، رەنگە گوشیەکی وێڵ، یەکسەر لە دوورەدەستەکاندا. یەکسەر لە ناو تاریکی و ئەستێرەو بێ کۆتاییەکاندا. بۆنێکی دیکە. بۆنێک وەک خێرایی و بێ زەمەنی. وەک گەمەی نێوان ئەستێرە وردیلەکان و تاریکایی بێ سنوور. نیگای ئەوەندە لەوێیە کە ئیدی لە سەر بان نەماوە. هەست دەکا جەستەشی لە نیگای رۆیشتووە. نیگا هەڵیگرتووە. نیگا هەڵیدەگرێ. هەست بە هەڵکشان. جەستە دەکەوێتە فڕین. بۆنی ئاسمان بەرزی دەکاتەوە. سەفەر. سەفەرەکە دەیبا. خێرا دەیبا و دەیبا. ئەمیش لە گەڵی دەڕوا. چەند ئاسان خۆی بە دەستەوە دەدات. رەنگە هی ئەوە بێت رقی لە زەوییە. رقی لە کۆڵان و چۆلەکە و پشیلە و نیگا گرژە بێ دەستەلاتەکەی باوکی و داماویی دایکی.

دەڕوا. رەها رەها. تەنیا سەیری پێشەوە. ئێرە جۆرێکی دیکەیە. نە پرسیارە و نە وەڵام. هەموو شتێک بەرەو دەرەوەی خۆی. زەوی لە خوارەوەیە و ئاسمانیش لە سەرەوە لە بەر دەمیدا. باڵ لێدەدا. بەتاڵ بەتاڵ. هەست دەکا خەریکە ماناکان بە جێ دەێڵێ. سووک سووک. ماناکان لە خۆیان شەرم دەکەن. خۆیان دەرناخەن. باڵ لێدەدا و دەڕوا. سووک سووک. وشەکان لە گەڵ هەر باڵ لێدانێکیدا دەوەرێن. دەست دەبا کۆیان کاتەوە، ... بە دەستەوە نایەن. نەرم و نیان ئەوانیش لە بێ کۆتاییدا دەکەونە مەلە و دەکەونە سەفەر. بە تاڵ بە تاڵە. تەنیا نیگایەک و جەستەیەک کە دەفڕێ و بۆن دەکا. ئەوجا دەست دەبا بۆ ئەستێرەکان. ئەمان چەند ئاسان بە دەستەوە دێن. لە گەڵ هەر ورشەی فڕینێکدا هەندێکیان لێ کۆ دەکاتەوە. ئەستێرەکان دەرژێنە مێشکیەوە. جێگای بەتاڵی وشەکان چەند تامەزرۆن. چەند راحەت جێ دەگرن. ئیستا ئیتر ئەستێرەکانن وەسفی بۆن دەکەن.

شوانە هەروا بە دەم فڕینەوە سەیر دەکا. ئاسمان لێرەشەوە هەر هەمان ئاسمانی سەر زەوییە: بوونێک لەو پەڕی قەراغەکاندا. پرسیارەکانی سەر زەوی لێرەشن. ئەوانیش لە گەڵی لە سەفەردان. لێرەن: "لەو دوورەدەستانە چ خەبەرە؟" ..."هەواڵێکت لێ نەزانی؟" چەند جارێک بە دەنگی بەرز پرسیارەکان لە بەر خۆیەوە بە وشەی ئەستێرە دەڵێتەوە. کتوپڕ هەست دەکا وەڵامی ئەم پرسیارانە بزانێت یان نەزانێت هیچ بە لایەوە گرنگ نیە. گوێ هەڵدەخا. بە زمانی ئەستێرە ئاشنا نیە. زیاتر گوێ هەڵدەخا. ئەوسا دەبیستێ. ئەستێرەکان کە دەچپێنن، ورشەیان لێ دەبێتەوە. ورشەکان گەرمن، گەرم گەرم. وەها کە شوانە مەجبوور دەبێ جل و بەرگەکانی دانە دانە داکەنێ. دایان دەکەنێ. کراس و پێڵاو و تونکە و ژێر کراس و گۆرەوی لە جەستە بەر دەبنەوە. ئەوانیش لە گەڵ وشەکان دەڕۆن. ئاە چەند گەرمە! شوانە دەبێ خویشی دابکەنێ. خۆی لە خۆی! دەست بۆ جەستەی ئارەقاوی دەبا. ئەوسا گوێی لێیە کە ئەستێرەکان باسی هەتاو و ئەودیوی سنووری هەتاو دەکەن. باسی بۆنی هەتاو. دێتەوە بیری کە لەوێش لە سەر زەوی بۆنی هەتاوی دەکرد، بە تایبەت نیوەڕۆیانی هاوین. کاتێک زەوی دەبرژا. بەڵام ئێرە جۆرێکی دیکەیە. تەنیا بۆنی هەتاو؟ نا! بۆنی هەتاوێک کە بێ کۆتاییەکان دەبرژێنێ. بیری پەنجەرەی دراوسێکەیان دەکاتەوە کە تێیدا هەموو عەسرێک هەتاو سنگی کچێکی بۆناوی دەکرد، یا خود سنگێک کە هەتاوی بۆناوی دەکرد. ئاە! سەفەر تا دێ گەرمی دەکا. لێرە جەستە ناخوا. تەنیا سەفەر. ئەوسا خۆی لە ناو هەتاودا دەبینێتەوە. لێرە چیدی نە گەرمە و نە دەسووتێ. فڕینێکە کە بە ئەستێرە بیر دەکاتەوەو بە ئەستێرە دەدوێ و بە ئەستێرە دەبیستێ.

ـ هەتاو! لەو دوورەدەستانە چ خەبەرە؟

هەتاو کە قسە دەکا تەنیا دەتەقێتەوە. دەتەقێتەوەو بە ئاماژەی تیشک بێ کۆتاییەکان نیشان دەدا.

ـ ئاه! کەواتە تەنیا بێ کۆتاییە و بەس.

هەتاو تا دەتەقێتەوە، روونتر و رووناکتر دەبێتەوە. ئەم نە چاوی بەر شەوارە دەکەوێ و نە کوێر دەبێ. تەنیا هەست دەکا کە چاوی زیاتر و باشتر لە بێ کۆتاییەکاندا بڕ دەکا.

ـ هەتاو! ئەی ...ئەی هەواڵێکت لێ نەزانی؟

هەتاو کە ئەمجارە دەتەقێتەوە، روو بە ناوەوەی خۆیەتی.

ـ لەوێیە؟

بەرەو ئەوێ دەفڕێ. هەتا زیاتر دەڕوا، چپە و ورتە و ورشەی ئەستێرەکان زیاتر دەبن. دەکشێ و دەکشێ. کتوپڕ دەکەوێتە ناو کونێکی تاریک تاریکی بێ دەنگ. توناوتونەکانی تۆڕێکی بێ کۆتایی تێپەڕ دەکا. لە شوێنێک کە تەنیا ژوورێکی سادەیە "ئەو" دەبینێ. ژوورەکە بۆنی ئاسمان دەدا. ئەوەندە بۆنی ئاسمان، کە هەست دەکەیت ئێرە تەنیا شووشەدانی عەتری دونیایە. ئەو لەوێیە. راکشاوەو کش و ماتە. کە شوانە دەبینێ بە ئارامی سەر هەڵدێنێ و لێی رادەمێنێ.

ـ هەموو ئێوارە و شەوێک لێرەوە دەتم بینی کە لە سەر بانیت و لە ئاسمان دەڕوانی.

شوانە هیچ ناڵی. لە ساڵانی بێ سەرو شوێن بوونی ئەم گەلێک تێپەڕیوە. جۆرێک کە بە جوانی لە بیری نایەت. بەڵام ئەو لێرە هەر وەک خۆیەتی، وەک ساڵان. شوانە دەڵێ:

ـ هەر چەند بە حاڵ تۆم لە بیر دێت، بەڵام نەگۆڕاوی.

ـ هەر وا دەژیم کە لە بیری ئێوەدام.

ئەوسا شوانە ریزی عەترەکان دەبینێ. لە سەر رەفەیەکن. ئەم پێدەکەنێ و یەکیانی دەداتێ. ئەوسا دیسان لە سەر جێگاکەی رادەکشێتەوە.

ـ من ماندووم، دەبێ راکشێم.

رادەکشێ و پێڵوەکانی چاوی نیگای ون دەکەن. شوانە دڕدۆنگە، جێی بێڵێ یان نا؟ چاوێکی دیکە بە ژوورەکەدا دەگێڕێ. نازانێ بۆ لێی ناپرسێ کە داخۆ دێتەوە یان نا. تەنیا شتێک کە لە دەروونەوە وشیاری دەکاتەوە کە نەپرسێ. ئەمیش نەیپرسی.

کە شوانە لە گەڕانەوەدا بە دەم ئەستێرەی فرمێسک و فرمێسکی ئەستێرەکانەوە رایەڵەی توناوتونەکانی ناو دڵێ هەتاو بە جێ دیڵێ، بیر لەو شووشە بۆنە دەکاتەوە کە ئیستا بە دەستیەوەیەتی. بێگومان کە گەیشتەوە دەیکا بە سینگ و بەرۆکی دایک و باوکیدا. بە سینگ و بەرۆکی خوشکەکانیدا. ئیدی رەنگە نە دایکی بپرسێتەوەو نە باوکی چیدی بە توڕەیی رامێنێ و نە خوشکەکانی ئەوەندە سەر و سینگی خۆیان لە ترسی باوکیان داپۆشن. کە گەڕایەوە.

**ساڵی دووانی پەڕەسێلکە**

که پاییز دەهات، بۆ ئەوەی گەڵا زەردو سەوز و نارنجیەکانی هەڵوەریوی درەختە خەواڵووەکان بڕژێنە ناو ژوورەکانیەوە، بە ڕۆژ پەنجەرەکانی دەخستە سەر پشت. پاییزان قەت خانووەکەی خاوێن نەدەکردەوە. حەزی بە گەمە و سەمای گەڵاکان لە ناو ژوورەکانیدا بوو. حەزی بە خشە خشی جوڵەیانی بوو. حەزی لە پیاسەی نێوانیانی بوو. لە ناو گەڵاکانی ناو ژوورەکانیدا دادەنیشت و سەیری پاییزی دەرەوەی دەکرد. گەڵاکان لە گەڵ خۆیان پاییزیان دەهێنایە ناو خانووەکە و ئیدی تا کۆتایی وەرز بە تەواوی لە گەڵ پاییز دەژیا. پاییزی دەرەوەو پاییزی ژوورەوە. تەنانەت بە خەتی گەورە نووسینێکی بە دیواری ژووری دانیشتنەکەشدا کوتابوو: "بە خێر بێی پاییز!" پاییز، تا سەرما دەرفەتی دەدا لە گەڵی لە ناو ژوورەکاندا دەژیا. ئیدی دەبوو بە تەنیا میوانی ئەو دەمانەی ساڵ. لەم کاتانەدا ئیتر کەسی دی هات و چۆی نەدەکرد. دەیانزانی سەرقاڵە. دەیانزانی سەری هیچی دیکەی ناپژێ. لەم کاتانەدا دوو پەڕەسێلکەی قوژبنی ناو ڕاڕەوەکەش بەرە بەرە خۆیان بۆ سەفەر ئامادە دەکرد. پەڕەسێلکەکان تیژفڕ و سرک بوون. کە دەفڕین بە بای شاباڵەکانیان گەڵاکانیان دەورووژاند. ئەویش چەند حەزی بەم دیمەنە بوو. کە دووا ڕۆژی ژیان لە ناو خانووەکەدا دەهات، پەڕەسێلکەکان دوو سێ دەوری ناو ڕاڕەوەکەیان دەداو، ئەوسا لە دەرەوە لە شوێنێک لە بەستێنی لێک ئاڵانی ڕەنگەکاندا، لە پانتایی ئاسمان ون دەبوون. ئیتر ئەمیش دەیزانی دەبێ بۆ هاتنەوەیان چاوەڕوانی وەرزی گەرما بێت.

لە دوای ساڵانی ساڵ، گەرما و پەڕەسێلکە لای بووبوونە یەکێک. نەیدەزانی کە داخۆ پەڕەسێلکە وەرزی گەرما لە گەڵ خۆی دێنێ، یان وەرزی گەرما، پەڕەسێلکە. هەر ئەوەندەی دەزانی کە ئاسمان شینتر دەبوو و لە گەڵ خۆڵی قاوەیی و لقە تامەزرۆکانی گەڵا لە شوێنێک لە ئاسۆ تێکەڵ دەبوو. ئەوکات پەڕەسێلکەکان دەهاتنەوە. هاتنەوەشیان وەک ڕۆیشتنیان بوو، لە دەرەوە لە شوێنێک لە بەستێنی لێک ئالانی ڕەنگەکاندا، لە پانتایی ئاسمان پەیدا دەبوون. کە دەهاتنەوە یەکەوڕاست بەرەو خانووەکەی ئەم دەهاتن. ئەم لە چەند ڕۆژ لەوە پێشەوە دەرگاو پەنجەرەی دەخستە سەر پشت. هێلانەکەی پار، کە تۆزی زەمەنی لێ نیشتبوو و پووشەکانی ئیدی ڕزیبوون، فڕێ دەدایە دەرێ. شوێنەکەی خاوێن دەکردەوەو جامۆڵکەیەک ئاویشی لە بەر پەنجەرەکە دادەنا. قەت هەڵنەکەوت لە ماڵەوە بێت و هاتنەوەی پەڕەسێلکەکان بیبینێت. هەمیشە کەدەهاتەوە، ئەوان لە ماڵەوە بوون. لەوێ بوون. جاری وابوو ئەم سەردەمانە هەفتەیەک لە ماڵ نەدەچووە دەر، بەڵام بێ سوود بوو. بە ناچار وازی دەهێنا. دەڕۆیشت و ئێوارەیەک لە ئێوارەیەکانی ژیان دەیبینین. کە دەیبینین، ڕادەوەستا. تێر نەدەبوو. دڵ و دەروونی دەلەرزی و، خۆشیەک سەرتاپای دەهێنایە لەرزین. ئەوانیش چەند بێ سەرنج بوون. دەڵێی ئەوە ئەوان نەبوون ساڵانی ساڵ لەم خانووەدا دەژیان. دەڵێی ئەوە ئەوان نەبوون کە

ساڵانی ساڵ ئەم خانووەیان جێ دەهێشت. دەڵێی یەکێک قەت چاوەڕوانیان نەبوو. وەک بڵێی خانووەکە تەنیا هی ئەوان بوو، ... چ لە سەفەردا و چ لە کاتی مانەوەیاندا.

ئەم ئاگای لێ نەبوو. کە دەهاتنەوە سەرەتا چەند سووڕێکی ئاسمانی خانووەکەیان دەدا. لە سەر بانەکە هەڵدەنیشتن. بە دەندووک چەند جارێک گڵ و خۆڵی گوێسوانەکەیان تاوتوێ دەکرد. جارێکی تر و رەنگە بۆ دوواجار لە ئاسۆیان دەڕوانی و ئەوسا کتوپڕ خۆیان بە ژووورێدا دەکرد. هەر لە رێوە دەستیان دەکرد بە هێلانەی تازە چێکردن.

بە هاتنەوەیان هەستی تەنیایی دەڕەوییەوە. ژیان خۆشتر دەبوو. گەلێک خۆشتر. هەموو شتێک دەگۆڕا. ژوورەکان جوڵەیان تێدەکەوت. بە تایبەت شەوانە یەکجار خۆش دەبوو. لە پاڵ رادیۆکەدا دادەنیشت، لە پەنجەرەوە بایەکی فێنک خۆی بە ژوورەکەدا دەکرد و پەڕەسێلکەکانیش لە بان سەریەوە هەڵدەنیشتن. هەمیشە لەم کاتانەدا بە بزەوە سەری هەڵدەبڕی و سەیری دەکردن.

بە هاتنەوەی پەڕەسێکەکان، ئیدی تەواوی هاوین و وەرزی گەرمای بە تەنیایی تێپەڕ دەکرد، بە بێ خەڵک. پەڕەسێلکەکان گەلێک بەسەرهاتیان بۆ گێرانەوە پێ بوو. لە دووررا هاتبوون. لەو شوێنانەوە کە ئەم لە منداڵیدا لە زمانی دایکیەوە لە چیرۆکەکاندا ناوی بیستبوون: "ئەوپەڕی حەوت کێو و حەوت دەریا" ئەو شوێنەی کە تەنیا بە شەکەتی دەیگەیتێ. کاتێک دەگەیت باڵەکان لە جەستە یەکجار گەورەترن، چاوەکان بێ ئۆقرەن و دەنووک کراوەیە و زمان لە سەمادا. چەند حەزی دەکرد کە پەڕەسێلکەکان بۆی بدوێن. باسی ئەو وڵاتانەی بۆ بکەن. باسی ئەو شوێنانەی کە جۆرێکی دیکەن، ... بەڵام پەڕەسێلکەکان نەدەدوان. بە شەودا هەڵدەنیشتن و لە هێلانەکەیانەوە گوێیان لە رادیۆ دەگرت. جارجارەش بە هەڵفڕینێک، مێشێک یان زەردەواڵەیەکیان راودەکرد. کە رادیۆ مۆسیقای بڵاو دەکردەوە، سەرو گەردنێک بەرزتر هەڵدەنیشتن و کە باسی شەڕ و کوشت و کوشتاریش دەکرا زیاتر خۆیان گرمۆڵە دەکرد. وەها کە تەنیا سەر و دەندووکیان دیار دەبوو. ئەمە وای لێکردبوو کە باوەڕی بە تێگەیشتنی پەڕەسێلکەکان هەبێت. گەر قەرارە تێبگەن، کەواتە دەشتوانن بدوێن. دەتوانن قسە بکەن. بەڵام چۆن؟ نەیدەزانی. گەلێک شێوەی تاقی کردەوە. دەنگی دەدایە رادیۆکە، یان کەمی دەکرد. یان لە سەر تاقچەکە یاخود لێواری پەنجەرەکە دایدەنا. بەڵام بێ فایدە بوو. پەڕەسێلکەکان وەک جاران نەدەدوان کە نەدەدوان!

پێی سەیر بوو. دەیگوت ئەوەی زۆر بگەڕێ، دەبێ زۆریش قسە بکات. ئەوەندەیان شت و بەسەرهات بینیوە، کە لە خۆوە دەکەونە قسە کردن. مێشک و چاویان پڕ دەبێ لە رووداو. شارێکی قەرەباڵغ کە مرۆڤەکانی لە کاتی رێکردندا شان لە شانی یەکتر دەکوتن. باس، باسی جێگایە. ئەوەی جێی دەست کەوێ، ئیدی خەڵکی شارەو خۆشگوزەران. چەند جارێک کەوتە دوان لە گەڵیان. پێی وابوو بەم شێوەیە دێنە گۆ. لێی دەپرسین: "دەزانم گەر کەسێک بۆ یەکەم جار بیەوێ قسە بکا، زۆر زەحمەتە. بەڵام رەنگە چارەنووسی ئێوەش وەک مرۆڤ قسە کردن بێت. دەزانم لە قسە دەترسن چونکە پێتان وایە کە قسە وەک هەوایە، دەڕواو مرۆڤ لە بیری نامێنێ کە رۆژێک لە رۆژان چی گوتووە، بەڵام ئێوەش چارتان نیە. کەس لە چارەنووس دەرباز نەبووە تا ئێوە ببن. کەواتە بدوێن! بۆم بگێرنەوە! بزانم دایکم راستی دەکرد، یان تەنیا دەیویست ئێمە بێدەنگ بکا!"

پەڕەسێلکەکان نەدوان کە نەدوان. بەڵام ئەمساڵ هەستی کرد کە جۆرێکی دیکەن. نە زۆر دەفڕین و نە زۆریان دەخوارد. نیگایان یەکجار قورس بوو. زووتر لە هێلانەکەیاندا هەڵدەنیشتن و درەنگتر وەدەردەکەوتن. لە کاتی مۆسیقادا زیاتر گەردنیان دەکێشا و لە کاتی هەواڵە ناخۆشەکاندا زیاتر خۆیان گرمۆڵە دەکرد، وەها کە ئەم ئیتر نەیدەدیتن. ئیستا ئیتر زیاتر گوێی لە دەنگی زەردەواڵە لە ناو ژوورەکانیدا بوو. دەیزانی شتێک دەبێ روویدابێ، بەڵام نەیدەزانی چییە. سەرەتا نیگەران بوو. نەکا ئەم پەڕەسێلکانە ئەوانەی جاران نەبن. بەڵام نا خۆیان بوون، ئەم بە چاویان و بە شێوەی هەڵفڕینیان دەیناسینەوە. دواتر خۆشحاڵی رووی تێکرد. بیری کردەوە گەر ئاوا نیگەران و دڵتەنگ بن، بێ گومان رۆژێک دەکەونە قسە کردن. هەر لە خۆوە دەکەونە قسە کردن. رۆژێک لە رۆژان بێ ئەوەی کەسێک مەجبووریان بکا. وەک گوڵێک چۆن لە بەهاردا بە ناچار دەبێ بپشکوێ! کەواتە دەبا بەس چاوەڕوان بێت. ئەم ساڵ، ساڵی دووانی پەڕەسێلکەیە.

ئیستا زیاتر چاوی لێیانە. زیاتر پارێزگاریان لێدەکا. کە لە ماڵەوە نین، دەچێتە سەر کورسییەک و هێلانەکەیان بۆ خاوێن دەکاتەوە و رێک و پێکی دەکا. هەمیشەش جامۆڵکەیەک ئاو لە سەر لێواری پەنجەرەکەیە. تا بۆی بکرێ لە پیاسەی پشیلەکان لە حەوشەکەی بەرگری دەکا. کە شەو دادەێ، هەموو گڵۆپەکان هەڵدەکا و تەنانەت چەند ئاوێنەیشی لە هۆڵەکەدا هەڵواسیوە. ئاوێنەکان، هەم ژوورەکەیان روونتر کردووەتەوەو هەم خۆشتریان کردووە. پەڕەسێلکەکان کە هەڵدەفڕن، بە بینینی خۆیان هەست بە تەنیایی ناکەن. هەوڵ دەدا زیاتر مۆسیقا سەر بخا و کەمتر گوێ لە هەواڵەکان بگرێ. ئاگای لێیە زوو وەدەر دەکەون و زووتریش دێنەوە. هەمیشەش بە جووت دەڕۆن و بە جووتیش دێنەوە.

ئەم دەیزانی کە کەی کاتی جووجکە هەڵهێنانیان دێت. وەک ساڵان خۆی بۆ ئامادە کرد. تەنانەت پێی وابوو کە ئەمساڵ زووتر بەچکە دەکەن. مانگ هات و ڕۆیشت، بەڵام هیچ خەبەرێک نەبوو. پێی سەیر بوو. ڕەنگە ئەم خراپ حسێبی کردبێت. بەڵام نا. هەفتەیەکی دیکەش ڕاوەستا. دیسان هیچ خەبەرێک نەبوو. لە بیری دێ کە بەچکەکان هەموو ساڵێک دووای ئەوەی گەورە دەبوون و فێرە فڕین دەبوون، هێلانەیان بۆ هەمیشە جێ دەهێشت و لە شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا هێلانەیان بۆ خۆیان چێ دەکرد. کە بەچکەکان دەڕۆیشتن، بۆ ماوەیەک ماڵەکە جۆرێکی دیکە بوو. هەم ئەم بێ تاقەتی دەکرد و هەم پەڕەسێلکەکان. ئەم کاتانە ناو ژوورەکان بۆنی غوربەتیان دەدا. تامێک وەک تاڵی، کاتێک سێوێک دەترشێ.

سەرئەنجام ئەو ڕۆژە هات. ئەو ڕۆژە لە ڕۆژە سەرەتاکانی وەرزی پاییزی دەکرد. یەکەم گەڵاکانی هەڵوەرین، خۆیان بە ژووریدا کرد. دوای ئەوەی نانی خوارد و جامۆڵکە ئاوەکەی نوێ کردەوە، دوو سەرینی دانا و پاڵی پێوەدان و ڕادیۆکەی هەڵکرد. هەواڵ تەواو بوو. پاشان ڕاپۆرتێک لە سەر ژیانی خەڵک دووای ڕابوردنی نۆ مانگ لە بوومەلەرزەیەک لە یەکێک لە ناوچەکانی باشوور. شارێک بە حەشیمەتێکی یەکجار زۆرەوە. ئەم جوان هەواڵەکەی لە بیر دێت. کارەساتێکی سەیر. جەهەننەمێک لە سەر زەوی و لە کاتێکدا خەڵک بیریان لە هەموو شتێک دەکردەوە جگە لە جەهەننەم. ڕاپۆرتەکە بەردەوام بوو. هەستی کرد هێلانەکە جموجۆڵی تێکەوت. سەری هەڵبڕی. وابوو. پەڕەسێلکەکان هەردووکیان تەواو سەرو گەردنیان کێشابوو. زیت زیت لەمیان دەڕوانی. ئەوسا ڕابوون. یەکیان هاتە سەر قەراغی هێلانەکە. ئەوی دیان هەروەها. کە فڕین، هەردووکیان پێکەوە فڕین. سووڕێکی ناو ژوورەکەیان دا و نەرم لە بەر دەمی ئەم دا هەڵنیشتن. قەت ئاوا لە نزیکەوە نەیدیتبوون. ژێر گەردنی زەردیان، سینگی سپی و باڵ و پشتی ڕەشیان چەند جوان بوون. زەرد و سپی و ڕەش، بەڵام لە جۆرێکی دیکە.

ئەم سەیری کردن. پەڕەسێلکەکان کەمێک لەم لاو لای خۆیان ڕامان. سەیری ئەمیان کرد. لە خۆیان ڕوانی، لە زەوی و ئەوسا یەکیان کەمێک شانی بەرز کردەوە، وەها کە باڵی لە بنەوە کەمێک کرایەوە. سەری بەرز کردەوەو، ... هاتە گۆ:

ـ پار لە خۆوە هیچ کاممان حەزمان بە ڕۆیشتن و سەفەر نەبوو. نازانین هۆکارەکەی چ بوو. ڕەنگە ئەوەی کە ئەو ساڵە زیاتر لە هەر ساڵێکی دی خانووەکەی تۆ پڕی گەڵای پاییزی بوو، یان ڕەنگە ئەوەی کە

یەکێک لە بەچکەکانمان بەیانییەک ڕۆیشتوو و ئێوارە نەهاتەوە، قەت نەهاتەوە. یان ڕەنگە ئەوەی کە هەستی پیری و حەزی مانەوە لە جێگایەک بۆ هەمیشە ئێدی دایگرتبووین. بەڵام وەک دەزانی ئێمە پەڕەسێلکەین. سەرەڕای هەر ڕووداو و حەز و مەیلێک دەبێ کۆچ بکەین. سەفەر چارەنووسی ئێمەیە. بەیانییەک زوو بوو کە وەدەرکەوتین. تۆ خەوتبووی. رادیۆکەت بێدەنگ بوو. دەرەوە هەوا ساف و دڵڕفێن بوو. کە دووا سووڕمان دا، لە گەڵ بای باڵمان چەند گەڵایەکی ناو ژوورەکەمان ڕاپێچی دەرەوە کرد. لە حەوشێ، پشیلەکە لە وژەی باڵمان ترسا و خۆی کۆکردەوە. ئەوسا بۆ دواجار سووڕێکی ئاسمانی ماڵەکەمان دا و بەرەو باشوور کەوتینە رێ. بە پێچەوانەی ساڵانی دی کە دەستمان دەکرد بە قسە کردن، ئەوجارە قسەمان نەکرد. هەردووکمان بێدەنگ تەنیا باڵمان لێدەدا. ئاسمان و ڕێگا، پان و بەرین و دنەدەرانە، بانگیان لێدەکردین. دوو شەو لە سەر یەک، لە کەلاوەیەک و کۆخێکی مەزرایەکی سەر ڕێگا بۆ حەسانەوە لامان دا. سەری دووهەم شەو، لە نیوەشەو لایدابوو، کە شتێک بە خەبەری هێناین. یان ڕەنگە دەمەو بەیان بوو. جوان نەماندەزانی. دەنگێکی کپی ترسناکی دوور دنیای تەنی. دەنگێک وەک ئەوەی دنیا هاتووەتە زمان و دەیەوێ قسان بکا. سێهەم ڕۆژ، ئاسمان هەور و هەوا بۆنی بارانی دەدا. هەستمان کرد کە ئەوساڵ یەکجار درەنگ وەڕێ کەوتووین، بەڵام گرنگ نەبوو، بۆنی باشوورمان هەست پێدەکرد. گەرما بانگی لێدەکردین! لە بەر هەور، کەمێک نزم دەفڕین. فڕین و فڕین. ئەوسا بینیمان کە لەو دوورەدەستانە هەوا لێڵ و تاریکە. وەک بڵێی تۆزێکی خەست دنیای داپۆشیبوو. ویستمان ڕێگا بگۆڕین، بەڵام نەدەکرا، ڕێگای باشوور ڕێک لەوێوە گوزەری دەکرد. بڕیارمان دا ئەمجار ئارام و لە سەرەخۆ، بە بێ پەلە پەل ڕێگا ببڕین. نزیکتر، پاڵ بە پاڵی یەکترەوە. تا نزیکتر دەکەوتینەوە، دنیا لێڵتر دەبوو. ئەوسا بە سەر شارێکدا کەوتین کە ساڵەهای ساڵ بوو بە سەریدا تێدەپەڕین. شارێک لە گڵ، شارێک لە خانووە خاکییەکانی سەردەمانی زوو. ئەوسا دیتمان شار تێک تەپیوە. نە مرۆڤەکان دیار بوون و نە ماشین و سەیارەکان. تەنیا بێدەنگی. ترسێکی سەیر دایگرتین. سەرەتا ویستمان تێپەڕین و ئاوڕ نەدەینەوە. بەڵام شتێک ڕایوەستانین.

لێرەدا پەڕەسێلکەکە ڕاوەستا. چەند جارێک دەندووکی بە زەویدا خشاند. وەک بڵێی وشەیەکی گیر، ڕەها دەکا:

ـ دەزانی! ئێمە ساڵەهای ساڵە لە گەڵ مرۆڤ دەژین. هەربۆیە ئەوەندە ئاسان نیە کە جێیان بهێڵین. خانووەکان بە جۆرێک خانووی ئێمەیشن. بۆیە بڕیارمان دا ڕاوەستین. ڕاوەستین و بە وردی سەرنج بدەین کە چی رووی داوە. لە سەر دیوارێکی نیوەڕووخاو هەڵنیشتین. ئیتر زانیمان کە چی قەوماوە. هەموو خانوو و بیناکان رووخابوون. چ دیمەنێکی سامناک بوو. شار نەمابوو. ئەو شارەی کە ساڵان دەنگە دەنگ و

قەرەباڵغیەکەی هەراسانی دەکردین، ئیستا ون بووبوو. تەنیا بێدەنگییەک کە لە ناو تۆز و لێڵیدا بزر دەبوو. لەم دیوار بۆ ئەو دیوار دەستمان کرد بە پشکنین و گەڕان. تەنیا ئەو پشیلە و سەگانەی کە لە ناو کەلاوەکاندا ڕێگایان ون دەکرد و بە وردی لە هەموو شتێکیان دەڕوانی، دەبینران. ئەو پشیلە و سەگانەی کە پێستیان تۆز بوو. لە ناو ئەو تۆزستانەدا هەوا کتوپڕ لە تاقەت بەدەر گەرم هەڵگەڕا. کتوپڕ دەنگێک سەرنجی ڕاکێشاین. گوێمان باشتر هەڵخست. دەنگەکە لە تەنیشتی چەپمانەوە، لە خانوویەکەوە دەهات کە حەوشەیەکی گەورەی هەبوو. بەرەو دەنگەکە هەڵفڕین. لە سەر کەلاوەکە هەڵنیشتین.

لێرەدا پەرەسێلکە نێرینەکە لە مێینەکە نزیک کەوتەوەو و باڵی لە باڵی خشاند. مێینەکە دیسان سەری داخست. دەندووکی لە زەویی بەردەمی خشاند:

ـ منداڵێک بە گریانەوە هاواری دایکی دەکرد: "دایە گیان ئێرە زۆر تاریکە دەترسم. دایەگیان تینوومە،... دایە گیان لە کوێی؟ دایە گیان ..." ئەوسا دەنگی دایکیشی کە دەیزریکاند و نەدەگەیشتە منداڵەکەی. هەڵفڕین و لە سەر ئەو جێگایەی نیشتینەوە کە دەنگەکەی لێوە دەهات ئەوجا نیگای دایکەکەمان دیت کە لەو ژێرەوە لە قڵشتێکەوە دیار بوو. دایکە تەپ و تۆزاوی و داماوەکە! چەند بە پاڕانەوەوە سەیری دەکردین.

پەرەسێلکەکە لێرەدا چووە سەر رانی و لەوێ هەڵنیشت. ئەم واق وڕماو تەنیا لە پەرەسێلکەکانی دەڕوانی. ئارام دەستی هەڵبڕی و بە دوو پەنجەی دەستی بە سەر پەرەسێلکەکەدا هێنا.

ـ منداڵەکەمان نەدۆزییەوە، بێ گومان لەو ژێرەوە، تەنیا ئەوپەڕی دیوارێکیان لە نێواندا بوو. ئێمە ئیتر ڕۆیشتین. بەرەو باشوور. بەرەو شوێنی هەمیشەیی. لە تەواوی ڕێگادا بیرم لە بەچکەکەی خۆم کردەوە کە پار هاوین لێرە، لە ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ژیاندا بزر بوو.

ئەم هەستا. چوو ئاوی ناو جامۆڵکەکەی سەر پەنجەرەکەی گۆڕی. سەیرێکی هێلانەکەی کرد و دانیشتەوە.

لەو ئێوارە درەنگ وەختەدا ئەگەر ڕێبوارێک لەوێوە گوزەری کردبا، دەیبینی کە مرۆڤێک لە ناو گەڵا وەریوەکانی سەرەتای پاییزدا دانیشتووە و، لە گەڵ دوو پەڕەسێلکەی سەر ڕانەکانی لە ئێوارەی پاییز دەڕوانن. بەڵام نەیدەبینی کە دیمەنەکە لە چاوی هەر سێکیاندا لە ناو فرمێسکەکاندا دەشکایەوەو و دەبوو بە دوو پاییز، ... بە شەش پاییز!

**پەیکەرەکەی ناو بەفر و باران**

هەمیشە حەزی لە باران و بەفر و هەور بوو. چەند خۆش بوو ئەو کاتانەی هەورەکان نزم نزم دەبوونەوەو لێک دەچڕژان و بە زمانی بارین دەکەوتنە دووان لە گەڵ زەوی. بەفر و باران چەند خۆش زەوی و هەوریان پێکەوە گرێ دەدا. کە دەباری لە بەر ڕێژنەی باران و هوروژمی بێ بڕانەوەی کلوە بەفرەکاندا ڕادەوەستا، گەردنی دەکێشا، ڕوخساری بەرز دەکردەوەو دەیدایە بەر دەنکە دابڕاوەکان. ئەوجار دەستی ڕادەداشت بەرەو ئاسمان. بەرەو هەور و بەرەو ئەو شوێنەی کە سیحراویانە خۆی بە سەر زەویدا هەڵدەڕشت. چەندەی دەخایاند؟ نازانێ. ڕەنگە زەمەنێک بە قەدەر تەڕبوون، بە قەدەر توانەوەی جەستە لە ناو بەفر و لە ناو باراندا.

کات، گرنگ نەبوو کەیە. گرنگ بارین بوو. گەر شەو بایە، دەنگی باران و بەفر بانگی لێ دەکرد. ئەویش ئارام جلەکانی لە بەر دەکرد و دەهاتە دەرەوە. سوپاس باران! سوپاس بەفر! ئەوسا باران و بەفر وەڵامیان دەدایەوە:

ـ سوپاس بۆ تۆش، بۆ ڕاوەستان، بۆ ڕاوەستانەکەت!

ئیدی بەرە بەرە ئاوێتەبوونێکی تەڕ دەبیردن. ئەو دەبوو بە بەفر و باران و، باران و بەفریش دەبوون بە ئەو.

یەکێک لە درەنگ ئیوارانی وەها ئاوێتەبوونێک بوو کە بەرەو ماڵەوە بووەوە. شەقام چۆڵ و بێدەنگ. خوڕەی ئاوی ناو جۆگە سەرشێتەکانی دوا باران، گوێی دەلاوانەوە. دەست لە گیرفان و نیگا نوقمی پێشەوە، هەنگاوی شەوی هەڵدەگرت. دەڕۆیشت. شەوێکی درێژی لە بەر بوو! دەیزانی. گەیشت. دەرگا، کلیلە ساردەکەی ناو مشتی خواردو کرایەوە. چەند حەوشەکە گەورە بوو! پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە، هەوەسی پشکنینی گرتی. تاریک تاریک. هاتەوە دەر. بە ئەسپایی هەنگاوی بە ناو حەوشەکەدا هەڵگرت. سەرەتا بە ناو باغەکەدا، بە ناو ئەو دارو درەختانەدا کە سووکە بۆنێکی هاوینیان هێشتا پێوە مابوو. ئەوسا بە ناو یادی گوڵەکاندا، بە ناو ئەو بنە گیایانەی ئێستا زەرد زەرد بوون. بەرەو دیوی پشتەوەی حەوشەکە سووڕی خوارد. ئەوێ، گەلێک تاریکتر. ئارامتر هەنگاوی هەڵگرت. ڕاوەستا. ویستی بگەڕێتەوە. وەک بڵێی دوو چاو لەوێ لە ناو تاریکایی بێ بندا بە ئاستەم لێی دەتروکێن. بەڵام نا، غیرەتی بەر خۆی دا و ڕۆیشت. حەوشەکەی باش دەناسی. ئەوەندە باش کە نەدەکرا تەنانەت کەس لە تاریکیشدا نەبینێ. حەوشەکە هەموو شتێکی پێ دەگوت. دەنگ و ئیشارەو زمانی دەناسی. گەر کەسێک لەوێ بایە، دیوارەکان بە دیانە جیرکە پێیان دەگوت. گەر کەسێک لەوێ بایە، پەنجەی تاریکایی دەجوڵا و پێی دەگوت. یان دەدوا. دەیگوت ئاگات لە خۆت بێت. بەڵام حەوشە هیچی نەگوت. بۆیە زۆر بێ ترس تا نزیک قەراغەکانی ڕۆیشت. هیچ باس نەبوو. ئەوەندە دڵنیا، کە تەنانەت کەمێکیش ڕاوەستا. ڕێک لە ناو جەرگەی حەوشەو تاریکاییدا. تەنانەت لە سەر سینگ ڕاکشاو و بە قەد لاسکێک لە چاوییەوە لە حەوشەو لە قەراغەکانی ڕوانی. باشە بۆ یەکسەر نەڕۆیشتە ژوور؟ بچوایە ژوور و دەرگای لە سەر خۆی داخستایە و ئیتر لە حەوشە هەرچی با، با ببایە! بەڵام نا! ئەمە پیشەی بوو، تا دڵنیا نەبایە نەدەچووە ژوور. ئەو پێی وابوو حەوشە و ناو ماڵ فەرقیان نیە. ئەوەی بتوانێ بێتە حەوشە، دێتە ژووریشەوە!

جەستەی بە قەد لاسکێک بەرز، هەر وا بە ڕاکشاوی مایەوە. بۆ؟ نازانێ. ئەوجار تاریکاییەکی خەستتری لە تاریکایی، لە سووچەکەی بەردەمی خۆیدا بینی. خەستێکی گرمۆڵە، وەک کەسێک یان شتێک. ئاوی ناو دەمارەکانی لاسکی جەستەی، چەند سەیر خاو بووەوە. باشە بۆ حەوشە هیچی نەگووت؟ بۆ حەوشە نەدووابوو؟ بکشێتەوە یان بەرەو پێش بڕوات. بە بێ جوڵە هەر وا مایەوە. چەند؟ دیسان نازانێ. لە ناو چیمەنەکەدا جەستەی تەڕی ئەوەندەی دیکە خووسا. خووسانێک وەک ڕزیوی. سێبەرە تۆخەکە نەدەجوڵا. ئەویش مات و کپ وەک ئەو. بیستبووی کە کەسی وا هەر بە بیستنی دەنگی پێی خاوەن ماڵ دەردەچێ،

نامێنێتەوە. بەڵام گەر مایەوە؟ لە کاتێکدا دەستی بە هەڵکەوت چڵە دارێکی پڕ بە مشتی لە خۆ گرتبوو، بە سینگە خشێ بەرەو سێبەرەکە کشا. کە راست بووەوە بۆ لێدانی، سێبەرەکە هەر نەجوڵا. راوەستا. سێبەرەکە هەر سێبەر بوو، بە بێ جوڵە. لە ناو هەنسکە هەنسک و ئارەقەی ترس کە ئێستا تێکەڵ بە جەستەی تەڕی بووبوو، کەوتە پێکەنین. پێکەنینێکی ترسناک. بیری کردەوە: "سێبەرەکە تەنانەت لە ترسا خۆیشی بچووک نەکردەوە." دارەکەی فڕێ دا و ئارام گەڕایەوە. دەرگای پشتەوەی کردەوە و چووە ژوور. زۆپاکەی هەڵکرد. جلەکانی گۆڕی. جلە تەڕەکانی هەڵخست. گۆرەوییەکانی شۆرد. جێگاکەی راخست. لە بەر ئاوێنەکەدا قژی وشک کردەوە. کەمێک لە خۆی راما. پێستی گەنجیەتی لە بەر باراندا چەند گەشتر و روونترە! بزەیەک گرتی. هەموو ژوورەکانی بە سەر کردەوە. تاریک و سارد و تەنیا. چای ساز کا! نا، ئاوی خواردەوە. لە ئاشپەزخانە خواردییەوە. پەنجەرەیەک رێک بە سەر شوێنە تاریک تاریکەکەی ناو حەوشەکەدا دەیڕوانی. هەر وەک کەمێک لەوە پێش، تاریک تاریک بوو. بە بێ جوڵە. کتوپڕ پەرداخەکە بە دەست و دەمیەوە وشک بوو. هەستی کرد کەسێک لە ناو تاریکییەکەدا چاوی لێ دەتروکێنێ. کەمێک گەردنی کێشا. هەستی کرد کە شتەکە تەنیا جارێک چاوی تروکاند. چەند ترسا. بچێتەوە دەر؟ بە پەلە لە مەتبەقەکە چووە دەر، گڵۆپەکەی کوژاندەوە و دەرگای ئاشپەزخانەکەی پێوەدا. بێ گومان هەڵە دەکا. ئەوە شەوقی گڵۆپەکە بوو کە چاوی بە تاریکایی تروکاندبوو. چووەوە ژووری زۆپاکە. چەند گەرم! زەبتەکەی هەڵکرد. گۆرانی. جێگاکەی راخست و بە کتێبێکەوە خزایە نێوی. چەند جار شریتەکەی ئەم دیواودیو کرد؟ نازانێ. چەند لاپەڕەی خوێندەوە؟ نازانێ. جار جارە بە دەم گوێ گرتن لە گۆرانی و بە دەم کتێب خوێندنەوەوە سەر هەڵدەبڕێ و بیر لە سێبەرەکە دەکاتەوە. سێبەری ناو تاریکاییەکە. هەڵدەستێ. بە بێ ئەوەی گڵۆپی دالانەکە هەڵکات، بەرەو ئاشپەزخانەکە دەکشێ. دەرگا دەکاتەوە، بەڵام گڵۆپەکە هەڵناکا. لە سەر چۆک و چنگ دەگاتە پەنجەرەکە. بە دزییەوە سەیری دەرەوە دەکا. چیدی قوژبنەکە تاریک تاریک نیە، هەر وەک تاریکایی دەوروبەری خۆیەتی. ماوەیەکی سەیری دەکا. نا، چاوی درۆ ناکا. باوەڕ ناکا. سەر دادەخا. دادەنیشێ. پشت لە پەنجەرەکە. باشە بۆ تەلەفۆن نەکا. تەلەفۆن بۆ خزمێک یان هاوڕێیەک بکا و ئیدی تەواو. سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکا. سەعات یەکی دوای نیوەشەوە. هەست دەکا ترس خەریکە لێکی هەڵدەوەشێنێ. دەست بە دەموچاوییەوە دەگرێ. گەر تاریکاییەکە لەوێ لە شوێنەکەی هەوڵدا مابا باشتر بوو. ناتوانێ جوڵابێ. هەڵدەستێتەوە. ئارام. رێک سەیری هەمان شوێن. چی؟ تاریکاییەکە لەوێدایە، کەمێک واوەتر. ئەمجارە دوو جار چاوی لێ دەتروکێنێ. دادەنیشێتەوە. چیدی ناتوانێ سەیری دەرەوە بکا. بە ئاستەم بە چنگە خشێ لە مۆبەق دەچێتە دەر. رێک بەرەو ژوورەکە. دڵنیایە لەوەی کە دەرگاکان قوفڵن. دەچێتە ناو جێگاکەی. سەرەتا زەبتەکە دەکوژێنێتەوە. حەز دەکا گوێ هەڵبخا. ناکرێ. مۆسیقا یارمەتی دەرە. لێفەکە لە خۆی دەئاڵێنێ و دەنگی زەبتەکە کەم دەکا و لە خۆی نزیک دەکاتەوە. ئەوەندەی نەماوە بۆ رۆژ. تەنیا چەند سەعاتێک. بێ گومان هیچ نیە. تەنیا گومانێکە. گومانی تەنیایی. وادیارە هێشتا بە تەنیایی رانەهاتووە. خەوتووە یان بە خەبەر! نازانێ. ئەوەندە دەزانێ کە دەنگی باران دێ. دیسان لە دەرەوە دەبارێ. چەند

بارانێکی بەلەز! لە نێوان خەو و بێداری و ترس و ئاهەنگ دا هەڵدەستێ. پەردەکە لادەدات. دنیا خرۆشاوە. هەورەتریشقە دەدا. چ هەورە تریشقەیەک! دەڵێی دنیا چڵە شەمچەیەکەو داناگیرسێ. باران بانگی دەکا. دەبێ دیسان بچێتە دەر، دیسان بچێتەوە بەر باران! پەردەکە دادەداتەوە. نە گڵۆپ هەڵدەکا و نە جل و بەرگ لە بەر دەکا. باران دەڵێ بە رووتی وەرە دەر! ئەمشەو کاتی رووت بوونەوەیە. تەنانەت بە بێ کەوش و بێ پێڵاو. لە دەرگای پشتەوە دەچێتە دەر. دەرەوە چ هەرایەکە. ئەوەندە هەرا، کە کەس ناتوانێ بترسێ. ئەویش ناترسێ. مەستی دەنگ و ئیشارەو زمانی بارانە. لە پلیکانەکان دەترازێ و دەچێتە ناو حەوشەکە. دیسان سەر بەرزکردنەوەو روخسار نوقمی باران کردن. دیسان تەڕ بوون تا بێ کوتایی. دیسان زەوی و ئاسمان لە گەڵ یەک جووت بوون. چاو دەقونجێنێ و بزە لە سەر لێو لە ناو دڵۆپەکاندا ون دەبێ. سەعات چەندەیە و کەیە گرنگ نیە، گرنگ بارانە. بارانەو نوقم بوون. یەکەم هەورە تریشقە دنیا رووناک دەکاتەوە. دووهەم هەورە تریشقەش. دنکەکان بە پەلەترن ئیستا. بەڵام ئەمشەو جەستەی دەلەرزێ. بۆ؟ قەت وانەبووە. پشتی دەلەرزێ. لەرزینێک کە جاری وایە لە سەر پەنجەکانیەوە دەردەچێ. پشتی لە حەوشەکەی پشتەوەیە. لە شوێنی سێبەرە هەرە تاریکەکە. ئەو تاریکایەی وا چاوی لێداگرت. لە بیری نیە. بێ گومان ئیستا ئەویش خوساوە. لە شەوێکی وادا دەبێ هەمووان بەس راوەستن و ببن بە ئاسمان و باران و هەورە تریشقە. ببن بە دەنکێک، بە دڵۆپێک باران. ئیستا هەست دەکا قاچیشی دەلەرزێ. تەنانەت لێوەکانیشی. هەست دەکا گرێ دەکەوێتە ناو چاوانی. وەک بڵێی بایەک لە دوواوە هەڵیکردووە. بایەک کە حەز دەکا بەس با بێت. لەو بایانەی کە شتەکان لە گەڵ خۆیان دەبەن. ئەم نازانێ. تەنیا ئاگای لە بارانە. کە سێهەم هەورە تریشقە دەدا چاو هەڵدێنێ. هەورە تریشقە دوو چاوی پڕ هوروژمە کە دێت. دێت و ئاسمان شەق دەکا. چەند ترسناک دێت. وەک بیرەوەرییەک. وەک ترووکانی چاوی سێبەرێکی تاریک تاریک. وەک سێبەرێکی تۆخ کە دەڕوانێ. کتوپڕ دەزانێ. ئەمجارە تەزووەکە لە تۆقە سەرییەوە دەردەچێ. بە پەلە لا دەکاتەوە. سێبەرێکی تاریک کە تروکانی چاوی لە هیچ تروکانێکی دی ناکا، لێی دەئالێ. یەک بەدوای یەک بە شتێکی قورس بە سەریدا دەکێشێ. جەستەی ئاسان بەردەبێتەوە. سێبەرە تاریکەکە بە چاوە سەیرەکانییەوە ون دەبێ. تیشکی گڵۆپی ناو داڵانەکە جەستەی ون دەکا.

لە راکشانی ئەمجارەدا، قەدی لە لاسکێک نزمترە. دەنگیشی لەوە نزمتر، کە بتوانێ دەنگی دڵۆپەکان ببەزێنێ. روخسار روو لە باران، بۆ دوواجار نیگاکان لە لەرزەتی دلۆپەکاندا بۆ هەمیشە جێ دێڵێ.

## رۆژژمێری تێکۆشەرێک

**شەممە:** لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆم. دەچم بۆ کار. دەگەڕێمەوە ماڵ. سەعاتی شەش هاوڕێکەم دەبینم. دەچرپێنین. دەچمەوە ماڵ. نانی شەو دەخۆم. گوێ لە رادیۆ دەگرم. کتێب دەخوێنمەوە. سەعاتی چواری بەیانی بە وەرەقەکانی ناو گیرفانمەوە دەچمە دەر. بڵاویان دەکەمەوە. دەچمەوە ماڵ. دەخەوم.

**یەک شەممە:** لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆم. دەچم بۆ کار. دەگەڕێمەوە ماڵ. سەعاتی شەش هاوڕێکەم دەبینم. دەچرپێنین. دەچمەوە ماڵ. نانی شەو دەخۆم. گوێ لە رادیۆ دەگرم. کتێب دەخوێنمەوە. سەعاتی چوار بۆ چەند دەقیقەیەک لە خەو رادەبم. دەخەومەوە.

**دوو شەممە:** لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆم. ناچمە دەر. ناچرپێنم. لە ماڵ دەمێنمەوە. نانی شەو دەخۆم. گوێ لە رادیۆ دەگرم. کتێب دەخوێنمەوە. سەعاتی چوار بۆ چەند دەقیقەیەک لە خەو رادەبم. دەخەومەوە.

**سێ شەممە:** لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆم. دەچم بۆ کار. دەگەڕێمەوە ماڵ. سەعاتی شەش هاوڕێکەم دەبینم. دەچرپێنین. دڵی هاوڕێکەی توند لێدەدات. دەڵێ هەست دەکەم بە شوێنمەوەن. دەچمەوە ماڵ. نانی شەو دەخۆم. گوێ لە رادیۆ دەگرم. کتێب دەخوێنمەوە. سەعاتی چوار بۆ چەند دەقیقەیەک لە خەو رادەبم. دەخەومەوە.

**چوار شەممە:** لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆم. دەچم بۆ کار. دەگەڕێمەوە ماڵ. سەعاتی شەش هاوڕێکەم دەبینم. دەچرپێنین. دەچمەوە ماڵ. نانی شەو دەخۆم. گوێ لە رادیۆ دەگرم. کتێب دەخوێنمەوە. سەعاتی چوار بۆ چەند دەقیقەیەک لە خەو رادەبم. دەخەومەوە.

**پێنج شەممە:** لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆم. دەچم بۆ کار. دەگەڕێمەوە ماڵ. سەعاتی شەش هاوڕێکەم دەبینم. دەچرپێنین. دەڵێ بۆ ماوەیەک یەکتر نەبینین. دەچمەوە ماڵ. نانی شەو دەخۆم. گوێ لە رادیۆ دەگرم. کتێب دەخوێنمەوە. باش حاڵی نابم! غەمگینم. سەعاتی چوار بۆ چەند دەقیقەیەک لە خەو رادەبم. دەخەومەوە.

**هەینی:** لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆم. دەچم بۆ کار. کتوپڕ دێت. دەڵێ دەبێ بڕۆین. ناچمەوە ماڵ. ئەو شەوە ناخەوم. لە ماڵ بۆ هەمیشە دێمە دەر. دەڕۆم. ئەو سەری ڕێگا بانگم دەکا!

**دوای شەش مانگ**

**شەممە:** کە هەتاو هەڵدێ دەخەوم. نیوەڕۆ لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆین (نانی وشک ڕەنگە لە گەڵ پەنیر یان ...). جگەرە دەکێشم. دەکێشین. ئێوارە خۆمان دەپێچینەوە. دەڕۆین. دەچینە ئاواییەک. بە سەر ماڵاندا دابەش دەبین. نان دەخۆم. نان دەپێچمەوە. دەڕۆین.

**یەک شەممە:** کە هەتاو هەڵدێ دەخەوم. نیوەڕۆ لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆین (نانی وشک ڕەنگە لە گەڵ پەنیر یان ...). جگەرە دەکێشم. دەکێشین. ئێوارە خۆمان دەپێچینەوە. دەڕۆین. دەچینە ئاواییەک. بە سەر ماڵاندا دابەش دەبین. نان دەخۆم. نان دەپێچمەوە. دەڕۆین.

**دووشەممە:** کە هەتاو هەڵدێ دەخەوم. نیوەڕۆ لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆین (نانی وشک ڕەنگە لە گەڵ پەنیر یان ...). جگەرە دەکێشم. دەکێشین. ئێوارە خۆمان دەپێچینەوە. دەڕۆین. دەچینە ئاواییەک. بە سەر ماڵاندا دابەش دەبین. نان دەخۆم. نان دەپێچمەوە. دەڕۆین.

**سێ شەممە**: کە هەتاو هەڵدێ دەخەوم. نیوەڕۆ لە خەو هەڵدەستم. نان دەخۆین (نانی وشک ڕەنگە لە گەڵ پەنیر یان ...). جگەرە دەکێشم. دەکێشین. ئێوارە خۆمان دەپێچینەوە. دەڕۆین. کەمین دادەنێین. دەکوژین. دەکوژرێین.

**چوار شەممە:** کە هەتاو هەڵدێ دەخەوم. نیوەڕۆ بە دەنگی تۆپ لە خەو هەڵدەستم. خۆمان دەپێچینەوە. شەڕ. دەکوژین. دەکوژرێین. دەڕۆین. ناچینە هیچ گوندێک.

**پێنج شەممە:** کە هەتاو هەڵدێ دەخەوم. لە برسا خەبەرم دەبێتەوە. کۆڵە پشتیەکەم دەپشکنم. هیچ نابینمەوە. تۆپ. شەڕ. دەکوژین. دەکوژرێین. دەڕۆین.

**هەینی:** کە هەتاو هەڵدێ دەخەوم. نیوەڕۆ لە خەو هەڵدەستم. جگەرە دەکێشم. دەکێشین. ئێوارە خۆمان دەپێچینەوە. دەڕۆین. لە گەڵ بەرپرسەکەم قسە دەکەم. ناو چاوانی تێک دەنێ! ئەوسەری رێگا بانگم لێ دەکا!

**دوای دوو ساڵ**

**شەممە:** دەچم بۆ کلاسی زمان. دەچمەوە ماڵ. نان دەخۆم. کتێبی زمانەکەم دەکەمەوە. خەیاڵ دەمبا. سەیری تیڤی دەکەم. بە تەلەفۆن قسە دەکەم. دەخەوم.

**یەک شەممە:** دەچم بۆ کلاسی زمان. دەچمەوە ماڵ. نان دەخۆم. کتێبی زمانەکەم دەکەمەوە. خەیاڵ دەمبا. سەیری تیڤی دەکەم. بە تەلەفۆن قسە دەکەم. دەخەوم.

**دوو شەممە:** دەچم بۆ کلاسی زمان. دەچمەوە ماڵ. نان دەخۆم. کتێبی زمانەکەم دەکەمەوە. خەیاڵ دەمبا. سەیری تیڤی دەکەم. بە تەلەفۆن قسە دەکەم. باسی کۆمپیوتر و ئینتەرنێت.

**سێ شەممە:** دەچم بۆ کلاسی زمان. دەچمەوە ماڵ. نان دەخۆم. کتێبی زمانەکەم دەکەمەوە. خەیاڵ دەمبا. سەیری تێ ڤێ دەکەم. دەچمە پشت کۆمپیوترەکەم.

**چوار شەممە:** دەچم بۆ کلاسی زمان. دەچمەوە ماڵ. نان دەخۆم. کتێبی زمانەکەم دەکەمەوە. خەیاڵ دەمبا. سەیری تێ ڤێ دەکەم. چاوم یەکجار ماندووی کۆمپیوترە. دەخەوم.

**پێنج شەممە:** دەچم بۆ کلاسی زمان. دەچمەوە ماڵ. نان دەخۆم. کتێبی زمانەکەم دەکەمەوە. خەیاڵ دەمبا. سەیری تێ ڤێ دەکەم. ماندووی کۆمپیوتر. دەخەوم.

**هەینی:** دەچم بۆ کلاسی زمان. دەچمەوە ماڵ. نان دەخۆم. کتێبی زمانەکەم دەکەمەوە. خەیاڵ دەمبا. سەیری تێ ڤێ دەکەم. ماندووی کۆمپیوتر. دەخەوم. سەرەتای ڕێگایە بانگم لێ دەکاتەوە!

**شار لە کوێیە؟**

چەند ڕۆژە لە ماڵ نەچووەتە دەر. چی کردووە؟ بۆ خۆیشی نازانێ! بە ژوورەکاندا گەلێک جار بە بێ هیچ هۆیەک گەڕاوە. نانی خواردووە. چای خواردووەتەوە. دانیشتووە. خەوتووە. سەیری تێ ڤێی کردووە. گوێی لە رادیۆ گرتووە. جارجارەش کتێبی خوێندووەتەوە. جاری وا بووە خەونووچکە بردوویەتەوە. لە بێدەنگی ناو ماڵدا گوێی لە دەنگی سەیر سەیر بووە. نە بۆ کەس تەلەفۆنی کردووە و نە کەسیش تەلەفۆنی بۆ کردووە. بێدەنگییەکی وڕ. کاس. جاری وایە هەر بیریشی نەکردووەتەوە. مێشک تەنیا ئاوێنەیەک کە بە ڕەنگی سپی بۆیە کراوە. بە بێ هیچ وێنەیەک تێیدا. ئاوێنەیەک لە پشت ڕەنگەوە. دنیایەکی ون. تا دڵت بخوازێ سەیری دیوارەکان و سەقفەکەی کردووە. ئەوەندە سەیر کە ئیتر نە دیوارێک مابووەوە نە سەقفێک. کەچی لەو دیو دیوارەکان و سەقفەکەدا هیچی دیکەی نەبینیبوو. دیوار و سەقف، دوا شوێنەکانی بوون و "بوون". لەو دیویانەوە، هیچ. جگەرەیەکی زۆریشی کێشاوە. دووکەڵەکان لە دیوارەکان و

سەقفەکەدا، لە هێچ دا، بزربووبوون. ئیستا دێتەوە بیری جارجارە بیری لە دووکەڵەکان کردبووەوە. دووکەڵەکانی پێچ و لوول و سەرگەردانی و ون بوون. دووکەڵەکانی سپیەتی و شین و بێ ئۆقرەیی.

ژوورەوە چەند بێ دەنگە. گوێی لە هەناسەی خۆی و دەنگی لاپەڕەکانە. ها ...ها ...ها...خش ...خش ...خش ...هاخش ...هاخش ...هاخش. کتوپڕ هەست دەکا رقی لە هەناسە و لە لاپەڕەکان و لە بێدەنگیە. گوێی تامەزرۆی بیستن و چاوی تامەزرۆی دیتنە. بەڵام چی بکا! ئا، تەنیا جل و بەرگ لەبەرکا، پێڵاوەکانی هەڵکێشێ، دەرگا بکاتەوەو بچێتە دەر. ئیدی دەنگ، دەنگ و رەنگ، وەک تێ ڤێ. بەڵام کات کەیە؟ شەوە یان رۆژ؟ نازانێ. سەرەتا گوێ هەڵدەخا. هیچ دەنگێک لە دەرەوە نایەت. سەیرە! ئەوجار چاو هەڵدەبڕێ و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا. بەڵام کوا پەنجەرە؟ دالانەکە پەنجەرەی تیا نیە. دەچێتە ژوورێکیانەوە. ئەو ژوورەی وا پەنجەرەکەی بە سەر شاخ و ماڵی دراوسێکان و لەتە جادەیەکی بەر خانووەکەیاندا دەڕوانێ. بەیانی زووە. سەیر دەکا. شاخ لە شوێنی خۆیەتی. چەند رۆژ تەنیایی ئەم، بزری نەکردووە. خانووی دراوسێکان و لەتە جادەکەش هەر وەها. بەڵام دەنگ چی؟ گوێی لە هیچ دەنگێک نیە. پەنجەرە دەکاتەوە. جوانتر گوێ هەڵدەخا. دیسان بێدەنگی! سەر دەکێشێتە دەرەوە. تەنانەت تاقە دارگوێزەکەی حەوشەش نە باڵندەیەک تێیدا دەجریوێنێ و نە "با" لە گەڵ گەڵاکانی دەدوێ. نە لە ماڵی دراوسێکانەوە دەنگی منداڵ دێ و نە لە سەر لەتە جادەکەوە دەنگی رێبوار و ماشین. بێدەنگی. پرسیار. پەنجەرەکە پێوە دەدا و دەچێتە دەر. بە ناو باغچەکەدا تێدەپەڕێ و دەگاتە دەرگای حەوشە. پێش ئەوەی بیکاتەوە، رادەوەستێ و دیسان گوێ هەڵدەخا. بێدەنگی. دەرگا دەکاتەوە. جادە وەک ژوورەوەیە. تا چاو بڕ دەکا دەڕوانێ. لە هەموو شوێنێک، ... لە خانووەکان، لە دووکانەکان، لە درەختەکان. لەو سەری جادە کە لە پێچێکدا ون دەبێ. جوانتر سەیر دەکا. ئا، دووکانەکان کراوەن، تەنانەت دەرگای هەندێ لە خانووەکانیش. ئەی کوان مرۆڤەکان؟ ئەی کوان مرۆڤ و باڵندەکان؟ سەرەوخوار بڕوات یان سەرەو ژوور؟ بەرەو ناو شار سەرەو خوار دەبێتەوە. شار، تەنیا شار بە بینا و خانووەکانیەوە. بە درەختە هەمیشەییەکانیەوە. دەچێتە سەر تاقە پردی سەر چۆمی شار. سەیری چۆمەکە دەکا. چۆم، وێنەیەک. نە دەنگی هەیە و نە دەخرۆشێ. بەردێک هەڵدەگرێ و لەو بڵێندایەوە تێی دەهاوێ. بەردەکە بێ دەنگ ون دەبێ. بەردێکی تریش. بێ سوودە. بەردەکان تەنیا نوقم دەبن. چاوی هەراسان دەبێ. لەو چەند رۆژەدا ئەم لە ماڵەوە بووە چی رووی داوە؟ شار لە کوێیە. کاتێک بە بەر دەم دووکانەکاندا تێدەپەڕێ، سەیری ناوەوەی دانە دانەیان دەکا. تەنانەت حەوشەو ئەودیوی دەرگای هەندێ لە خانووەکانیش. کەس دیار نیە. لە بەر خۆیەوە دەچرپێنێ: "لە کوێن!" بەڵام گوێیشی لە خۆی نیە. نە بە گوێ، بە مێشکی هەست بە وشەکانی ناو زاری دەکا. جارێکی تر دەیڵێتەوە. "لە کوێن!" ئەوجار ترس یاخود گومان جەستەی سڕ دەکا. وەک ئەو کاتانەی بیری لەو دیو دیوارەکان و سەقفەکە دەکردەوە. گوێی لە خۆی نیە. دەنگەکان لە کوێن! سەر هەڵدەبڕێ و دەقیژێنێ. پڕ بە گەرووی. پڕ بە شار. دەچێ دەم بە گەڵایەکەوە

دەنێ و دەقیژێنێ. بێ سوودە. گەڵا ئەوەندە تەسلیمی لکە، ناجوڵێ. خەڵکی شار لە کوێن، بۆ کوێ چوون. کەی ڕۆیشتوون؟ ئەو چەند ڕۆژەی تەنیایی ناو ماڵ چی ڕووی داوە. ڕۆژی پێش تەنیاییەکەی خۆی لە بیر دێت. شار پڕ لە زیندەوەرە سروشتی و دەستکردەکان بوو. تەنانەت پێش ئەوەی دەرگای حەوشێ دابخات، بۆ دوا جار سەیرێکی دەرەوەی کردبوو. لە پەنجەرەکەوەش منداڵی دراوسێکەیانی بینیبوو. باڵندەیەکیشی بینیبوو کە دەنووکی لە گەڵایەک خشاندبوو.

ڕەنگە لە دەرەوەی شار بن. لە شوێنێک وەک سەیران. مرۆڤ و باڵندە پێکەوە ئەمڕۆ لە سەیرانن. بەڵام لە دەرەوەی شار لە کوێ؟ دەرەوە، دەرەوەیە. بیری ئەو دیوی دیوارەکان و سەقفەکە دەکاتەوە. بە ناو شاردا هەڵدەگەڕێتەوە. بەرەو ماڵ. چەند بێ تاقەتە. ڕەنگە هەموویان لە ژوورەکەی مندا بن. ئا، لە ماڵی من. بزەیەک دەیگرێ. سەر بادەدا. برسیەتی. جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. دووکەڵەکە لە قژیا ون دەبێ. وەک گەوەنێک کە گڕی تێ بەردرابێ. دوا مژ وەک دوا پاروو قوت دەدا و تێر دەبێ. گەدە، لە پێچ و لوولی حەزی خواردن دەکەوێ.

کوڕە بە من چی لە کوێن! لە خۆوە بیریان لێ دەکەمەوە. باشتر! ژوور هی خۆم و شار هی خۆم. تەنیا پێویستە وەک ژوورەکەم، دیوار و سەقفی بۆ ساز بکەم. ئەوسا دەبێ بە شار- ژووری خۆم! ژوورە پڕ لە کۆڵان و جادەکەم. ژوورێک لە ناو دیوارەکانی هیچەوە. ئەو دیوارانەی وا دووکەڵ و نیگاکانی من ون دەکەن. بزەیەک دەیگرێ. پێدەکەنێ. قاقا پێدەکەنێ. بە بێ ئەوەی گوێی لە خۆی بێ شێتانە پێ دەکەنێ.

***

شەو لە خانووەکاندا:

- ئەمڕۆ بیستووتە کوڕەکەی کاکە حەمە چی کردووە؟

- نا، کاکە حەمە کێ؟

ـ کوڕە کاکە حەمە، لە بیرت نایەت ئەوەی وا بە خۆی و ژن و منداڵیەوە لە بۆمبارانەکەی پاردا تیا چوون. ئەها تەنیا کوڕێکیان ماوە!

ـ ئەها ئیستا دەزانم، بۆچی؟

ـ ئەمڕۆ کوڕەکەیان لە بەر هەموو دووکانێکدا راوەستاوەو لە دووکاندارەکەی روانیوە. سەری بە حەوشەی هەموو ماڵێکدا کردووە و سەیری ژنانی کردووە. سەعات و پارەکانی ناو گیرفانی لە سەر پردەکەوە فڕێ داوەتە ناو چۆمی شار. لەوانە بووە چەند جار بە ژێر سەیارەوە بێت. وەها پێکەنیوە کە کۆکاوەو لە سەر جادە کەوتووە.

ـ بە راستە! ئەی دواتر، دواتر چی لێ بە سەر هاتووە؟

ـ هیچ، چووەتەوە سەر تەنوورەکەی. حەتمەن دەزانی! خانووەکەیان لە بۆمبارانەکەدا بە تەواوی تیا چوو و خاپوور کرا!

24.04.2009

**ئازاری نینۆک**

لە بیری دێ هەمیشە دایکی نینۆکی بۆ دەکرد. کە کاتی دەهات، دانە دانە منداڵەکانی دادەناو ئەوسا بە نۆرە بۆی دەکردن. ئەم چونکە گەورەتر بوو لە پێش هەموویانەوە نینۆکی دەکرا. یان رەنگە لەبەر ئەوەی کە رچە بۆ منداڵەکانی دیکە بشکێنێ. ئاخر هەموویان دەترسان و حەزیان پێ نەدەکرد. دەمی نینۆکگرەکە کە لە دەمی ئەژدیهای ناو چیرۆکەکانی دەکرد، لە پێست و گۆشتی پەنجە نزیک دەکەوتەوەو بە زاری ساردی نینۆکی هەڵدەلووشی. جاری واش بوو گۆشت و پێست. ئەوسا قیژە و هات و هاواری منداڵەکان بەرز دەبووەوە.

هەڵبەت ئەمیش دەترسا. رێک وەک ئەوان. کەچی شتێک هانی دەدا کە ئەم ترسە راگرێ و نەیدرکێنێ. یان رەنگە کۆمەڵێک شتی تر. وەک هەستی لەخۆ بایی بوون، فشەکەری یان هەست بە بەرپرسایەتی کردن. نیگای منداڵەکان چەند گوناح دەهاتنە بەرچاو. خۆیان بچووک دەکردەوەو بە حەپەساوییەوە لە براگەورەکەیان دەڕوانی. ئەم حەزی لەم ترسە نەبوو. بۆیە کە بانگیان دەکرد سنگی پێش دەخست و دەستی بە ئارامی بەرەو دایکی دەکێشا و ئەوسا زەق زەق لە دایکی دەڕوانی.

دایکی بێ رەحم نەبوو. ئارام نینۆکی بۆ دەکردن و بە دەم کارەکەیەوە جارجارە لە گەڵ خێزانی دیکەی ناو ماڵەکە قسەی دەکرد. دەبوایە قسەی بکردایە! هەمیشە شتێک لە ناو ماڵەکەدا بزر یاخود دەمەودەست نەبوو. کتوپڕ لە کاتی ئەم قسەکردنانەدا، نینۆکگرەکە دەخزاو لە جیاتی نینۆک پێست و گۆشتی دەکەند. ئەوسا هات و هاوار بەرز دەبووەوە. دایکی لەم کاتانەدا لە هەمیشە داماوتر دینواند.

یان رەنگە هۆکارەکەی شتی دیکە بوو.

برینی دەمی نینۆک زۆر پیس بوو. درەنگ خوێنەکەی دەهات، بەڵام کە دەهات نەدەگیرسایەوە. هەروەها بە زەحمەت خۆش دەبووەوە. کزە و ئێشەکەیشی یەکجار ناخۆش بوو. لەم کاتانەدا ئەم هەمیشە پەنجەی برینداری بۆ ناو دەمی دەبرد. دەیمژی. کە ئارامی نەدەگرت، ئەوجا سووکە گازێکیشی لێدەگرت. "ئاه، لەعنەتت لێ بێت نینۆک، برینی نینۆک!" ئەم تەنیا هات و هاواری بوو، ئەگینا نەدەگریا. پڕ بە گەرووی و ژوورەکە هاواری دەکرد. دایکی و منداڵەکان دادەچڵەکان. رەنگە باقی خێزان و خەڵکی

گەڕەکیش. کێ چووزانێ، ڕەنگە پشیلە و کەڵەشێر و مریشک و جووجکەکانیش، لەحەوشێ. منداڵەکان، خۆیان ئەوەندەی دی بچووک دەکردەوەو دەیاندایە پڕمەی گریان. ئەمیش چەند دڵی پڕ دەبوو لە گریان و دڵی بۆ خۆی دەسووتا. بەڵام لە بەر منداڵەکان نەدەگریا.

لەبیری نایێ کەی وازی لە قیژاندنی کاتی نینۆک کردن هێنا و تەرکی کرد. زۆر جاران بیری لێ کردووەتەوە. دووای ئەو هەموو ساڵە، چ لە ناو جێگادا و چ لە سەر کار و چ لە کاتی بیرکردنەوە چ لە سێکسدا. جار جارەش لە کاتی کتێب خوێندەوەدا. هەروەها لە ئاودەستیش. تەنانەت لە کاتی پەڕینەوەی سەر سنوور و لەو کاتانەی کە بیری لە رووخاندنی رژیمی دەسەڵاتداری وڵاتەکەی دەکردەوە. قەت نەهاتەوە بیری. تا رۆژێک کتوپڕ هەر لە خۆیەوە دیسان تەواوی رووداوەکە لە زەینیدا زیندوو بووەوە.

ئەو رۆژەی وا بیری کەوتەوە، زستانێکی ساردی بەفراویی ئاسمان ساماڵ بوو. ئەم لە بەر پەنجەرەکە دانیشتبوو و سەیری دەرەوەی دەکرد. رۆژێکێ پشوو. جادە و گەڕەک چۆڵ. بۆیە بە ناچار سەری هەڵبڕیبوو و سەیری ئاسمانی کردبوو. ئەوێش چۆڵ. کتوپڕ لەوێ لەو قوڵاییە شینەدا هەستی بە پنتێکی رەشی دوورەدەست کردبوو. جوانتر لێی رامابوو. فڕۆکە بوو. فڕۆکەیەکی دوورەدەست لە پانتایی شینایەکی سەهۆڵینی بێ کۆتا. پنتەکە دەکشاو و دەکشا. بۆ چرکەیەک وەها کە ئیدی تەنیا ئەو پنتە و ئاسمانی دەدیت. دواتر تەنها پنتەکە لە قوڵاییەکی رەهادا. قیژاندبووی! بە دەم قیژاندنەوە، راچەنیبوو و کورسییەکی لە گەڵ خۆی راکێشابوو. هەنگاوی یەکەمی تەواو نەکردبوو کە هاتبووەوە بیری. ئا، هەموو رووداوەکە زۆر سەیر ژیابووەوە.

ئەو رۆژە باوەگەورەی لە ماڵ بوو. رۆژێکی هاوینی ئەو ساڵانەی وا هێشتا گەڕەک بۆ ئەو، هەموو مانای ژیان بوو، دایکی منداڵەکانی کۆکردەوە. حەح! کۆکردنەوەیان چەند زەحمەت بوو. هەر یەکە و لە لایەک. وەک هەمیشە بە ریز لە ژوورەکەدا. وەک هەمیشە ئەم کەوا سووری بەر لەشکر! منداڵەکان کە بۆنی خۆڵی گەڕەک و تیشکی هەتاویان دەدا، لە یەک ئاڵابوون. بڕیاری دابوو گەر نینۆکگرەکە پەنجەی گەست، نەقیژێنێ. لە دڵی خۆیدا سوێندی خواردبوو. دیسان لەو کاتەی دا دەستی بەرەو دایکی راداشت، پەیمانەکەی لە دڵی خۆیدا لە گەڵ خۆی تازە کردبووەوە. لە پەنجەی سێهەمی دەستی دووهەم، واتە دەستی راستدا بوو (دایکی هەمیشە لە دەستی چەپەوە دەستی پێدەکرد. لە بەر ئەوەی شەیتان زووتر بتارێنێ) کە نەنکی لە ژوورە گەورەکەوە بە دەنگی بەرز پرسیاری شتێکی لە دایکی کرد. وەڵامدانەوەی دایکی هەمیشە

مەند و لە بیرا و گەستنی نینۆک گرەکە تەقریبەن هاوکات بوون. ئەم ئەگەرچی خۆی جیڕ کردبووەوە و بە وردی لە پەنجەی خۆی دەڕوانی، بەڵام هەناسەی کپی مۆڵ خواردووی ناو سینگی وەها کتوپڕ هاتە دەرەوە کە بۆ خۆیشی باوەڕی نەدەکرد. دەنگێکی وەها وەک ئەو دەنگانەی کە شاعیری هان داوە بڵێ "دەنگ نامرێ!" نازانێ منداڵەکان لەم کاتەدا چییان کرد و دەنگی تا کوێی گەڕەک بڕی کرد و، پشیلە و کەڵەشێر و مریشک و جووجکەکان تا چەند هەڵبەزینەوە و بەرەو چ کون و کەلەبەرێک هەڵاتن، بەڵام جوان لە بیری دێ کە گەروو و سینگی هاتنە ژان. وەها کە دەردی پەنجەی لە بیر کرد. دایکی کە واقی وڕمابوو، دەستی کێشایەوە. هەر لەم کاتەدا باوەگەورەی لە پشت دەرگاکەوە دیت. ئەوسا لە بەردەمیدا. وەها زشتیەکی لێدرا، کە بۆ دوو هەفتە گوێیەکی کپ بوو. ئەها! لە بیری دێ دایکی لەو کاتەوە وازی لە نینۆک کردنی بە کۆمەڵ هێنا و بە ئەنقەست دووای دەخست. رەنگە کاتی دەکوشت بۆ ئەوەی منداڵەکان گەورە بن و ئیدی بۆ خۆیان نینۆکی خۆیان بکەن.

لەو کاتەوە دایکی نینۆک کردنی دوواخست، ئەم نینۆکەکانی درێژ درێژ دەبوون و ئەوسا بنیشیان بە هۆی چڵکەوە رەش رەش هەڵدەگیرسا. ئیتر لەو ساڵانەوە بە ئیستاشیەوە بێت، یەکجار کەم نینۆک دەکا. نینۆک بووە بە بەشێک لە ژیانی. بەشێک لە کەسایەتی. درێژیان دەکا و بە هەر کامێکیشیان ئەرکێکی سپاردووە: پەنجە تووتە بۆ لووت خاوێن کردنەوە، پەنجەی برا تووتە بۆ سەر و مل خوراندن، پەنجەی شایتمان بۆ خوراندنی سەر سینگ و خاوێن کردنەوەی قەراغی لێوەکانی، پەنجەی گەورە بۆ ئەو کاتانەی وا دادەنیشێ و بنی قاچی دەخورێ و سەرئەنجام پەنجەی ناوینە بۆ ناوچاوانی ئەو کاتانەی وا بیر لە منداڵی یاخود هەر شتێکی دیکە دەکاتەوە. هەڵبەت کە سمتی دەخورێ، ئیدی فەرقیان نیە. هەموویان لە خزمەتدان!

چەند حەزی لە نینۆکەکانیەتی. جاری وایە هەر دە پەنجەی لە سەر رانەکانی دادەنێ و بە ئیشتیا سەیریان دەکا. ئەوسا وێنەکان دێن. هەر نینۆک و شاشەیەک. سەفحەیەکی تەلەفزیۆن. شاشەیەک لە ساڵانی زوو. لەو ساڵانەی وا فشەکەر بوو. وێنەی منداڵەکان و دایکی. وێنەی گەڕەک. گەڕەکێک لە نینۆکێکدا. نینۆکێک لە گەڕەکێکدا. ئیستا ئیتر لە مێژە هەست بە ژانی نینۆک ناکا. بەڵام نینۆکەکان وێنەی ژانەکانی منداڵیان لە گەڵ خۆ هەڵگرتووە. تەنانەت ئەو رۆژەی وا باوەگەورەی بۆ یەکەمین و بۆ ئاخرین جار لە پشت دەرگای ژوورەکەی خۆیانەوە دیت. لەو رۆژەوە ئیتر باوەگەورەی لە بیر نایەت. دەڵێی باوەگەورەی بۆ هەمیشە بوو بە دەرگاوانی ناو گوێچکەی و ئەم ئیتر ناتوانێ بە چاو بیبینێ. باوەگەورە لە گوێچکەکانیدایە.

شانازی بە پەنجە و نینۆکەکانییەوە دەکا. جارجارە رەنگیان دەکا و بە بێ دەستکێش لە سەرمای دە دەرەجەی ژێر سفردا دەچێتە دەرێ و هەڵیاندەسووڕێنێ. کە دێتیشەوە ماڵ، هەر بەو پەنجانە ئاور دەکاتەوە، چای سازدەکاو خواردنێکیش. خەڵکی نینۆکەکانی دەناسن. کە ئەم پیشانیان دەدا، ئەوان تەنیا باس لە جوانییان دەکەن. پێدەکەنێ و خەنی لە خۆی و خۆی رێی خۆی دەگرێتەوە بەر.

لە بیری دێت لەو رۆژەوەی دایکی ئیدی درەنگتر نینۆکی بۆ دەکرد، منداڵەکانی گەڕەکیش زیاتر لێی دەترسان. ئەم نینۆکەکانی پیشان دەدان و شوێنیان دەکەوت. ئەوانیش دەیانقیژاند و هەڵدەهاتن. جاری وابوو ترسی نینۆک بە تەنیای دەهێشتەوە. گرنگ نەبوو. دەیبینی کە لەم کاتانەدا منداڵانی گەڕەک زیاتر لە هەر کاتێکی تر باسی دەکەن و چاویان لێیەتی.

تەنیا عەیبی نینۆکی درێژ ئەوەیە کە ناتوانێ بە پەنجەکانی بنووسێ. بۆیە نینۆکی پەنجەی شایەتمانی دەستی راستی تیژ کردووەو جەوهەری کڕیوەو شەوانە جاروبار دادەنیشێ و پێی دەنووسێ. کە دەشنووسێ، رووداوەکانی ئەوساڵانە دەنووسێتەوە. باسی منداڵەکان و دایکی و باوەگەورە و ئێشی نینۆک. بە نینۆکەکانی بەسەرهاتی ئێشی نینۆک دەنووسێ. زۆر حەزی بە نینۆکەکانیەتی. جار و بار ماچیان دەکا. سوپاسیان دەکا کە هەموو شتێکی بۆ دەکەن، هەر لە خۆ خوراندنەوە بگرە تا بیرکردنەوەو نووسین.

لەو کاتەوەی تێگەیشتووە نینۆک چییە، تەنانەت نینۆکە کراوەکانیشی فڕێ نادات. لە توورەکەیەکدا کۆی کردوونەتەوە. نیوە توورەکەیەک دەبێت. وەک پێست و گۆشت نین کە برزێن. وەک ئێشیش نین هاوار بکەن. نە وەک گوێ کپ دەبن و نە وەک منداڵیی و گەڕەکیش بزر. نینۆک، نینۆکە. چ لە توورەکەدا و چ بە پەنجەوە هەر دەمێنن و دەمێنن. نامرن. "نینۆک، نامرێ!" توورەکەی نینۆکەکان لە پاڵ سەرینەکەی لە ناو جێگاکەیدایە. هەموو شەوێک لە سەری دەخەوێ و خەون بە جارانەوە دەبینێ. ئەم ئیتر لە مێژە پێی وایە کە نینۆک تەنیا نینۆک نیە. نینۆک ناگۆڕدرێ. قەت پیر نابێ. هەمیشە وەک جارانە و وەک داهاتوو. کاتەکان تێیدا بزر دەبن و کەچی ئەم تیایاندا ون نابێ.

کاتێ کە خەون دەبینێ، ئاگای لێ نیە چۆن توورەکەکە لە مشتیدا دەگوشێ و چلۆن مڵچە مڵچی دەمی دێ. ئاگای لێ نیە چۆن ئاو لە قەراغ لێوەکانییەوە رێچکە دەبەستێ و دەڕژێتە سەر سەرینەکەی و سەر

توورەکەکە. ئاگای لێ نیە چلۆن نینۆکەکان تەڕ و نەرمتر دەبن. ئەو تەنیا خەون دەبینێ. خەون بە گەڕەکی نینۆکەکان و ئازارەکانیانەوە.

# رزگارم دەبێ!

ماوەیەک بوو گەیشتبوو. ئەگەرچی خایاندبووی، بەڵام خەونەکەی بەدی هاتبوو! سنووربڕی لانیکەم شەش حەوت وڵات، ئێستا ئیتر لە کەمپێک لە باکووری ئەورووپا لە هەوڵی لەبیرکردنی یادەوەرییەکان و ژیانی رابردوویدا بوو. لە کاتێکدا لە شەوانی روونی ئێرەدا لە بەر تاقە پەنجەرەی ژووره گچکەکەیدا رادەوەستا و سەیری دارستان و شاخی دەکرد، هەوڵی دەدا خۆشترین خەونەکان بە مێشکیدا گوزەربکەن. پێوانی چەندین وڵات و گەیشتن، جۆرێک هەستی لە خۆبایی بوونی تێدا پێک هێنابوو. متمانە بە خۆبوونی یەکجار زیادی کردبوو. وەها کە دەیتوانی جارێکی دیکەش ئەم رێگا دوورو درێژە تاقی بکاتەوە. بە هەر کەس دەگەیشت، حەزی دەکرد بۆی بگێڕیتەوە کە چی لێ گوزەراوەو چی لێ بەسەرهاتووە. کەمێک بەژن کشاوەتر بە رێگادا دەڕۆیشت. کە جگەرەشی دەکێشا، گەردنی بۆ بەرزدەکردەوەو ئەوجار دووکەڵەکەی لە سییەکانیەوە دەرباز دەکرد. چ تامێکی بوو! دنیا چ خۆش و چ بەلەزەت بوو!

کە لە سنوور پەڕیبووەوە، لە بەر خۆیەوە گوتبووی: "ئۆخەی ئیتر رزگارم بوو، ئیتر چیتر بێ کارەبایی نابینم، تەپ و تۆز نامخوا، لە گەرما قوتارم دەبێ، چەکدارە سمێڵ فشە تورەکان لە بەر چاوما ون دەبن، ئیدی ئەوەندە ئارەق ناکەمەوە و هەتاو نامبرژێنێ، گیرفانی بەتاڵ ماڵئاواییم لێدەکا و کە گەڕاشمەوە وەها سەیارەیەک دەکڕم کە کوڕە مەسوولەکەی دراوسێمان قەت رووی نەیەت سواری سەیارە عەلەویەکەی بێتەوە!" ئەوسا بزەیەک نیشتبووە سەر لێوی. بزەیەک لەو بزانەی کە پیاو کەمێک ملیشی بۆ خوار دەکاتەوە. بیری هاتەوە کە یەکێک لە قاچاقچیەکان رەسمی حەمامێکی ئیستانبوڵی تورکیەی پیشان دابوو، کە تێیدا ژنێکی رووتی یەکجار جوان پیاوێکی ماساژ دەدا. بیرە شەرمنەکە، مێشک و لێوەکانی گەست: "ئیدی لە دەستپەڕیش نەجاتم دەبێ!"

لە بیری دێت جارێکیان لە ئاودەستەکەیان خەریکی دەستپەڕ بوو. عەسرێکی هاوین، ئەو کاتەی وا گەرما لە دەرەوە دەتبرژێنێ و لە ژوورەوە لە ناو ئاودەست دەتوێنێتەوە. ئەمیش چەند سۆز و حەزی جەستەی دایگرتبوو. بە ئافتاوەی پڕەوە، خۆی بە ئاودەستدا کردبوو. پیاو لە ئاودەست زۆریشی پێ بچێ،

عەیب نیە. ئەسڵەن خەڵکی هەر هەموویان زۆریان پێدەچێ. بە تایبەت لە هاویندا کە بە هۆی ئارەق کرنەوەوە، تەڕایی لە لەشدا نامێنێ. ئەم بۆ خۆی قەت کەسی نەبینیوە کە لە دە دەقیقە کەمتریان پێچووبێت. جا با دەی تریشی لە سەر بێت. تازە کێ لای ئێمە ئەوەندە بەوی دیکەوە خەریک و سەرقاڵە، تا بەمەوە سەرقاڵ بن. بەڵام... بەڵام خوا غەزەب لە مێشولە گرێ، مەگەر دەهێڵن! ئەوەندە بە لاسمتیانەوە دەدا کە تەنیا پێی دەکرا خۆی بخورێنێ. دەستێک بە پێشەوەو و دەستێک بە پاشەوە! حەک بەزیا نەبێت چ وڵاتێکە! نە لە دەرەوە حەمامێکی تاکە کەسی لێیە و نە لە ماڵەوەش وەها کە ئاو تەنیا بۆ تاکە کەسێک گەرم کەن.

لە کاتێکدا هەستی بە وردیلە بەردێک لە ناو پێڵاوی قاچی راست دا کردبوو، لە بەر خۆیەوە بە بزەیەکەوە گوتبووی: "لە مێشولەیش رزگارم دەبێ!"

بەڵام کاتی ئەوە نەبوو کە زۆر خۆی بەم بیر و داڵغانەوە سەرقاڵ کات. لە بیری دێت لە سەر سنوور لە دوورەوە دەنگی هەلیکۆپتەری بیستبوو. بە پەلە خۆی بە بن دەوەنێکدا کردبوو. لە خوا بەزیابێ ئەم سەر سنوورانە ئەوەندەی دار و دەوەنی تێدان کە بۆ خۆحەشاردان پەک ناکەوێ. بە لەشێکی ئارەقاوی و بە روخسار و جل و بەرگێکی تەپ و تۆزاوییەوە خۆی بە بن دەوەنێکدا کردبوو. کۆپتەرەکە لەوە نزیکتر دەفڕی کە پیاو بۆی دەچوو. نزم نزم وەک واشەیەکی برسیی عەوداڵی کۆترێکی دەشتەکی یاخود پاسارییەک. وەها نزم کە زەوی کەوتە لەرزین. دەوەنەکە کەوتە سەما، سەمای ترس. گەڵاکان خۆیان لەم دەخشاند. ئەوسا لە نێوان گەڵا پەرۆشەکانەوە سیمای دوو پیاوی لە ناو کۆپتەرەکەدا بینیبوو، سمێڵی زل و فشی یەکیان بە تەواوی سەرنجی راکێشابوو.

ئەگەرچی کۆپتەرەکە دوورکەوتبووەوە، بەڵام نەیوێرابوو بجوڵێ. چ ماوەیەک؟ نازانێ. ئەوەندی زانی کە دنیا بوو بە سێبەر. بیستبووی کە ئەم باڵندە ئاسنینانە بە شەودا ناوێرن هەڵفڕن. هەربۆیە ئارام جوڵابوو و وەڕێ کەوتبووەوە. کە گەیشتبووە قەدپاڵی لوتکەکە، دنیا تاریک داهاتبوو، بە بێ هیچ کارەبایەک. دەستی بە گیرفانیدا کرد، بەتاڵ. بەڵام دۆلارەکان لە شوێنێکی باشدا بوون. بڕوای نەدەکرد کە جەندەرمە بتوانن بیاندۆزنەوە. لە دوورەوە گڵۆپە کزەکانی ئاواییەکی ئەودیوی سنوور سەرنجیان قۆستبووەوە. لە کاتێکدا بای فێنکی شەو ئارەقەی لەش و جلو بەرگەکانی لە گەڵ خۆی دەبرد، لەبەر خۆیەوە گوتبووی: "لە روخسارە گرژ و سمێڵە فشەکانی توڕەیی، رزگارم دەبێ!"

به گەیشتنە ئەورووپا، دەرباز بووبوو. لێرە کارەبا هەبوو، ئارەقی نەدەکردەوە، تەپ و تۆز بە سەروچاویا نەدەچوو، گیرفانی بە تاڵ نەبوو، پیاوەکان سمێڵیان دەتاشی و، لەمانە گرینگتر حەمامی تاکەکەسی لێبوو. لەو حەمامانەی کە هەمیشە ئاوەکەی گەرم بوو. حەمام هەموو کات لە خزمەتدا بوو! بەڵام دوو شت، کتومت هەر لەوێی دەکرد، ئەو شتانەی کە نەدەبوایە لەوێی بکردایە: "مێشولە و دەستپەڕ!"

هەڵبەت مێشولەی ئێرە چارەسەر دەکران. پیاو دەرگای حەمامەکەی دادەخست و ئەوسا یەک بە یەکیانی دەکوشت. ئەسڵەن هەربۆخۆیان لە ناو هەڵم و گەرمای حەمامەکەدا تاقەتیان نەدەهێنا و دەفەوتان. بۆیە بێ خەم لێیان، دەچوو بۆ حەمام و ... و دەهاتە دەرێ.

بەڵام هەر مێشکی پێیانەوە مەشغوڵ بوو. حەزی دەکرد کە ئەمەش نەبایە و ئیتر بۆ هەمیشە لە بیرکردنەوە لە رابردوو قوتاری بایە. مێشولەکان لەوێ بوون. مێشولەکان ئەویان بە رابردووەوە گرێ دەدا. پەنابەرەکانی دیکەی ناو کەمپەکە پێیان گوتبوو کە تەنیا لەم وەرزەی ساڵدا کە گرمترین رۆژەکانی ساڵە، پەیدا دەبن. هەڵبەت بە هۆی ئەوەوە کە زوو هەوا سارد دەبێ، زۆر ناخایەنێ و ون دەبن. بەڵام ئەم پەلەی بوو. ئەسڵەن مێشولەکانیش جۆرێک بوون، یان زۆر ورد یان زۆر درشت. باشە نەدەکرا شتێک بان لە نێوەدا؟ وردەکانیان پێکەوە دەفڕین و گەورەکانیان بە تەنیا. کە وردەکان لێت دەئاڵان، دەبا تەنیا لە ناوچەکە هەڵەیت و دوور کەویتەوە. شەڕکرن چاری نەدەکردن. مەگەر پیاو دەتوانێ چەندە بکوژێ؟ خۆقوتارکردن لە گەورەکان ئاسانتر بوو، بەڵام خراپیەکەی ئەوە بوو کە دەنگیان نەبوو. بۆیە تا پێیانەوە نەدابای، نەتدەزانی کە ئەوا بە جەستەتەوە مەشغوڵن. جێ گەستنیشیان چەند ناجۆربوو!

چار نەبوو، دەبا راوەستێ! تەمەن کورتیی وەرزی گەرما دڵی خۆش دەکرد. بە بزەیەکەوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "بێچارە مێشولەکان، تەمەنتان چەند کورتە!" بەڵام رۆژگاری کەمپ دوورودرێژ بوون. کات نەدەگوزەرا. کە بەیانی لێدەهات، دوای ناشتا دەچووە دەرێ و لە سەر بەردێک دادەنیشت و جگەرە هەرزان و قاچاخەکانی بە بادەکرد. ئەو جگەرانەی وا بە قەدەر تەپاڵە دووکەڵیان لێ هەڵدەستا. دووکەڵەکە، مێشولەکانیان راودەنا، بەڵام نەک هەمیشە. کە جگەرەی دەکێشا، دەستێکی بە جگەرەکەوە بوو و بە دەستێکی دیکەشی خۆی دەخوراند، بە تایبەت قاچەکانی. لەم کاتانەدا بیری ئاودەستەکەی لای خۆیان دەکەوتەوە. هەست دەکا لە هەموو شتێک وەڕەزە.

وێنەی حەمامەکەی ئیستانبوڵ لە بەرچاویایەتی. چەند جار لێرە پرسیویەتی. هەموو سەری لێ بادەدەن. تا سەرئەنجام ڕۆژێک زانی کە یەکجار گرانە. پارەی مانگ و نیوێکی کەمپ، تەنیا بەشی سەردانێکی دەکرد. ئەویش تەنیا بۆ چوونە ژورەوە و ئەوەی کە تەنیا کەمترین ماساژت بدەن، نە زیاتر.

کەواتە دەبێ چارەیەک لێرە لە خودی کەمپەکە ببینێتەوە. کەمپ؟ ئەو کچە مەقنەعە بەسەرە سۆمالیانە؟ پێکەنینی دێ. ئاخێک هەڵدەکێشێ. "چار نیەوا دیارە دەبێ تەنیا چاوەڕوانی قەبوڵی بم!" ... 'ئەی خوایە تا ساڵێکی تریش!"

بەڵام چەند ڕۆژێکە دنیا گۆڕاوە. ماوەیەکە کچێکی تازە هاتووەتە کەمپەکەوە. جوان، ناسک و شۆخ و شەنگ. بە پێچەوانەی کچە سۆماڵیەکان، خۆی داناپۆشێ و تەنیا بە ئەزیزێیەکەوە دێتە دەر. ئەزیزییەکی سووری کورت. ئەم لەوە دڵنیایە کە ئەو تەنیا ئەم ئەزیزییەی لەبەردایەو بەس. چەند جار لەبەرخۆیەوە خوای بە شاهید گرتووە. خواش بە بزەیەکەوە لێی ڕوانیووە و هیچی نەگوتووە. بزەش نیشانەی ڕەزایەتە.

ئاگای لێیە کچەکە دێت و دەچێ. لە شوێنی نانخواردنەکە، کە هاوبەشە نان ناخوا، بەڵکو خواردنەکەی وەردەگرێ و دەچێ لە بیناکەی خۆیان دەیخوا، لە گەڵ کچەکانی دیکە. چەن جار بە دەم کچەکەوە پێکەنیووە، بەڵام وەک بڵێی هەر نایبینێ، نایناسێ. ئەسڵەن دەڵێی چاوی هیچ کوڕێک نابینێ. خوایە چەند حەزی پێیەتی، بە پێکەنینی، بە قژی، بە قسەکانی کە ئەم لێیان حاڵی نابێت، وە بە جەستەی. چەن جار لە حەمام دووای کوشتن و خنکاندنی مێشوولەکان بە ئاوی گەرم، بە خەیاڵ ئەزیزییەکەی لەبەر داکەندووەو ... . چەند بێ ئۆقرەیە! چەن ڕقی لە خۆیەتی!

بینای کچەکان بەوبەری حەوشەکەوەیە. حەوشەکەش یەکجار گەورەیە. ئیستا ئیتر بە ڕۆژ و بە شەو لەوێیە. پاکەتەکەی هەڵدەگرێ و دەچێ بۆ ئەوێ. لە حەوشەکە دادەنیشێ و بە تەمای نیگا یان ڕابواردنێک، یەک لەدوای یەک جگەرە دادەگیرسێنێ و دەیانکێشێ. ئیستا جێ گەستنی مێشولەکان ئیتر زۆر ئەزیەتی ناکەن. دەستی، دەیانخورێنن، بەڵام خەیاڵ لەوە نییە.

لە یەکێک لە ڕۆژە گەرمەکانی کەمپەکەدا بوو کە لە خەو هەستا. لە جێگاکەی هاتە دەرێ. خەریکی ڕێک و پێک کردنی جێگاکەی بوو کە بە لاچاو هەستی بە گۆڕانێک لە حەوشەکەدا کرد. ڕووانی. مێزی پینگ پۆنگ. مێزێکی تازەی پینگ پۆنگیان لە حەوشەکە دانابوو و کوڕەکان خەریکی کایە بوو. کەمێک سەیری کرد، بەڵام وازی هێنا. تاقەتی نەبوو. ئەمڕۆ ناشتای لە کیس چووبوو. درەنگ خەبەری بووبووەوە. گرنگ نیە. جگەرەی پێیە. سەروچاوی شۆرد و چووە خوار. بە تەمای حەوشەکەی ئەوبەر بوو کە بینی کچە ئەزیزییە سوور لەبەرەکە لەوێیە، لە لای مێزی پینگ پۆنگەکە. خەریکی یاریکردن بوو.

چەند شۆخ و شەنگ! لەش و لاری چەن سووکەڵە و گورج. وەک ئاسک. ئاه خوایە! تاقەتی نەگرت، چووە پێش. چوو تا لە گەڵ ئەوانی دیکە لە پێشەوە سەیر بکا. ئەمڕۆ ئێرە زۆر قەرەباڵغ بوو. هەتاو لە هەموو ڕۆژەکانی دیکەش گەرمتر. جگەرەیەکی داگیرساند. جێگایەکی لە پێشەوە بۆ خۆی کردەوە. لە گەڵ هەر پاسکارییەک و هەڵخستنەوەیەک چەند جوان لەش و لاری دەکەوتە سەما. خوایە لەو سینگ و کەمەرە! داوێنی ئەزیزییەکەش بە هەر هەڵخستنەوەیەک، چەن جوان مەیلی دەرخستنی ڕان و سمتەکانی بوو. بە هەر دانەواندنێکیش، جووتە مەلی یەخسیری سینگ چەند ئاسان حەزیان بە فڕین بوو.

هەموو ئازای ئەندامی کێشرابوون. پنت بە پنتی لەش هەستی دەکرد و مەیلی لە قسە و لە گۆرانی بوو. ئا، بێگومان تەنیا هەر ئەمەی لەبەردایە. خوایش بە خوایی خۆی ئەمە دەزانێ! جێگای گۆڕی. چووە ئەوبەر. بەڵام زۆر فەرقی نەبوو. دەبا پێش یان پشتی کەوێ. بەڵام پێشی کچەکە مێزی پینگ پۆنگەکە بوو و پاشیشی دیوارێ بە دوو متر واوەتر. کەس نەیدەتوانی لەوێ ڕاوەستێ، چونکە مەوداکە یەکجار کەم بوو و یاریچییەکەی دەخستە زەحمەتەوە. کتوپڕ بیرێک بە مێشکی دا هات. ئا، دەتوانێ بۆ ساتێکیش بێت لەوێوە تێپەڕێت. بەڵام بە ساتێک چی دەست دەکەوێ؟ بێگومان هیچ. یاری تەواو نەدەبوو. کەس حەزی نەدەکرد لە کچەکەی وەرگرێ. تەنیا دەستی ئەوبەر بوو کە دەگۆڕدرا. لێرەوە جەستە چەند هەست پێکراوتر بوو! ئەزیزییە سوورەکە چەند لە گەڵ ئەو پێستە سپی و ناسکەدا دەهاتەوە. کتوپڕ بیرێک بە مێشکی دا هات.

بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا جگەرە تازە داگیرساوەکەی دەستی فڕێ دا و ئارام بە پێی کوژاندییەوە. هەستێک وەک هەستی پەڕینەوە لە سەر سنوور دایگرت. یەکێک لە کارمەندەکانی کەمپەکە لە سەر پێ پلیکانەیەک بە دەستی ڕاستی کچەکەدا دانیشتبوو و سەیری یاریەکەی دەکرد. کارمەندەکەش محوی یارییەکە بوو. ئەم خۆی گەیاندە دەستی چەپی کچەکەوە و بەرەو لای کارمەندەکە کەوتە پەڕینەوە. کچەکە بە تەواوی

سەرقاڵی یارییەکەی بوو و خەڵکەکەیش بە تەواوی مەست و مەحوی کچەکە. کەس ئاگای لێ نەبوو، تەنیا کارمەندەکە نەبێ. کە گەیشتە پشتی کچەکە، راوەستا و داموکایەوە و کەوتە خوراندنی قولاپەی قاچی. ئەوسا گەردنی بۆ خوار کردەوەو بە شوێن شتێکدا لە ژێر ئەزیزییە سوورەکەدا کەوتە گەڕان! چەند چرکەی خایاند، بۆ خۆیشی نازانێ. کە سەری هەڵێنا کارمەندەکەی بینی کە سەیری دەکا. بە بزەیەکی شەرمەوە، لە کاتێکدا هەوڵی دەدا بەردەوام بێ لە قاچ خوراندن، بە کارمەندەکەی گوت: "بە خوا برا مێشولەکانی ئێرە پیسن، یەکجار پیسن!"

13.03.2010

## دڵتەنگی

ماوەیەک نەیدەزانی داخۆ دڵی خۆشە یان ناخۆشە! ئەسڵەن هیچ وێنایەکی لە زەین و دەروونیدا نەمابوو. تەنیا دەژیا. ژیانێک وەک رووانین، هاتن و رۆیشتن، نان خوارن، خەوتن، جار جارە قسە کردن و دانیشتن. شتێک وەک بەتاڵی، بەتاڵیی دەروون. دونیایەک کە تێیدا هەموو رەنگەکان، ژمارەکان و ئەندازەکان وەک یەک وابوون. هەموو شتێک لە یەک دەچوو. جیاوازییەکان نەمابوون. دنیا، پەیکەرێکی تاپۆئاسا. روانین، تەنیا بە سەر شتەکان و دیاردەکاندا دەخشا و دەخشا، ئەوسا لە شوێنێک ون دەبوو. یان رەنگە لە هیچ شوێنێک لەوبەری شتەکاندا ون نەدەبوو، بەڵکوو هەر لە ناو شتەکاندا لە شوێنێکی نادیار لە خۆیدا نوقم و بزر دەبوو. بیرکردنەوەکانیش هەروەها. زەین و بیر هیچ شتێکی لەخۆ نەدەگرت. زەین، بوونێکی بەتاڵ. تەنیا هەبوونێک لە ژیانێکی داسەپاودا. کە بەیانی لێ دەهات، لە خەو هەڵدەستا و دەچووە بەر پەنجەرەکەو سەیری ئاسمانی دەکرد. ئاسمان دیاربایە یان نا، ئەمە پیشەی بوو. شەوانەش پێش خەو ئەم کارەی دووپات دەکردەوە. ئیتر لە بیری نایەت لە نێوان ئەم دوو روانینەدا لە ئاسمانی دەڕوانییەوە یان نا. تەنیا کاتە یەکسانەکان بوون کە لە خۆی دەگرتن.

وەک عادەتی ڕۆژانە و وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە کارە ڕۆتینە ڕۆژانەکانی ئەنجام دەدا. بەڵام تەنیا ئەنجامی دەدان. هیچ کردەوەیەک لەوێ نەبوو. ئەم لە شوێنێکی دیکە بوو. لە شوێنێکی بێ ڕەنگ و بێ بۆ و بێ بوون و بێ هەبوون. کەی ئەم حاڵەتە دەستی پێکرد؟ نازانێ! دەیزانی وەڕەزە لەمە. دەیزانی زۆر بەتاڵە. دەیزانی جەستەی تەنیا دیاردەیەکە کە ئەم تەنیا هەڵیدەگرێ و بەس. ڕۆح؟ نازانێ! ڕۆح، جەستەی هەڵدەگرت یان جەستە ڕۆح؟ نازانێ! داخۆ ئەم دووانە لە کوێ بە یەک دەگەیشتن؟ دیسان نازانێ! جاری وایە جەستەی خۆی دەبینی کە لە شوێنێک هەڵکورماوەو لە ڕۆحی دەڕوانێ کە لەولاوە لەو دوور دوورانە خەریکی پیاسەیەکی بێهوودەیە. پیاسە بە ناو دونیایەکدا کە کەس نەیدەزانی لە کوێ دەست پێدەکاو لە کوێ کۆتایی دێت. یان ڕۆحی خۆی دەبینی کە لە شوێنێک دانیشتووەو لە جەستەی سەرگەردانی دەڕوانێ. ئەو جەستەیەی کە زۆر لە جەستەی نەدەکرد. ئەو جەستەیەی کەس نەیدەبینی و کەچی چەندەش حەزی لە ناو ئەوان بوو!

جارجارە هەوڵێک بۆ گەڕانەوە بۆ پێش ئەم دۆخە. بەڵام بێهوودە. ڕەنگە دونیا هەروابووە و هەرواش دەبێ. جارجارەش هەوڵێک بۆ بەزاندن و واوەترچوون لێی. بەڵام دیسان بێهوودە. چەند جەستە و ڕۆحێکی چەقیوو! بوونێک، کە تەنیا بوون بوو. یاخود هەبوون.

تا شەوێک کە شتێکی بیست کە دەبا سەرئەنجام بیبیستێ! شەوێک لە شەوەکانی هاوین. ئەو کاتانەی هەموو لە ماڵەوە دانیشتوون و دووای نان خواردنی شەو خەریکی چاخواردنەوەن. ئەوسا قسەیەکی بیست. نازانێ کێ، بەڵام کەسێک گوتی: "مێشکم پەرێشان دەبێ کاتێک دەبینم کەسێک پیویستیی بە شتێک هەیە!" جوڵا. بەم قسەیە جوڵا. چۆن بوو مێشکی ئەم گوتەیەی لە خۆگرت، نازانێ. تەنیا گرتی. ئەوسا ئارام هەستا و چووە ژوورەکەی تر. لەوێ چووە بەر پەنجەرەکە. جگەرەیەکی داگیرساند. سەری هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد. ئاسمانی نوقمی ئەستێرەی هاوین. وە شاخێک کە لە پانتاییەکەیدا ڕاکشابوو. ئەوسا ئەستێرەکان جوڵان. یەکیان بوو بە جەستەیەکی لەت لە ناو تۆز و دووکەڵ و هاوار و گرمەدا. ئەستێرە لەتەکە کەوتە سەمایەکی ئارام. وەک سەمای ئازار. سەمای جەستە لە دوا کاتەکانی ژیاندا. ئەستێرە لەتەکە لە بەر تۆز، خوێنی جەستەی دیار نەبوو. لە بەر گرمە و هاوار هەناسەی خنکابوو. نەدەبیسترا. ئەستێرەیەکی تۆزاوی، کە تەنیا لەمی دەڕوانی و لە ژێر لێوەوە ڕستەیەکی تام دەکرد. سەری دانەواند. لە باغەکەی ڕووانی. باغی ناو حەوشەکەی خۆیان. ئەوسا دارگوێزەکەی بینی کە لقەکانی کشان. ئەوەندە بەرز تا ئاسمان. لەوێ لە

ئەستێرە لەتەکە ئالان. یەکێک لە گەڵاکان پەنجەی خستە سەر لێوی ئەستێرەکە و گەڵاکانی دیکە جەستەیان داپۆشی. چوارمیلکە دانیشت و سەری لە ناو لەپی دەستەکانیدا ون بوو.

ماوەیەک یەکجار دڵی ناخۆش بوو! وەها کە لەم دڵ ناخۆشتر لە جیهاندا دەست نەدەکەوت. ئەوەندە غەمگین کە دەڵێی خودی پەیکەری غەم بوو. قاچەکانی بە ئاستەم هەڵدەهاتن و جەستەی سەرتاسەر بوونێکی شۆڕ. شۆڕ شۆڕ بە سەر زەویدا. پەیکەرێک کە شان و سەر و ملی لە یەک جیا نەدەکرانەوەو کەمەری هەمیشە دەڵێی لە ئامێزی زەوی، یاخود دەستێکی نادیاردا بوو. کە دەڕۆی، هەموو دەنیا رادەوەستا. کە دەڕۆی هەموو شتێک ئارەقی دەڕەشت. کێوەکان، تەمێکی سەیر دایدەگرتن و ئاسمان، وەک شینێکی تووەاوە تک تک بە ئاسۆدا دەچۆڕایەوە. دەزانێ کە لەو رۆژەوە غەمگینە کە ئەستێرەکە بریندارکرا و دارگوێزەکە لە حەوشەکەی ئەمانەوە ناشتی. حەزی دەکرد لە هەموو شوێنێک باسی ئەستێرەکە بکات. باسی ئاسمانێکی بێ بن و بێ کۆتا و ئەستێرەیەکی هەرە بچوک کە هەموو شەوێک کاری تەنیا درەوشانەوە بوو. بیرکردنەوە لەو ئەستێرەی کە پێویستی بە ئاسمان بوو، یان خود ئەو ئاسمانەی کە پێویستی بە ئەستێرەکە بوو. یان رەنگە خۆی کە لێرە لە کونجێکی دنیادا لە بەرپەنجەرەیەکی تەنیشت دارگوێزێکدا پێویستیی بەو ئەستێرەیە بوو. دڵی چەند تەنگە. هەموو شەوێ دەچێتە قەراغ پەنجەرەکە و داوا لە دارگوێزەکە دەکا باسی ئەو شەوەی بۆبکاتەوە. ئەویش تا دەتوانێ بۆی باس دەکات. هەتا شەوێک لە کاتی باسکردنەکانیدا ئارام دەست بۆ ئەستێرەکانی تر راداشت. ئەو شەوە ئەم ئەستێرەکانی تری بینی. بینی و قاقایەکی سەیر و تەڕ هەموو جەستەی لە خۆگرت.

ئیستا یەکجار دڵی خۆشە! لە بەر خۆیەوە هەمیشە بزەی دێت و بە دڵ خۆشییەکی فراوانەوە لە دنیا دەڕوانێ. بۆخۆیشی دەزانێ بۆچی. دەزانێ تەنیا ئاماژەیەک بووە هۆی ئەم گۆڕانە کتوپڕییە. ئاماژەی دارگوێزێک لە پانتایی شەوێکی تاریکدا. کە دڵ خۆش بێت، دونیا چ خۆشە! چەند خۆی بە قەرزاری ئەو ئاماژەیە دەزانێ. ئەو "رۆژەئاماژە" ی کە پەیکەری تێیدا راست بووەوەو لە گەڵیا ئاسمان و کێوەکان و زەویش! هەموو شتێک گۆڕا. ئەوەندە گۆڕا، کە ئیدی هەستی دەکرد خودی گۆڕانە. پەیکەری ئەزەلیی و ئەبەدیی گۆڕان. ئەگەر جاران هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە پێکەنین، بزە یاخود هاوار نەبوو، ئیستا هەر لە خۆیەوە بزەی دێ و پێدەکەنێ. جاروباریش هاوار دەکا. هەڵبەت لە چۆڵگەدا. لە دەرەوەی شار. دچێتە ئەوێ و دەقیرێنێ. قۆلەکانی لە بەریەک لە ئاراستەی شانەکانیدا دەکشێنێ و پڕ بە گەرووی روو بە ئاسمان هاوار دەکا. هاوارێکی وەها کە پەنجەکانی سڕ دەبن. هاوارێک، کە هەموو هێزەکان دەخوا و هیچ هێزێکی دیکەش

بەشی ناکا. دەزانێ کە ئەستێرە ونەکە و ئەستێرەکانی دی و دارگوێزی حەوشەکەش گوێی لێیە. ئەمە ئەوەندەی تر خۆشییەکەی زیاد دەکا.

چەند سوپاسگوزاری دونیایە. چەند سوپاسگوزاری دارگوێزەکە و ئەستێرەکانی دیکەیە. دونیا ئەوەندە خۆشە کە هەمیشە گوێی دەزرینگێتەوە. دەنگێک لە گوێچکەکانیدا دێت و دەڕوا. هەمیشە. چ لە خەو و چ لە بێداریدا. لەوێیە. لەگەڵیدایە. وادیارە خۆشییەکە تەنیا لە دەرەوە نیە، لە دەروون و لە ناو گوێچکەکانیشیدایە. بەڵام ئەم لەم زرینگانەوەیە حاڵی نابێت. وشەکان و رستەکان لێک جیاناکرێنەوە. ئەوەندە بەپەلەن کە تەنیا دەڕۆن. دەڕۆن و چاوەڕێ نین کەس لێیان تێبگات. تا رۆژێکیان دایکی گوتی رۆڵە زرینگانەوەی گوێچکە یانی ئەوەی کە باست دەکەن. کەس یان کەسانێک باست دەکەن. باشە دەبێ کێ بێ باسی دەکا؟ کێ بن؟

دەبێ بیدۆزێتەوە، یان بیاندۆزێتەوە. لە ماڵ دێتە دەر. هەر لە دەرگای دەرەوە کە دەترازێ، گوێ هەڵدەخا. تەنیا زرینگانەوە. سەیری رێبوارەکان دەکا. هیچ نابیستێ. سەرەوخوار دەبێتەوە. لە بەر هەر ماڵێک و خانوویەکدا رادەوەستێ. گوێ هەڵدەخا. لە سەر هەر کۆڵان و لە بەر هەر پەنجەرەیەک. لە ژێر هەر درەختێک. باڵندەکان تەنیا دەجریوێنن و گەڵاکان تەنیا خۆ لە با دەخشێنن. رێگا دەگۆڕێ. بەرەو سروشت. لەوێش هەمان شت. وەڕەز دەبێت. باشە دەبێ کێ باسی بکا. نە شار و نە سروشت، نە کۆڵان و نە گەڵا. ئەی کێ؟ باشە دایە دەبێ کێ باسم بکا؟ دایکی تەنیا دەزانێ کە باسی دەکەن. دایکی دەڵێ هەموو کەس باسی دڵخۆشەکان دەکەن. بەڵام شەرت نیە بۆ خۆت گوێت لێ بێت. کە نزیک دەکەویتەوە، رادەوەستن. قسە ناکەن، هەر دوور کەوتیتەوە دیسان دەست پێدەکەنەوە. ئەم پێی وانیە وابێت. ئەم پێی وایە بۆ جارێکیش بێت، ئەوان نازانن کە ئەم لێیان نزیک کەوتووەتەوە. رەنگە مرۆڤەکانی پێش ئەمان یاخود ئەوانەی دوواترن کە باسی ئەم دەکەن. بزەیەک دەیگرێ. دەی چۆن بزانێ؟ چار نیە دەبێ لە گەڵ ئەم گوێ زرینگانەوەدا بژیت. دڵخۆشەکان هەمیشە لە گەڵ دەنگە سەیر و سەمەرەکاندا دەژین. کەم کەم خەریکە بەو ئاکامە دەگا کە بۆ ئەوەی دڵخۆش بیت دەبێ گوێت بزرینگێتەوە. دەبێ ئەوانی دی باست بکەن. تۆ خۆت نازانی بۆ دڵخۆشی، بەڵام ئەوانی دی دەزانن، کەچی پێت ناڵێن. رەنگە هەموو رازی دڵخۆشی لەم نەزانینەدا بێت. دەگەڕێتەوە ماڵ. دایکی بە بزەوە سەیری دەکا. شتێک دەڵێ کە ئەم نایبیستێ.

شەو دێت. نان دەخوا. کەمێک لە گەڵ ئەوانی دی دادەنیشێت و دەچێتە ژوورەکەی دی. جگەرەکەی وەک هەمیشە دادەگیرسێنێ و دوای ماوەیەکی زۆر دووری لە پەنجەرەکە، دەچێتەوە بەری. دیسان هاوینە.

دیسان دارگوێزەکە و ئاسمانی تەژی لە ئەستێرە. ئاگای لێیە دارگوێزەکە دیسان لق بەرەو ئاسمان دەهاوێ. بەرز بەرز. تا ئەو شوێنەی کە هاوینی پێشوو یاخود هاوینەکانی پێشوو ئەستێرەکەی تیا بریندار بوو و نێژرا. گەڵاکان لە شوێنە بەتاڵ و خاڵیەکەی ئاسمان لە یەک دەئاڵێن و ئەستێرەیەک دروست دەکەن. گوێی لێیە گەڵا و ئاسمان دەکەونە دووان. گوێی لێیە باسی ئەم دەکەن. باسی ئەو ئەستێرەی کە ئیستا لە ئەمدا نێژراوەو قسەکانی بە گوێی ئەمدا دەچپێنێ. باسی خۆشی، باسی ناخۆشی و باسی بەتاڵ بوونەوەکان. لە پەنجەرەکە دەپەڕێتەوەو و بە دارگوێزەکەدا هەڵدەزنێ. بەو لقەیدا کە لە ئاسمانە دەئاڵێ. گەڵاکان دەیبەن. دەچێتە ئەوێ. لەوێ لە شوێنی ئەستێرە ونبووەکەدا راەکشێ و گەڵاکان لە خۆی دەکاتەوە. ئاگای لێیە گەلاکان خۆیان کۆدەکەنەوەو لقەکە دەکشێتەوە بەرەو زەوی، بەرەو حەوشەکەی ئەمان. لێرەوە زەوی چەند بچووکە و خانووەکەی ئەمانیش چەند ون. ئەوسا گوێی لە هەموو شتێکە. زرینگانەوەکان دەبن بە وشە و بە رستە. لێرە ئەستێرەکان باسی ئەم دەکەن. باسی ئەو ئەستێرە ونبووەی کە دووای بزربوون و ناشتنی گەڕابووەوە. ئاسمان چەند خۆشحاڵە!

27.03.2010

## دەفتەرە زستانییەکە

لەو ساڵە، کە بەیانی زوو لە خەو هەستا بوو و دواتر بە پەلە خۆی کۆکردبووەوەو جارێکی تر و رۆژێکی تر لە رۆژەکانی دی چووبووەوە سەر کار، پازە ساڵ دەگوزەرا. لە بیری دێ بە قورسی جوڵابوو. کە چاوی هەڵێنابوو سەرەتا لە سەقفەکەی روانیبوو. ئەو پەڵانەی کە ساڵانی ساڵ بوو بە سەقفەکەوە بوون و ئەم بە دیتنیان راهاتبوو، ئەو بەیانیە سەیرتر هاتبوونە بەرچاوی. پەڵەکان رۆحیان تێزابوو و بە سەقفەکەوە لە هاتوچۆدا بوون. بە تایبەت یەکیان، جەستەیەکی خواری بێ روخسار، کە مەیلی ونبوونێکی کاوەخۆ لە پانتایی سەقفەکەدا لە خۆ بێ خۆی کردبوو! جەستە خوارە بێ روخسارەکە ترساندبووی. بۆیە ئارام تلی دابووە سەر شانی راست و ئەوسا لە هاوسەرە چەند و چەندین ساڵەکەی رووانیبوو کە نوقمی خەوێکی قورس لە تەنیشتیەوە راکشابوو. لێی روانیبوو، لە قژی ئاڵۆزی، لە لێوە نیوەکراوەکانی، لە پێستی سوورو سپیی. ئەوسا گوێی لە دەنگی هەناسە گرتبوو. هەناسە قوڵ و ئارام و گوناح و بێتاوانەکانی حەسانەوە. دوای سیانزە ساڵ ژیانی هاوبەش کتوپڕ ئەو بەیانیە ترسێکی سەیر دایگرتبوو، ترسی لە دەستدانی هاوسەرەکەی. سیانزە ساڵ لە ژیانی هاوبەشیان گوزەرابوو. بیری کردەوە چەند خێرا تێپەڕی. بیری کردەوە چەند خێرا

ساڵەکانی داهاتووش تێدەپەڕن. کۆتایی ڕێگا جوان جوان لە بەر چاویدا بوو. ئەوسا دیمەنی ژنێکی پیری بەساڵداچووی لە تەنیشت خۆیدا هاتبووە بەرچاو، کە هەر هەناسەیەکی دەکرا دوا هەناسە بێت. پێستە سپی و سوور و گەشەکە وەها کتوپڕ گنجی تێکەوت کە داچڵەکا.

لەو ساڵە کە بەو بەیانییە زووە ترسێکی یەکجار سەیر دایگرتبوو، پازدە ساڵ تێدەپەڕی. ویستبووی هاوسەرەکی ماچکا و لە ئامێزی گرێ. بەڵام نەیکردبوو. تەنیا خۆی بە پەلە کۆکردبووەوەو چووبووە سەرکار. بە دەم ڕێگاوە بیرێک رووی تێکردبوو کە بۆ خۆیشی پێی سەیربوو. بیرەکە هەم ترسەکەی ناو جێگاکەی سەد ئەوەندە کردبوو و هەم ئارامش و ئۆقرەیەکیشی بە دەروون بەخشیبوو. تا ئێوارە کە شوێنی کارەکەی بە جێ هێشتبوو، چەندین و چەندین جار سەیری سەعاتەکەی کردبوو. چەند جار لە مێشکی دابوو کە بچێ ئیجازە وەربگرێ و کار بە جێ بێڵێ. ترس دەیگوت دانیشێ و لەزەتی ئارامش و ئۆقرەش پێی دەگوت کە ئیدارە جێ بێڵێ. کە سەعات چوار لە بیناکە هاتە دەر، وەها هەستی بە ماندوویی دەکرد کە بەناچار چەند جار جەستەی بە شێوەیەکی سەیر کێشایەوە. هاوکارەکانی واقیان لە دەنگە خنکاوەکانی ناو گەرووی وڕمابوو.

سێ شەقامی تێپەڕاندبوو. لە سەرەتای چوارەمیندا چاوی بە کتێب فرۆشیەکە کەوتبوو. چووبووە ژوور. لە مێژبوو سەردانی ئێرەی نەکردبوو. بەڵام هەروەک خۆی بوو. کتێبەکان دەڵێی حەزیان بە رابردوو دەکرد. یەکەوراست بەرەو لای دەفتەرەکان چووبوو. ئەو دەفتەرانەی کە لە ماوەی سێزدە ساڵی رابردوودا پێی وابوو کە رۆژێک لە رۆژان سەرئەنجام بۆ منداڵ یان منداڵەکانی خۆی دەکڕین. دەفتەرەکان لێرە لە هەمان رەفەکانی جاراندا راکشابوون. ساڵ و ساڵەکان تێپەڕیبوون و قەدەمی منداڵێک ترپەی نەخستبووە ناو ماڵەکەی. دەفتەرەکان هەر لەوێ چاوەڕوانی بوون. چەند بە تاقەت بوون! ئارام لێیان نزیک کەوتبووەوەو یەکیانی هەڵگرتبوو. دەفتەرێکی سەدبەرگ کە وێنەیەکی رەش و سپی لە هەسارەی زەوی بەسەر بەرگەکەیەوە بوو. قەدەرێک لە هەسارەکە رامابوو. بیری کردەبووەوە کە ئەو لە شوێنێک لێرە لە گەڵ هاوسەرەکەی دەژی، ئەو شوێنەی وا جەستە خوارە بێ روخسارەکەی سەقفەکەی مەیلی بە بزربوون بوو. پارەکەی دابوو و لە کتێب فرۆشیەکە هاتبووە دەرەوە. نەچووبووەوە بۆ ماڵ. لە چایخانەیەک لە تەنیشت پەنجەرەیەکدا دانیشتبوو و سەیری شەقام و خەڵکی کردبوو. سەیری  گونبەزی مزگەوتەکەی ئەوبەر. سەیری پەنجەرە تەنیاکان. سەیری گوێسوانەکانی ئێوارە. لە پەلەپەلی خەڵک و لە وڕەوڕی سەیارەکان سەری سوورمابوو. "بۆ کوێ دەچن؟ بۆ وا بەپەلە؟" کەچی بۆخۆی دوای ماوەیەک بە پەلە بەرەو ماڵ کەوتبووە رێ! خاوەن چایخانەکە چەند رۆژ دواتر پارەی ئەمرۆیشی لێ سەندبوو!

لە یەکەم ئێوارەوە کە ئەو لە تەنیشت پەنجەرەکەیان دانیشتبوو و یەکەم لاپەڕەی ئەم دەفتەرەی رەش کردبووەوە، پازدە ساڵ تێدەپەڕی. هاوسەرەکەی لێی نەپرسیبوو خەریکی چییە. ئەمیش هیچی نەگوتبوو. دەفتەرەکەی کردبوو بە دوو بەش. لە ناوەڕاستدا بە دوو بەشی رێک وەک یەک. نە کەم نە زیا. لە لاپەڕەی بەشی یەکەمدا بە خەتی کەمێک درشت لە سەرەوە نووسیبووی: "ئەوانەی وا پێش مەرگ دەبێ لە بیرم بمێنن". لە لاپەڕەی یەکەمی بەشی دووهەمیش دا بە خەتی کەمێک دیسان درشت لە سەرەوە نووسیبووی: "ئەوانەی وا دوای مەرگ دەبێ لە بیرم بمێنن". ئەمەی نووسیبوو و بۆ ماوەیەکی چاک پاڵی لێدابووەوە. لە ژوور و لە هاوسەر و لە پەنجەرە و لە سەقف و لە جەستە بێ روخسارەکەی روانیبوو. لە بەر خۆیەوە گوتبووی گەرچی ژیان زۆر کورتە، بەڵام واچاکە مرۆڤ بە پلان و بە بەرنامە بژیت.

لەو رۆژەوە دەستی کرد بە پڕکردنەوەی دەفتەرەکە. چی چاکە و خوو و خەدەی باش و رێک و پێکی ژنەکەی بوو لە بەشی یەکەمی دەفتەرەکە واتە بەشی "ئەوانەی وا پێش مەرگ دەبێ لە بیرم بمێنن" دا دەنووسی و، چی ئەو کردەوە گرانانەی کە پێی وابوو لەبەر دڵی گرانە و دەبوونە هۆی ناخۆشی لە ژیانیدا لە بەشی "ئەوانەی وا دەبێ دوای مەرگ لە بیرم بمێنن" دا دەنووسی. سەرەتا هەرچی رووی دابا، دەینووسی، بەڵام دواتر تێگەیشت کە بەم شێوەیە نابێ و دەبێ لە کۆی رووداوەکان، خەسڵەت یاخود کردەیەکی دیار دەربکێشێ و لە رستەیەکدا یاخود لە پاراگرافێکدا بینووسێ. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە لاپەڕەکانی یەکەم فڕێ بدات. هەڵبەت بۆ خۆیشی نازانێ بۆچی پێی وایە کە ئەو پێش ئەم دەکەوێ. بەڵام بە هەرحاڵ دەکرێ یەکێک لە حاڵەتەکان بێت. خۆ هیچ شتێکی لێ کەم نابێتەوە.

لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کە پێکەوە ژیاون، هەوڵی داوە مەنتقی ناو دەفتەرەکەی رەچاوبکات. خۆبەخۆ وای لێهاتووە کە تا لە ژیاندا ماوە، شتە باشەکانی لە بیر بمێنێ. ژیان کردن بە یادەوەرییە چاکەکانەوە. بە بیرەوەرییە جوانەکانەوە. رازییە. گەلێک رازییە. دەفتەرەکە کارێکی کردووە کە ژیان گەلێک خۆشتر بێت. هاوسەرەکەی بۆتێکە کە دەکرێ بیپەرستێ و چۆکی لەبەردا دابدات!

دوای پازدە ساڵ، رۆژێک لە رۆژەکانی ژیان کە هەستی بە بێ تاقەتیەکی سەیری لەشی خۆی کرد، لەو بێتاقەتیانەی کە پێت دەڵێ ئیتر جەستەت زۆر هی خۆت نیە، بیری دەفتەرەکە کەوتەوە. لە مێژبوو تێیدا نەنووسیبوو یا نەیخوێندبووەوە. هەستی کرد ئیتر کاتی بەسەرکردنەوەیەکە. لە چەمەدانە کۆنەکەی دەریهێنا.

بۆنی چەرمێکی قەدیمی لەخۆی گرتبوو. ئارام کردیەوە. لاپەڕە زەردەکانی ژێر گوشاری ساڵەکان، باوەشیان بۆ کردەوە. نووسینەکان هەمان ئەو نووسینانەی ساڵەهای ساڵ لەوە پێش بوون. بۆ یەکەم جار دیتی کە نووسینەکانی یەکجار زۆر نین. زۆریی ساڵەکان، قەبارەی نووسینەکانی یەکجار کەم کردبووەوە. دەستی کرد بە خوێندنەوەیان. لە بەشی یەکەمدا بۆ وێنە ئەم رستانە هاتبوون:

ـ لە ئیش و کاری ناو ماڵدا یەکجار دڵسۆزە. ژەمەکان رێک و پێک، خانووەکە خاوێن و حەوشەکەمان هەموو ئێوارەیەکی هاوین ئاوپرژێنە.

ـ میواندارە. پێم وانەبێ تا ئیستا دڵی کەسی لێ ئێشابێت. لە گەڵ خەڵکی لێو بە بزە و قسە خۆشە. بۆ دراوسێکان یەکجار یارمەتیدەرە.

ـ سۆز و خۆشەویستیی ئەو منداڵ یاخود منداڵانەی کە نەهاتنە ژیانیەوە، داوەتە من. چەند میهرەبان و ژیر و سۆزاوییە. جاری وایە بەزەییەکی سەیر دامدەگرێ.

ـ حەزم بە پێکەنینەکانیەتی. لە دڵەوە پێدەکەنێ. وەها کە جاری وایە فرمێسک بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە. لە کاتانەدا حەز دەکەم قەت قسەی خۆشم لێ نەبڕێت.

ـ تووڕە بوونەکان و قەڵسی و سەرکۆنەکانم زۆر تەحەمول دەکا. زیاتر لەوەی کە دەبێ! رقم لە خۆمە!

ـ دوای ئەو هەموو ساڵە ئیستاش لە ناو جێگادا شەرمم لێدەکا. چاوە بێ گوناحەکانیم چەند خۆش دەوێ!

جارجارە سەری هەڵدەبڕی و سەیری ژنەکەی دەکرد کە لە تەنیشت سەماوەرەکە دانیشتبوو و بە شتێکەوە سەرقاڵ بوو. هەستی بە خۆشی و بەختەوەرێیەکی سەیر دەکرد. بەختەوەرترین مرۆڤی دنیا لە کونجێکی ماڵێکی قەدیمی دانیشتبوو و لە نێوان جامخانەی ژوورەکەی پشتەوە لە سەرنج راکێشترین ژنی

دنیای دەروانی. نەیتوانی درێژە بە خوێندنەوەی زیاتری دەفتەرەکەی بدات. بەستی و لە ناو چەمەدانە چەرمییە کۆنەکەی دانایەوە. چووە بەر هەیوانەکە. بە عەشقێکی سەیرەوە داوای چایەکی لێکرد. چایەکە ئەوەندەی تر بڵێسەی گڕی لەشی بەتین تر کرد.

هەفتەیەک دواتر، یەکێک لە ڕۆژەکانی ژیان، ڕۆژێک وەک ئەو ڕۆژانەی کە مرۆڤ پێی وایە دەکرێ بگەڕێتەوە ماڵەوەو لە ناو فێنکایی حەوشەیەکی ئاوپڕژێن کراودا تامی چاییەک، لەش و ڕۆحی داگیربکا، هاوسەرەکەی مرد. هەر ئەو ئێوارەیە بە پەلە ناشتیان. چەند ڕۆژ لە مزگەوت لە گەڵ کەس و کار دانیشت. وەڵامی هەموو لێپرسینەوەو سەرەخۆشییەکی دایەوەو لە گەڵ هەر هەستانێک، ڕاچەنیبووە سەر پێ. هەموو سیماکانی دیتبوو و بەڕێی کردبوون، ئەگەرچی بۆ ئەو هەموویان وەک یەک وابوون. سەرەخۆشی لە مزگەوت هەڵگیرا. ماڵیشەوە ئیدی بەرە بەرە چۆڵ بوو. شەوانە خۆی مایەوەو خۆی. خەمەکە یەکجار قورس بوو. بڕوای نەدەکرد کە ئێجگار وابێت. خانووە قەدیمی و کۆنەکە سەرتاسەر بۆنی ئەوی دەدا. کە یەکەم شەو بە تەنیا چووەوە ناو جێگاکەیەوە، چاوی بە پەیکەرە خوارە بێ ڕوخسارەکە کەوتەوە کە هەر وەک جاران بە سەقفەکەوە لە بیری خۆ دەربازکردندا بوو. سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد. لە بەر خۆیەوە گوتی: "ئەمیش ڕۆژێک بزر دەبێ". لێفەکەی لە خۆی ئاڵاند و گریا. وەک پەیکەرێکی خوار کە ڕوخساری لە ژێر لێفەکەدا ون بووبوو، تێر تێر گریا.

لە ناو هوروژمی بێ بەزییانەی هەنسکە کورت و کتوپڕەکاندا بوو کە بیری دەفتەرەکە کەوتەوە. بیری بەشی دووهەم. بەشی "ئەوانەی وا دوای مەرگ دەبێ لە بیرم بمێنن". لە جێگاکەی خزایە دەرەوە. گڵۆپەکەی هەڵکرد. جاران ئەو بوو کە ئەم کاتانە لە جێگا دەخزایە دەرێ، گڵۆپەکەی هەڵدەکرد و دەچوو ئاوی دەهێنا. چووە ژوورەکەی پشتەوە. چەمەدانە چەرمەکە. کردیەوە. دەفتەرەکە هەمان، بەڵام لاپەڕەکانی کەمێک زەردتر. وەک دواگەڵاکانی پاییز. کردیەوە. بە سەر ڕستەکانی بەشی یەکەمدا بە پڕتاو بازی دا. بیری کردەوە کە دەبێ ئەم بەشە ئیدی بفەوتێنێ و لە بیری بکات. کاتی ئەوە هاتووە ئیدی بە شتە ناخۆشییەکانیەوە بژیت. لاپەڕە لە دوای لاپەڕە. گەیشتە ئەوێندەر. لاپەڕەی یەکەم؟ هیچ. لاپەڕەی دووهەم؟ هیچ. بە پەلە ئەوانی تریشی بە سەرکرد. هەر هەمان. بەتاڵ! ترسێکی سەیر دایگرت. ئیستا لە هەر کاتێکی دی پێویستی بەم بەشە بوو. خەم ڕەوێنێک کە ژیانی خۆش بکاتەوە.

چووەوە ژووری نووستنەکە. گڵۆپەکەی کوژاندەوەو پەردەکانی بە تەواوی دادایەوە. شەو لە دەرەوە بزر بوو. سپیایی دیوارەکان، تاریکایی ناو ژوورەکە نوقمی کردن. لە کاتێکا دزەتیشکێک لە تەڕایی چاوەکانی ئاڵابوو و لە سیلەکانیدا هەڵدەلەرزی، پەیکەرە خوارە بێ روخسارەکەی بینی کە جوڵا. وەک پەیکەری باڵندەیەکی سووک ئارام فڕی. سوڕێک یان دوو سوڕی بە ناو ژوورەکەدا دا و ئەوسا هاتە خوارێ و سووک سووک لە سەر جێگاکە راکشا. وەک جاران کەمێک ئەم شان و شانی کرد. لەمی روانی. دەستی بۆ پەرداخەکە برد و دوا جورعەی هەڵدا. هێشتی ئەم وەک جاران لە هەناسە و روخسار و قژە ئاڵۆزەکانی بڕوانێ. چەند؟ نازانێ. ئەوسا ئارام هەستا و بەرەو سەقفەکە بەرز بووەوە. فڕی. لە شوێنێک لە قوژبنی نێوان سەقف و دیوارەکە بۆ هەمیشە ون بوو.

دەفتەرەکە لەو دیو، لە ناو چەمەدانە چەرمییەکە دا بوو بە زستان.

05.04.2010

**ئەو نەیدەزانی**

ئەو نەیدەزانی کە شەوێکی درێژ بەڕێوەیە. وەها کە ئاسمان دەبا لە ناو تاریکاییەکی بێ وێنەدا نوقم بێت و باڵندەکان، باڵندەکانیش دەبا بەردەوام ئاواز بخوێنن، بە بێ ئەوەی گوێیان لە نەغمە و دەنگی خۆیان بێت.

ئەو تەنیا بیری لە شتێکی دیکە دەکردەوە. شتێک کە پێش ئەوەی روو لە دەرەوە روو لە ناو شار بکات، خرابووە ناو گیرفانی. بە ئارامی بەردوام بە پەنجە نەرمەکانی دەستی لێدەدا، یان رەنگە جاروبار. ئەو پەنجانەی کە نەیاندەتوانی ئەوە بزانن کە دەکرێ ئاسمانێک لە تاریکاییەکی ئەبەدیدا هەبێ. گەلێک دڵخۆش بوو، دڵخۆش بەو شتەی لە گیرفانیدا بوو. ئەو شتەی ئەو بە هەموو لەشیەوە هەستی پێدەکرد. هەموو لەشی وەک پەنجەیەک، وەک دڵنیاییەک.

ڕۆژی پێش ئەو شەوە بوو، ئەو شەوە بێ بەزەییە! دواشەو بە جوانی خەوی لێکەوتبوو. خەونیشی بەو کچەوە بینیبوو کە حەزی لێدەکرد. ئەو کچەی وا وەک پشیلە و وەک پەنجەکانی نەرم بوو، ... پشیلەیەک، شەوێک لە قەراغی پەرژینەکەی حەوشەکەیاندا، ... جیهانێک کە ئەو تێیدا لە پشت پەنجەرەیەکەوە ڕاوەستابوو و لە شەوێکی ڕازاوی و لە تاریکاییەکی ئاسمانی دەڕوانی. ئەو دووا شەوەی وا بۆ دوا جار دووایین ڕۆژی بە دوادا دەهات. ئاخر ڕۆژ! چەند سەیرە! ئەو ڕۆژەیش لە ڕۆژکانی دیکە دەچوو، یان لە هەموو ڕۆژەکانی دیکەی پێش خۆی، یەکجار پێش خۆی.

لە بیری نایەت کێ ئەو شتەی خستە ناو گیرفانییەوە. تەنیا لەوێ بوو، بە جەستەی بچوک و ڕەقییەوە. بە بێ گیرفان و پەنجە دەکرا گەلێک سارد بێت و لە ناو گیرفان و پەنجەکانیشدا گەرم. گەرم وەک ئاگر. لە کاتێکدا خەیاڵێکی ونی ناو ئاسۆ دەبیردەوە، لە گەڵ شتەکە یاری دەکرد. خەیاڵی ئەو شوێنەی وا ئاسمان و زەوی ئاشقی یەک بوون. دەیزانی کە هەبوونی شتی وا گەلێک مەترسیدارە. دەیزانی کە ئەوانەی یەکجار لەم شتانەیان هەبوو، حەزیان نەدەکرد کەسی دیکە لەم شتانەیان هەبێت. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بوو کە ئەو هەمووەیان هەبوو. سەیری منداڵەکانی کرد، سەیری دیوارە ڕەشەکان، پەنجەرە چڵکنەکان و سەیری ئەو سەگەی وا بە شوێن شتێکدا لە ناو زبڵەکاندا دەگەڕا. بریا نان با لە گیرفانیدا، جا ئەوسا دەیتوانی بیدا بە سەگەکە. یان ڕەنگە شتێک کە منداڵەکان یاریان پێکردبا. یان دیوارەکان و پەنجەرەکانی پێ خاوێن کرابانەوە. ئەو تەنیا دەڕۆیشت. دەڕۆیشت وەک پەنجەیەکی یاریکەر لە ناو شاردا.

ئەمڕۆ حەزی نەدەکرد سڵاو لە کەس بکات. یان بە سەر ئیشارەتیان بداتێ. خەیاڵ و یاری بۆ ئەو هەموو شتێک بوون. هەموو ئەو شتانەی کە دەکرا لەم ئاخر ڕۆژەدا پەیدا ببن. ڕەنگە کەسێک بیەوێ سڵاوی لێبکا، یاخود قسەی لە گەڵ بکات، یان پرسیاری شتێک. بەڵام لێیان گەڕی با بەم حەزەوە بن! پێویست ناکا پیاو زۆر بیر لەوانی دیکە بکاتەوە. یان بیر لەو شتانەی کە لە دەوروبەری دەگوزەرێن. جیهان شوێنی ژیانکردنە، نەک شوێنی قسە کردن و سڵاوکردن. بە جوانی هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو دەیانناسێ، لە بەرچاویان. ئەوان تەنیا قسەیان دەکرد. بە یەکەوە دادەنیشتن، چای و قاوەو کێکیان دروست دەکرد و دادەنیشتن و لە سەر هەر شتێک کە ویستبایان بێ سنوور و بێ کۆتا قسەیان دەکرد. ئەوان نەیاندەزانی کە لە شوێنێک لە نێوان ئاسمان و زەویدا خەیاڵێک هەیە. ئەوان نەیاندەزانی کە دەکرا لە گەڵ شتێکی بچوک لە گیرفانتدا بۆ هەمیشە یاری بکەی.

شتە بچوکەکەی ناو گیرفانی لە سەرێکیەوە تیژ و لە سەرەکەی دیکەیەوە پان بوو. نووکە تیژەکەی ئازاری هەستە خۆشەکەی پەنجەی دەدا و، بنەکەی، هەستە خۆشەکەی دەگێڕایەوە. خولێکی یاری بوو کە دەگەڕا و دەگەڕا: نووک، پانتایی، نووک، پانتایی... ئازار، خۆشی، ئازار، خۆشی. یارییەکی سەیر! نووک هاواری لە پانتایی دەکرد و ئازار لە لەززەت. هەروەها بە پێچەوانەوە. لە کاتێکدا پەنجەکان بەمەوە سەرقاڵ بوون سەیری خەیاڵی کرد لەوبەرەوە. هەستی کرد ئاسمان و زەوی شتێکیان بە گوێی یەکتردا چپاند. شتێک کە دەبا پیاو هەڵیبێنێ. وشە بوو کە بە زمانی ڕەنگ و دووری و مەودا دەدوا.

ئەم دوا ڕۆژە وەها روون و گەش بوو کە ئەو دەیتوانی هەموو شەونمە شاراوەکان ببینێ. دارچراکانی ناو شەقام بێدەنگ لە هەموو شوێنێک ڕاوەستابوون، ڕەنگە بەو بیرەوە کە دەبا ئەم دووا شەوەش روون بکەنەوە. ڕێک وەک شەوانی پێشوو. دارچراکان هەر ئەو شتەیان لەبەردا بوو کە شتە بچووکەکەی ناو گیرفانی ئەم. ڕەنگە کەسانێک هەن کە بە پەنجە نەرمەکانیانەوە بەمانیش یاری دەکەن. کێ دەزانێ؟ لە کاتێکدا لە پەنایانەوە تێدەپەڕی، بیری کردەوە: "ئەو دەسەڵاتدارانەی هەموو شتێک سەبارەت بە شەو دەزانن!" بێ گومان هەموو شتێکیان دەزانی. ئەوەی لە تاریکیدا رووی دەدا لە بەرچاوی ئەواندا رووی دەدا. بەڵام وەها بێدەنگ بوون کە کەس نەیدەتوانی بیبیستێ چی دەڵێن. بیری کردەوە کە ڕەنگە بێدەنگی وان زمانی ئەوان بێت. شتێک کە دەبا مرۆڤ فێری ببێ بۆ ئەوەی بیانبیستێ و تێیان بگات. کتوپڕ نووکە تیژەکە، پەنجەی گەست. برینەکەی چەند ناخۆش بوو. هەربۆیە پەنجە بە شوێن رووەکەی دیکەدا کەوتە گەڕان. لەوێ گیرسایەوە و حەسایەوە. وەک دارچرایەک گەمارۆدراو لە ناو تاریکیدا.

ئەو بە جوانی ئەو شەوەی لەبیردێت کە لە گەڵ خوشکەکانی قەرار بوو بچن ناو جێگاوەو بخەون. باوەگەورە هەرهەموویانی لە ژوورە گەورەکە کۆکردەوەو پێی گوتن: "مناڵانم، ئیستا ئێمە لە دەورانێکی دیکەدا دەژین. دەورانێک کە تێیدا ڕۆژەکان و شەوەکان مانایەکی دیکەیان هەیە. شەو، ئیدی بە گشتی مانای لە ماڵەوە بوونەو ڕۆژیش بە مانای ئاگا لەخۆبوون و کاوەخۆیی. ئێوە دەتوانن لە دەرەوە بن ئەو کاتانەی وا پێویستە. بەڵام دواتر دەبێ لە ماڵەوە بن. ڕێک وەک ئەمشەو!" لە بیرم دێت خوشکەکانم دەستی منیان گرت و کەوتنە لەرزین. باوەگەورە ڕاوەستا. ئەوسا گوتی: "پێویست ناکا لەو شوێنانەی ڕاوەستن کە کارتان پێی نیە، یاخود ئیزنیتان نیە. ئەو شتانەتان پێ بێت کە ئیزنی هەڵگرتنیتان هەیە. وە لە بیرتان نەچێ کە خەون و خەیاڵەکانتان لە گەڵ کەس دابەش نەکەن!" چەند مانگ دوای ئەم کۆبوونەوەیەی ناو بنەماڵە کتوپڕ ئەم شتە گچکەی لە ناو گیرفانی خۆیدا دۆزیبووەوە. شەوی پێش "ڕووداوە گەورەکەی گیرفان" لە ناو شار تەقە بوو. لە کۆڵانەکەی ئەمانیشدا تەقە هەروەها. شار دەکوڵاو دەبرژا. تەقە و هەرایەکی سەیر. قیژە و ناڵە و هات و

هاوار لە گشت شوێنێک. گڕی تفەنگەکان لە ناو خانووەکەدا لە هەموو کون و قوژبنێک وێنەیان دەگرت. ڕۆژی دواتر، ئەو ئەم شتە گچکەی لە ناو گیرفانیدا دۆزییەوە.

شار چاوەڕوانە و ئەویش هەر دەڕوا. ئەمجارە ڕووەو باغی گەورەی شار. باغێک بە درەختە گەورەکانەوەو بە گوڵی ڕەنگاورەنگ و ئاسمانێک تەنیا بۆ خۆی، بە هەورە سەرگەردانەکانیەوە. ئەو شوێنەی وا باڵندەکان بێدەنگ دەیانخوێند. شەقامەکانی دەورووبەر پڕی مرۆڤ بوون. ئەو مرۆڤانەی وا سەرقاڵی کار و کەسابەتی خۆیان بوون. هاوار و هاوار. منداڵە گچکەکانیش بە عەلاگە و نایلۆنەوە لە هەموو شوێنێک. چووە ناو باغەکەوە. شوێنێکی دۆزییەوەو دانیشت. شوێنێکی چیمەنتۆیی بە گیای دەوروبەرییەوە. لێرەوە ئاسمان و زەویی عاشق و مەعشوق لێی بزربوون. بەڵام هەستی پێ دەکردن. لەوێ لە پشت درەختەکانەوە لە شوێنێک بوون، شوێنێک کە قەت نەیدەتوانی ون و بزر بێت. پێکەنی. بە دەستێک لە دەرەوە و دەستێکی دیکە لە ناوەوەی گیرفانی.

ئەوەی کە کات دەگوزەرا، ئەو قەت ئاگای لێ نەبوو. تەنیا ئەوەی دەزانی کە باغەکە لەوێ بوو، یارییەکە بەردەام بوو و ئاسۆ لەوێ لە پشتەوە خەریکی چیرۆکی ئەزەلیی و ئەبەدیی خۆی. ئەو گوێی لەوانە بوو کە لە شەقامەکە دەیانقیڕاند. گوێی لە دەنگی منداڵەکانیش بوو. بەڵام نەیزانی سەیارەیەک لە دەرەوە ڕاوەستاو هەندێک کەس بە جل و بەرگی سەربازییەوە لێی دابەزین. جوندییە جڵ بەڵەکەکان بە ڕیشی کورت و درێژەوە. لەوێ ڕاوەستان، لە خەڵکیان ڕوانی و ئەوسا هاتنە ناو باغەکەوە. باغەکە گەورە بوو، هەربۆیە دەرفەتی ئەوە نەبوو کە لە یەکەم نیگادا هەموو شتێ ببینن. سەرەتا سەیری گۆشە و کەنارییان کرد. ئەو لەوێ بوو. بە یارییەکەی ناو گیرفانییەوەو بە خەونێک لەوێ، لای ئاسمان و زەوی.

کاتێک کە گیرا بەردوام خەریکی کایەی ناو گیرفانی بوو. ئەوان شتەکەیان دۆزییەوە.

پێش ئەوەی ماشینەکە لە دەروازەی بینا ئەمنییەکە بپەڕێتەوە، ئەو بۆ دواجار سەیری ئاسۆی کرد، بیری کردەوە کە ئاسۆ لە کاتی ئێوارانادا ڕەنگە جوانترین دیمەنی جیهان بێت.

له ته‌ک سلوليیه‌که‌یدا به‌جێيیان هێشت. ته‌واو ته‌نیا له گه‌ڵ سه‌قفه‌که‌، دیواره‌کان و گڵۆپێکی کز. ئیستا ئیدی هیچ شتیك له گیرفاندا نه‌بوو. گیرفانێکی ته‌واو به‌تاڵ. وه‌ک جاران. به‌ڵام ده‌ستی به‌رده‌وام له‌وێ بوو، ده‌ستێک به خولیا و خه‌ونی کایه‌وه. وه به خه‌یاڵێکه‌وه له شوێنێک له پشته‌وه‌ی دره‌خته‌کانی باغه گه‌وره‌که‌ی شار. بیری له منداڵه‌کان کرده‌وه، له په‌نجه‌ره‌کان، دیواره‌کان و سه‌گه‌که.

کاتێک هه‌تاو وه‌ک تۆپێکی گڕاوی خۆی له پشت ئاسۆدا شارده‌وه، سربازه‌کان له سه‌ر ئه‌و شته بچووکه قسه‌یان ده‌کرد که لێیان گرتبوو. فیشه‌که‌که له نووک و بنیدا خوێناوی بوو. ئه‌وان دڵنیا بوون له‌وه‌ی که ئه‌و یه‌کێک له‌وانه بووه که دوێ شه‌و له شار ته‌قه‌ی کردووه.

ئه‌و له ژووره گچکه و تاریکه‌که‌ی خۆی نه‌یده‌زانی که ئه‌مشه‌و ده‌بێ به شه‌وێکی تاریک، شه‌وێکی یه‌کجار تاریک و درێژ.

10.05.2010

تێبینی: ئه‌م چیرۆکه به نۆروێژی نووسراوه و کراوه به کوردی

**هه‌ر له‌وێیه**

ئەو خانووەی تێیدا لە دایک بووم و گەورە، لە دوو بینا پێک هاتبوو کە حەوشەیەکی بچووک لە نێوانیاندا بوو. بیناکەی پێشەوە نوێتر و ئەوەی دوواوە کۆنتر. سەرتەنوور و تەویلەیەکیش لە بەشی پشتەوەی حەوشەکەدا بوون. بە رۆژا سەربانیژەی تەنوور و تەویلەکە و بیناکەی پشتەوە جێگای کایەمان بوو. تەواوی کاتەکانی خۆمان لەوێ بەسەر دەبرد. چ بانیژەکە و چ پلیکانەکان و چ تەویلە و سەرتەنوورەکە ئەوەندە ئاشنا بوون کە بست بە بستیمان دەناسی. لە درز و قڵش و پەڵە و خۆڵ و وردە زیخەکانیەوە بگرە، تا ئەو شکڵ و سیما سەیر و سەمەرانەی کە دەستی رۆژگار لە سەر دیوارەکان چێی کردبوون و نەخشاندبوونی. هەموو شتێک چەند روون و چەند نزیک و چەند ئاشنا دەهاتە بەرچاو. کاتێک ئێوارە دەهات و زەردەپەڕ بانیژەکەی لە باوەش دەگرت، چەند هەموو شتێک رەنگی ئاڵتوونی دەگرت و، چەند ئێمەیش تێیدا نوقم دەبووین. ئەمە حیکایەتی رۆژانەی ئێمە بوو. بەڵام بە شەو چی؟ کە شەو دەهات، هەموو شتێک تاریک دادەهات و پەردەیەکی رەش وەک چارشێوەکەی بێوەژنی گەڕەکەکەمان شوێنی یارییەکانی دادەپۆشی. هەموو شتێک چەند خێرا ون دەبوو. ئیدی نە سەرتەنوور دەبینرا و نە پلیکانەکان و نە بانیژەکە. تەنیا تارمایی بوو، تارماییەک کە تەنیا بە خەیال و وێنەکانی زەینمانەوە دەبوونەوە بە شتەکانی رۆژ.

بەڵام هەر ئەوە نەبوو. ئەوسا کە درەنگ دەخەوتین و گەورەکانمان جاڕز دەکرد، یان ئەوکات کە ئیدی گەورەکان درەفەتی بینینی ئێمەو بیرلێکردنەوەیان هەبوو، وشەیەک دەهات کە غیرەتی لە بەر پەنجەرە دانیشتنی تێدا دەکوشتین. "شەو لەبان!"گەر نەخەون شەو لە بان دێت. دێت و دەتانبا! ئەم وشەو رستەیە بوو کە ناو جێگا و ژێر لێفەی تەواو لێ خۆشەویست دەکردین. بە پەلە تێی دەخزاین و، لە کاتێکدا هەوڵمان دەدا جوان جوان لێفەکە لە خۆمان بئاڵێنین و بە یەکترەوە بچەسبین، دەخەوتین. ئیتر حەوشە و بیناکەی پشتەوە و گەورەکان بزر دەبوون. بزردەبوون تا بەیانی. کە بەیانیش لە خەو هەڵدەستاین، رۆژ هەر وەک رۆژی پێشوو.

ساڵان تێپەڕین. کە گەورە بووم ئەوجار زانیم شەو لە بان چییە. ساڵەهای ساڵ دواتر. رەنگە نزیک دە ساڵ. شەو لە بان، وشەیەک کە ساڵانی ساڵ تەعبیری من بوو لە حەوشەکەمان بە شەودا و لە خەو. وشەیەک کە کتوپڕ هەرە ئاشناکانی لێ نامۆ کردبووم، ... لێ نامۆ کردبووین. نامۆیەک وەک غەریبەیەک کە قەت نەمبینی بوو و قەتیش دواتر نەمتوانی ببینم، ... ببینمەوە.

هەر ئەو ساڵانە بوو کە من بە بێ ئەوەی بزانم لە کاتی پاییز و زستان و بەهاردا کاتێک دڵۆپەمان هەبوو، یان دەبا بەر بە دڵۆپە بگرین، "شەو لە بانم" گێڕا بوو. ئەم سەر تا ئەو سەری بانی، ... سەر بانەکان. شەو لە بانێک کە گەلێک جار لە کاتی یاریدا لە سەری حەسابوومەوە و یان لە سەری دانیشتبووم و، خەونی منداڵیم دیتبوو. ئەو شەو لە بانەی کە جیهانی منی بە شەودا دەکرد بە جیهانێکی ترسناک. بە بوونێکی ترسناک. ئاە، رۆژ و شەو چەند جیاوازییان هەبوو. شەو لە بانێک کە بە رۆژیش لەوێ بوو، ... "رۆژ لە بان!" وشە دەکرێ چەند هەموو شتێک بگۆڕێ، ... چەند سەیرە!

چیرۆکی شەو لەبان لە دوای گەورە بوونیشم (گەورە بوونمان) هەر کۆتایی نەهات. لە گەڵ گەورە بوون، وشەکانی دی هاتن. وشەکانی خزم و هاوڕێی شەو لە بان. ئەو وشانەی وا کۆڵانەکانی ئەم سەراوسەری کۆڵانەکەی خۆمانیان لێ قەدەغە کردین: "کابرا شێتەکە"، "مەستەکە"، شەڵوار پیسەکە"، هەتیو بازەکە" و .... چەندە ئەو کۆڵانانە بانگیان لێ دەکردین. کۆڵانە سیحراویەکانی ئەو پەڕی خانووە هەمیشەییەکان. حەزی دۆزینەوەو و پشکنینی ئەو کۆڵانانە و ترس چەند لێک ئاڵا بوون. نیگایەکمان لەوێ و نیگایەکمان لە سەر دەرگای ماڵی خۆمان. لە بیرم دێت کاتێک لە گەڵ دایکمان یان باوکمان بۆ شوێنێک دەچووین و لەو کۆڵانە سیحراویانە تێدەپەڕین، چەندە خۆمان لێیان نزیک دەکردەوە. نزیک، یان دەست لە ناو دەستیان، نیگامان هەموو شوێنێکی دەبینی و دەپشکنی. بە سەر هەموو کەلێن و قوژبنێکدا سوڕی دەخوارد، ... نیگاکانی ترس و حەز و دۆزینەوە!

کە گەورەتر بووین، ئەمجار شەو لەبان لە قەوارەی تردا: "خنکان لە چەمدا"، "شەڕە گەڕەک و لێدان"، "خەڵکی ئەو شارانەی وا نەدەکرا متمانەیان پێ بکرێ"، "غەریبایەتی" و .... ئەوجار کێوەکانی دەوری شار وەک پەرژینێک سەیر کردن کە ئێمەی دەپاراست. ئاە، چەند خەونەکان ئەودیوی کێوەکان دەکەوتن و، چەندە بیرمان لەو هەتاوە دەکردەوە کە لە رۆژئاوا ئاوا دەبوو. تۆ بڵێی بۆ کوێ بچێ؟ تۆ بڵێی ئەو خەڵکانەی تر کە ئەم هەتاوە دەبینن، چۆن بن؟

کە یەکجار گەورەتر بووین، دیسان شەو لەبان. ئەمجارە "تفەنگ"، "کوشتن"، "سنوور"، "زیندان"، "خوێن"، "مردن" و .... ئاسمان لە قەراغەکاندا کۆتایی دەهات، بەڵام خەیاڵ دەیگوت ئەو قەراغانە دەستپێکێکی دیکەن. چ هەراسێکی بە لەززەت!

ئیستا خانووەکەی سەردەمی منداڵی نەماوە. دوو بیناکە، حەوشەکە، سەرتەنوور، پلیکانەکان و بانیژەکە بوون بە زەردەپەڕی ئێوارە و لە شەودا ون بوون. تەنانەت شەو لە بانەکەیش! ئەو ژوورەو ئەو لێفەیەی کە لە ترسی "شەو لە بان" خۆمان تێ دەهاویشت و لە خۆمان دەئاڵان، ئەوانیش نەماون. لە مێژە منیش ئەو دیوی کۆڵانەکان و شارەکان و شەڕ و سنوورەکان کەوتووم. ئیستا دنیا ئەو هەسارە پلاستیکیەی سەر مێزی مامۆستاکەمانە کە کاتێک مامۆستا هێنای و پیشانی داین، یەکجار سەرم پێی سووڕ ما. هەسارەیک کە دەمتوانی کە دەتوانم لە دوو لەپی دەستمدا بیگرم و نوقمی کەم! ئەو هەسارەیەی کە منداڵیی من لە لەپی راستیدایە و ئیستای من لە لەپی چەپیدا. بەڵام شەو لە بان هەر لێرەیە. کاتێک لێرە، لە لەپی چەپی دنیادا شەوانە لە بەر پەنجەرە دادەنیشم و لە شەو و جەستەی تۆخی دەروانم، شتێک لە دەروونمدا پێم دەڵێ کە شەو لە بان لەوێیە. لەوێ لە سەر بان. رێک چەند قات بەرەوژوورتر. لە پەنجەرەکە دەکشێمەوەو حەز دەکەم بچمە ناو جێگاکەم. ژێر لێفەکە. لە ناو ئەم دنیا گەورەیەدا کە لە ناو لەپی هەر دوو دەستمدا جێی دەبێتەوە، حەزم بە پەناگای ژێر لیفەکەمە!

لێفەکە لە خۆم دەئاڵێنم. هەناسەی گەرمی خۆم هەست پیدەکەم. بیر لە هەموو شەو لە بانەکان دەکەمەوە. خۆم گرمۆڵە دەکەم. گوێم لە دەنگی دایکمە کە دوای ئەو هەموو ساڵە هێشتا هەر دەگری. هەنسکەکانی چەند گەنجن، چەند نەمر! چاوم لە نیگای باوکمە، دوای ئەو هەموو ساڵە هەر نەترووکاون! ئاە نیگا هەراسناک و ترساوەکانی باوکم!

**کۆڵانی تۆزاوی**

ئەوەتەی لە بیرم دێ، ئەم کۆڵانەی ئێمە هەمیشە تۆزاوی بووە. کۆڵانێکی تۆزگر و تۆزچن، کە ئیتر چیدی تۆزاوی نانوێنێ. تۆز، بۆ خەڵکی گەڕەکی ئێمە بووەتە تەنیا راستیی ژیان. ئێمە حەز دەکەین شتەکان لە ناو تۆز یاخود لە پشت تۆزەوە ببینین. لای ئێمە نە هەتاو لێڵ دەنوێنێ و نە ئاسمان رەنگی هەڵبزرکاوە و نە شووشەکان تەماوین. هەموو شتێک وەهایە کە دەبێ ببێ،... "بوونە تۆزاوییەکان یاخود بوونێکی تۆزاوی."

ئیمە تۆزمان خۆش دەوێ چونکە کێوەکان لە پشتییەوە بە هەیبەتتر دەنوێنن،... چونکە فڕینی کۆترەکان تێیدا دەبێتە شەبەحێکی سەرنجڕاکیش و هەورەکانیش دەبن بەو بوونە لۆکەییانەی کە لە پانتایی ئاسماندا ون دەبن.

بەم پێیە ئێمە بە باران نازانین تا نەبارێ و جەستەی ساردی بەفریش لە سەر کۆڵان و خانووەکان و خۆمان هەست پێناکەین تا بۆ خۆی دانەکا.

لەم کۆڵانەی ئێمەدا هەمیشە "با"یەک هەیە. بایەکی نادیار کە جاری وایە لەوسەرەوە خۆ بە کۆڵاندا دەکا و جاری وایە لەم سەرەوە. من پێم سەیرە کە چۆنە ئەم کۆڵانەی ئێمە قەت تۆزی لێنابرێ. هەست دەکەم تۆزەکە لە گەڵ بایەکە دێ. گەر رۆژێک دەست بدا و پێم بکرێ حەتمەن دەچم بۆ گەڕەکەکی دراوسێمان و لەوێ سەیر دەکەم یاخود دەپرسم بزانم بایەکە پیش سەفەری ناو کۆڵانەکەی ئێمە هەر خۆیەتی یان شتی تریشی لەگەڵدایە. هەڵبەت گەر دراوسێکان لە پرسیارەکانی من دڵ زویر و دڕدۆنگ نەبن. من هەمیشە لەوە ترساوم کەسەکان، ئەوانی تر بە تاونبار بزانن. تەنانەت لە خۆیشم.

ئەم کۆڵانە سەیرەی ئێمە لە کاتی بارینی باران و بەفریشدا هەر تۆز دەکا. وەها کە ئێمە هەمیشە خەریکی خاوێنکردنەوەی ناو خانووەکان و سڕینەوەی تۆزین لە سەر شمەکەکانمان. ئەو شمەکانەی جاری وایە ئیتر بوونەتە خۆڵ و جاری وایشە خۆڵبوون جارێکە خەونێکە بۆیان. خەونێکی دوورەدەست کە پێکەنینیان پێی دێت! من لەم کاتانەدا پیش خاوێنکردنەوەیان بە دزیی دایک و باوکمەوە لێیان دەپرسم کە داخۆ حەزیان بە خاوێنبوونەوەیە یان نا!

هاوینان ئەم سەر تا ئەو سەری کۆڵان ئەو ژنانەن کە گەسک بە دەستەوە بەردەرگاکانیان دەماڵن. بە ئاوپڕژێنی ئەوان، هەوا وەها بۆنی خۆڵ دەگرێ کە من لە بیرم دەچێتەوە خەڵکی کۆڵان و گەڕەکێکم کە بە تۆز ڕاهاتووە. لەم کاتانەدا من لە سەر تاقە حەساری بەر کۆڵانەکەماندا دادەنیشم و بیر لەو ساڵانەی دەکەمەوە کە رەنگە من ئیتر بۆ هەمیشە قەت بۆنی خاکی ئەم کۆڵانە نەکەمەوە. ئەو ساڵانەی وا ئەم ساڵانە تەنیا وێنەیەکی دوورەدەست دەبن تێیاندا و بەس.

هەنێ جار لە کاتی وەڕەزییەکاندا دادەنیشم و لە سەر شووشەکان یاخود سمیتی سەر حەسارەکە بە پەنجە وێنەکان لە سەر تۆز دەکێشمەوە. وێنە تۆزاوییەکان. ئەو وێنانەی کە دەکرێ "با" لە گەڵ خۆی بیانباتەوە، یاخود لە ژێر تۆزە نوێیەکاندا ونیان کاتەوە. بەڵام لای من گرنگ نیە. من تەنیا دادەنیشم و دەیانکێشمەوە. وێنە ون و بزرەکانیش لای من هەر وێنەن. جۆرێک لە وێنە کە رەنگە لە رەسەنترینەکانیش بن. هەر وێنەیەک لای من پێشکەشییەکە بە بوون، کەس یان ڕووداوێک. بۆ نموونە هەتاو پیشکەش دەکەم بە مەرگ، فرمێسکەکان بە روخسارە ونەکان و قەڵەم بە سالەکانی داهاتوو. دایکم لەم کاتانەدا لە پشت پەنجەرەکە دادەنیشێ و دڵی بە حاڵی من دەسووتێ کە بە تەنیا دانیشتووم و بیر لە ساڵە تۆزاوییەکان دەکەمەوە.

شەوانەی ئەم کۆڵانە لە کاتی مانگەشەودا، رەمزاویترین شەوەکانن. مانگەشەوی خۆڵاوی،... مانگەشەوی تۆزاوی. ئەو دەنکە تۆزانەی هەر کامەیان دەبن بە گچکە مانگەشەوێک. بریقە بریقی تۆزەکان. ئەو گچکانەی وا گەورەکانت پێ لەبیردەکەنەوە. من قامکی خەیاڵم هەڵدەبڕم و هەوڵ دەدەم وێنەکانیش لە سەر ئەوان بکێشمەوە. بەڵام وێنەکان دادەبارن و دەنیشە سەر زەوی.

لەم کۆڵانەی ئێمە کەس لە جێ هەنگاوەکان ناترسێ. جێ هەنگاوەکان ناتوانن کەس ئاشکرابکەن. ون دەبن، یەکجار زوو ون دەبن. هەر بۆیە ئەم کۆڵانەی ئێمە هەمیشە پڕی خەڵکی سەیر و سەمەرەیە. خەڵکە نامۆیەکان. ئەوانەی نە تۆ ئەوان دەناسی و نە ئەوان تۆ. بە تایبەت لە کاتی شەودا،... لە کاتی ونبوونی گچکە مانگەشەوەکاندا. باوکم و دایکم دەڵێن بە شەودا چوونەدەرەوە قەدەغەیە. کەچی منیش زیاتر لە هەر کاتێکی تر حەزم بە چوونە دەرەوەی شەوانەیە! من کە ئەو خەڵکانەم بە قەدەر تۆزەکان نامۆ دێتە بەرچاو، بە دایک و باوکم دەڵێم: "خەمتان نەبێ، تۆزەکان لەوان ونم دەکەن."

خەڵکی ئەم گەڕەکە لە کاتێکدا دەکۆکن و هەناسەیان سواردەبێ و غەڵت و بەڵغەم فڕێدەدەن، روو دەکەنە یەکتر و دەڵێن هی ئەوەیە شەربەتەکەمان نەخواردووە،... هی ئەوەیە دکتۆرەکانمان لە بیرکردووە. من کە نە رقم لەم کۆکانەیە و نە خۆشم دەوێن و نە بەزەیشم پێیاندا دێتەوە، بیرلەوە دەکەمەوە کە کەنگێ خۆیشم دەکەومە کۆکە. کەلێن و قوژبنی دیوارەکانی حەوشەکەی ئێمە پڕی دەڵەمەخوێنەکانە. دەڵەمەخوێنەکانی باوەگەورە و دایەگەورە.

جاری وایە لەو دیو تاقەحەسارەکەی بەردەم کۆڵانەکەمان چیلکە و چەوێڵ کۆدەکەمەوەو لە گەڵ لاسیقە کۆنەکان و پەڕۆ رزیوەکان گریان تێبەردەدەم. ئەوانیش بۆنی خۆڵ دەدەن. گڕەکە بۆنی تۆزدەدا. من ئەمە لە کاتی زستاندا دەکەم. هەر گڕێک دەکەمەوە، لای خۆم دەڵێم رەنگە ئەمە دوواگڕ بێت، دوواگڕی ئەمساڵ. دوواگڕی سالەکان. ساڵانی دوواتر، گەلێک دوواتر، من زۆر جار دادەنیشتم و بیرم لەم گڕانە دەکردەوە. ئەو ئاورانەی کە هەر کامیان ئیستا بۆ من دوواگڕ بوون.

مندالەکانی ئەم گەڕەکە لە کاتی یاریکردندا زیاتر لە هەر شتێکی تر حەزیان بە راکردنە. راکردن، تۆزی سەر زەوی دیسان بە حەوادا دەکاتەوە. شتێک وەک دەست تێوەردان لە حەقیقەتێکی ترسناک. منداڵەکان زۆر جار دادەنیشن و بیر لەوە دەکەنەوە کە چ دەبوو گەر وەک چۆن تۆزەکە لەو سەری کۆڵانەوە دێ و خۆ بە ژوورێدا دەکا، هەر ئاوا لەم سەرەوە خۆ لە کۆڵانەکە دەرهاوێ؟ هەڵبەت ئەمە تەنیا بیرکردنەوەیەکە، بیرکردنەوەیەک وەک گەمە، وەک تۆز بە حەوادا کردن لە کاتی یاریدا.

من زۆر بە شەودا، بە نیوەشەوان کاتێک هەموو خێزان خەوتوون و تەنیا تۆز لە حەوشە بووە، باوەگەورە و دایەگەورەمم بینیووە کە روویان لە حەوشێ کردووە و بە دزییەوە دەڵەمەخوینەکانیان کۆکردووەتەوە. لە کاتێکا کۆیان دەکردنەوە، بە گوێی یەکتردا دەیانچرپاند و دەیانگووت: "لەبەر مندالەکانە، لە بەر ئەو، کە حەزی بە گڕکردنەوەو کێشانی وێنەیە لە سەر تۆز!"

جاری وایە تۆز ئەوەندە خەستە کە من وێنەکانی خۆم لە کاتی کێشانەوەیان دا نابینم. لەم کاتانەدا حەزدەکەم روو لە خوشک و براکان یاخود منداڵانی گەڕەک بکەم و حیکایەتیان بۆ بگێڕمەوە. بە تامەزرۆییەوە بە دەورمەوە دادەنیشن و گوێ دەگرن. من دەست هەڵدەبڕم و لە کاتێکا ئاماژە بە پشت تۆزەکان دەکەم، هەوڵ دەدەم باسی ئەوێیان بۆ بکەم. حیکایەتێکی سپی،... بێ وشە و بێ رستە. شەرمەزار لەوەی حیکایەتەکەم هیچ

ڕووداوێکی تیا نیە، بە مەجبوور باسی وێنەکانی خۆمیان بۆ دەکەم. منداڵەکان کە لە یاریی ناو تۆز ماندوون، بە تامەزرۆییەوە گوێم لێدەگرن.

سەرئەنجام ڕۆژێک بڕیاردەدەم وێنەی با و وێنەی تۆز بکێشمەوە. پێکەوە. لە سەر تۆزی سەر پەنجەرەکە یان سەر سمیتی تاقەدیواری کۆڵانەکەمان. یەکەم وێنەیە کە بۆم ناکێشرێتەوە. خۆ بە دەستەوە نادا. شتێک وەک شەبەحی فڕین. بیردەکەمەوە: "چلۆن دەکرێ وێنە لە سەر وێنە بکیشرێتەوە؟" بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لە جیاتی وێنەکیشانەوە، سەیری وێنەکە خۆی دەکەم کە بە بێ کێشانەوە لەوێدایە. ئەو وێنەیەی دەلورێنێ و ڕەنگە لە گەڕەکی دراوسێکەمان جۆرێکی دیکە بێت.

باوەگەورە و دایەگەورە دووای کۆکردنەوەی دەڵمەخوێنەکان، لەوەدا دەمێننەوە لە کوێ فڕێیان بدەن. باوکم دەڵێ بیاندەنە دەست با. دایکم دەڵێ بیاندەنە دەست گریانەکانی من. منیش بیر لە وێنەکانم دەکەمەوە.

شەوێک "با" تەنیا تۆز لە گەڵ خۆی ناهێنێ، بەڵکوو دەنگێکیشی لە گەڵدایە. دەنگێک وەک وێککەوتنی شتە وردەکان. جوان گوێ هەڵدەخەم. من کە پێم وابوو تەنیا دەبێ وێنەکانم لە یاددا بمێنێ، تێدەگەم کە دەبێ دەنگەکانیش لە گەڵم ڕێبکەن. ئەو دەنگانەی کە نابن بە وێنە. لەمە بەدووا خەیاڵی من ئەمەیە کە دەنگەکان چلۆن دەمێننەوە.

بیر لەوە دەکەمەوە گەر ڕۆژێک بێت و ئەم تۆزە لەم کۆڵانە ون بێت، ئێمە چۆن ژیان دەکەین. ڕۆژێک تێیدا ئیتر کەس ناو ماڵ خاوێن نەکاتەوە، بەردەرگا گەسک نەدا و وێنەکانی دەورووبەریش ئەوەندە ڕوون ببنەوە کە چیدی کێوەکان بە هەیبەت نەنوێنن و فڕین نەبێ بە شەبەح. ئەم بیرە ئەوەندە بێ تاقەتم دەکا کە هەڵدەستم و دیسان لە سەر تۆزەکان دەست دەکەمەوە بە کێشانەوەی وێنە،... وینەی هەتاو، وێنەی فرمێسک و وێنەی قەلەم.